# مەلا ئیدریسی بەدلیسی

## رۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا


نووسینی :

حەسەن مەحمود حەمەکەریم



1429 کۆچی 2008 زایینی

ناوی کتێب: مەلا ئیدریسی بەدلیسی، رۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکانا

نووسینی: حەسەن مەحمود حەمەکەریم

ژمارەی سپاردن: (49) ساڵی (2008)

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: 2008

نەخشەسازی بەرگ: فازل قەرەداغی

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (31)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك

### بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

### پێشەکیی

کوردستان لەمێژووی دوور و درێژیدا زۆرجار کەوتوەتە نێوان دوو زلهێزەوە یان زیاتر، ڕێڕەو بووە بۆ لەشکرکێشی ئیمپراتۆرەکان بۆ سەر ولاَتێکی تر، یان شەڕگەی شەڕکەران بوە، هەر هێزێك شكستی خواردبێت، لە چیاكانی كوردستان خۆی شاردووەتەوە..

ئەم جەنگانە كاریگەری ناجۆری لەسەر باری ئابوری و سیاسی و كۆمەلاَیەتی و دەرونی كورد بەجێهێشتووە، خراپ بەسەریدا شكاوەتەوە..

ئەگەر سەربوردێكی خێرای مێژووی كورد بكەین، هەر لە هەزارەكانی پێش زایینەوە, هەتا بەئەمڕۆ دەگات, شالاَوی هێرش و لەشكركێشی و پاشەكشەی هێزەكان بەناو كوردستاندا دەبینرێت، هەر لە سۆمەر و ئەكەد و بابلیەكانەوە، هەتا فیرعەونی و ئاشوری و ئورارتۆو سەكسی و حسی ولیدیەكانەوە، هەتا دەگاتە یۆنان و مەكۆنیو ڕۆمەكان، پاشتریش بۆ سەردەمەكانی هەخامەنشینی و ئەشكانی و سلوقی و ساسانیەكانەوە، تا دەگاتە فتوحاتی ئیسلامی و سەردەمەكانی ئەمەوی وعەباسی وعوسمانیەكان، بە هێرشی تەتەر و مەغۆل جەنگیزخان و هۆلاكۆ و تەیموری لەنگ و ئیلخانی و جەلائری و ئۆزبەگی و ئەفشاری و تەیموری و سەفەوی و قاجاریەكانەوە، بەسەدەی نوێو ئیمپریالیستە ڕوسی و هەلگیرسێنەرانی جەنگە جیهانیەكانی یەكەم و دووەمی سەرەتای سەدەی بیست, هەتا جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە كۆتایی سەدەی پێشوەوە , هەتا نوسینی ئەم بابەتەش هێرشی ئەمریكا و هاوپەیمانەكان (خاچپەرستان) بۆ كوردستان و ناوچەكە هەر بەردەوامە.

هەموو ئەمانە یان شەڕەكانیان هێناوەتە خاكی كوردستان، یان كوردیان داوە بەگژ لایەنێكی تری دژی خۆیان، یان كورد كراوەتە سپەری هێزێكی تر، یان وەك پالَەپەستۆ لەسەر لایەكی تر وەك وەرەقەیەكی هەرزان سەودایان لەسەر كردوە. ! !

لە هەموو ئەم حالَەتانەدا بەشی كورد زۆر خراپ بووە، هەر نەگبەتی و مالَ كاولی و گواستنەوە و ڕاپێچ و قەتلَ و عام و تالاَنی بەركەوتووە.

یەكێك لەو ئەلَقە نەگبەتیانە، جەنگی نێوان عوسمانی و سەفەوی بوو، كە كوردستانی بۆ جارێكی تر گرتەوە، ئاسەوارێكی خراپی وای بۆ جێهێشت كە هەتا ئەمڕۆش دەستی لەیەخەی كورد بەرنەداوە.

ئەوەی لەم باسەدا زەق دەكرێتەوە و دەوترێتەوەو بەجۆرەها مەبەست لەسەری دەنوسرێتەوە, هۆی بەشداریەكانی كورد لەو جەنگەداو ڕۆلَی سیاسەتمەداری ناوداری كورد (حەكیم ئیدریسی بەدلیسی)یە.

لەگەلَ ئەوەی كە پێنج سەد سالَ بەسەر جەنگی چالَدێرانی 1514دا گوزەری كردوە، لێكۆلَەروان لەو بارەیەوە نوسیویانە و توێژینەوەی لەسەر دەكەن و بەردەوامیش بە جۆرەها شێوە لەسەری دەوترێت و دەنوسرێت و بلاَودەكرێتەوە.

هەر وەك چۆن بە زۆرداری لەسەر مەلای خەتێ نوسرا و بەتاوانبار و خائن و میللەت فرۆش و ئەبو ڕوغالی كورد لەقەلَەم دەدرا. بەلاَم هەولَی لێكۆلَەرەوان و مێژوونوسانی بێلایەن و بەئینساف هەر خەریك بوون و بە دوای ڕاستیەكاندا وێلَ بوون، زۆر لە ڕوداوەكانی ئەو سەردەمانەیان دۆزیەوە و، سەرچاوەكانی وولاَتانی دەوروبەر و دراوسێیان هەلَدایەوە، لایەنی شاراوەی دەرخرا و پەردە لەسەر ڕاستیەكان هەلَمالَرا، هەروەك دلَسۆزی و پاك ڕەفتاری مەلای خەتێ ئاشكرا بوو، خەریكە چاكە خوازی و مەزنی حەكیم ئیدریسیش وەدەردەكەوێ.

زۆر کەس پەلەی کرد و کەوتە هەڵەوە، هەش بوو تیا ڕاماو وەستا و داوای کرد پیاچونەوەی وردتر و زیاتری لەسەر بکرێ و کوێرانە حوکمی نەدرێ و دادگایی غیابی نەکرێت، بەتایبەت ئەو قۆناغە ئاڵۆز و گران و ئاڵۆسکێنراوەی ئەو سەردەمەی کە جەنگەکەی تیا ڕوی داوە لەبەرچاو نەگیرا.

منیش لەلای خۆمەوە، لەگەڵ کەمی سەرچاوەو ئاڵۆزی بارودۆخی قۆناغەکەدا، دەمەوێ لەو باسە بکۆڵمەوە، وای بە باش دەزانم یەکسەر نەچمە سەر جەنگی چاڵدێران و ڕۆڵی ئەو زانا بە ئەزمونە کوردە، ئەوە سەیرکردنێکی دورا و دور دەبێ و ڕوداوەکە ڕون ناکاتەوە. دەگەڕێم بەدوای ڕەگی ڕوداوەکان و دۆزینەوەی سەرەداوەکانی هۆی هەڵگیرساندنو فاکتەری سەرەکی هاوکێشەکان، لەگەڵ دۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و نەتوانایی میرە کوردەکان، کە هەندێجار هەوڵیانداوە چاکترین ڕا هەڵبژێرن کە سودی زیاتری بۆ دەسەڵات و میرنشین و کوردانی ئەو سەردەمە هەبێت.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەسەردەمەکە و لێك ئاڵانی گرفت و هاوکێشەکان, چاك وایە سەربوردێکی خێرا بەسەر هەڵدانی هەردوو دەسەڵاتی (عوسمانی و سەفەوی) دا بکەین و، هەڵوێست وبارودۆخ و سیاسەتی میرنشینە کوردەکان بزانین کە کەوتبونە نێوان ئەو دوو زلهێزەوە.

ئەمانە زیاتر باسەکە لە زەینی خوێنەر نێزیك دەکاتەوە، بەرچاوی ڕۆشنتر دەکات و، وردتر بۆ هاوکێشەکان دەڕوانێت. کە بەڕای من ئەوە نزیکترین شێوازە بۆ یارمەتیدانی خوێنەر, هەتا بەچاوی خۆی ببینێ و هەڵبسەنگێنێ و, حۆی بڕیارێکی دروستی لا گەڵاڵە ببێ..!!

## سەربوردێکی خێرا بەڕەگەزی عوسمانیەکان و سەفەویەکان

### ڕەگەزی عوسمانیەکان

هەندێك لە مێژوونوسان لایان وایە ڕەگەزی تورك بەتەواوی ڕون نیە، بەلام ئەوگەلانەی لە باکوری ڕۆژ هەلاتی (ئۆراسیا) نزیك دارستانەکانی سیبریا دەژیان، پاشتر بەرەو ناوچەی گۆمی ئوراڵ و بالکاش کۆچیان کردووە و مەترسیان بۆ سنورەکانی چین دروست کردووە. ئەوانە تورك بوون..[1]

چینیەکان بەربەستێکی 1250میلیان لەبەردەم هێرشی ئەو هۆزە درانەدا دروست کردبوو[2]، لە قەفقاسیش ئاسەواری بەربەستێکی گەورە هەیە لە ئاسن[3]، بۆ ڕێگرتن لە هێرشی هۆزە دڕندەکانی سیبریا کە بە سەدی یەئجوج و مەئجوج ناودارە و زۆر پێش زاین دروست کراوە و ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی 332پ.ز بینیویەتی[4] و لە قورئانیش دا باسی هاتووە.[1] لە چەند فەرمودەشدا هاتوە کە تورك و هۆزەکانی یەئجوج و مەئجوج لەنەوەی یافث کوڕی نوح پێغەمبەرن.[2]

---

1 الامبراطورية العثمانية، سعيد احمد برجاوی، ص 15–18.

2 کورد و باکوری کوردستان، مامۆستا ڕەسوڵ هاوار، لا109، چاپی یەکەم 2000 سلێمانی.

3 شخصية ذی القرنين، ابو كلام أزاد، لا120، ترجمة الى الكردية ابراهيم عمر، 1967.

4 الاسكندر المكدونی، هارولد لامب، ترجمة عبد الجبار المطلبی، ص296، بغداد 1965.

باسی ئەوە دەکات کە ئەسکەندەر شەو لەو ناوچەیە دەبێت لە ڕۆژئاوای دەریای قەزوین، تورکە کۆچەریەکان شەو ئەسپەکەی (بیوکیفالس) دەدزن، ئەسکەندەری مەکدۆنی سوێند دەخوات، کە ئەگەر نەیهێننەوە هەموو ڕەشماڵ و دەوارەکانیان دەسوتێنێ ..

له باكوری كێوه‌كانی هیمالایا له ناوچه‌یه‌كی وشكی كه‌م ئاودا تورك و مه‌غۆل هه‌بوون، ناوچه‌یه‌كی گه‌رمی بێزاركه‌ر، له‌وه‌ڕی زوو كۆتایی ده‌هات. ئه‌و دۆخه ناهه‌مواره وای كردبوو، كه هێرشی خێڵ و هۆزه كۆچه‌رییه‌كان زۆر سه‌خت و خوێناوی بێت، هه‌ندێ جار یه‌كیان گرتووه و به‌ره‌و ده‌شته له‌وه‌ڕ و ئاوداره‌كان كۆچیان كردووه، به‌تایبه‌ت بۆ ڕۆژ ئاوا خواروی ئاسیا.[3]

توركه‌كان به پێی ڕه‌گه‌زی له‌یه‌كچوونی وشه‌كان، بنه‌چه‌و ڕه‌گه‌زی خۆیان ده‌به‌نه‌وه سه‌ر هۆزی ﴿هۆن – قۆن﴾ كه له بنه‌چه‌ی (شانغ یه‌نغ)ن، له باكوری چین دا بوون، سه‌ده‌ی 28پ.ز سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنیان بووه[4].. هه‌موو تورك ده‌برێته‌وه سه‌ر سێ كۆمه‌ڵی له‌یه‌ك نێزیك، كه (مه‌غۆل و تورك و تونغوز)ن، هه‌ریه‌كه‌شیان لقێكن له ڕه‌گه‌زی ( تورانی). بۆ یه‌كه‌مین جار نوسه‌ره‌كانی چین ناوی توركه‌كانیان به (توركیو) ناوبردوه، كه وشه‌یه‌كی مه‌غۆلیه. هه‌ر له سه‌ده‌ی چواره‌می پێش زاینه‌وه ده‌ست درێژیان كردووه‌ته سه‌ر ووڵاتی چین، له سه‌ده‌ی شه‌شه‌می زاینیدا ئیمپراتۆریه‌تێكی توركیان له نێوان مه‌نغۆلیاو ئێراندا دامه‌زراندووه. هه‌ڵكه‌ندراوه‌كانی ﴿ئارخون﴾ به‌یه‌كه‌م نه‌خشی هه‌ڵكه‌ندراو داده‌نرێت.[5] كه باس له‌وان ده‌كات.

سه‌رچاوه چینیه‌كان ده‌ڵێن توركه‌كان به‌ر له‌سه‌ده‌ی شه‌شه‌می زاینی بریتی بوون له‌چه‌ند خێڵێكی كۆچه‌ری له سنوری چیندا به‌دوای له‌وه‌ڕگادا ده‌گه‌ڕان. جارێك عه‌شیره‌تی (تومان) ی تورك خێڵه‌كانی تری توركی یه‌كخستووه و ده‌ستی به‌سه‌ر ئاسیای ناوه‌ڕاستدا گرتووه‌و، بوه‌ته هاوكاری ئیمپراتۆریه‌تی (تۆپای) چینی له ناوه‌ڕاستی سه‌ده‌ی شه‌شه‌می زاینیدا، هه‌روه‌ها له‌سه‌ده‌ی ده‌هه‌مدا بێزه‌نتیه‌كان له نوسینه‌كانیاندا ناوی توركیان هێناوه‌و، ڕوسه‌كانیش پێیان ووتون (توركی)، به‌ڵام ئه‌وروپیه‌كان وشه‌ی توركیان هه‌ر بۆ سه‌لجوقیه‌كان به‌كار بردووه، وه عوسمانیه‌كانیان به ڕه‌گه‌ز بردوه‌ته‌وه سه‌ر غوزه‌كان، توركه‌كان به شێوه‌یه‌كی پچڕ پچڕ و تیره تیره هاتوون، سه‌ره‌تا غوزه‌كان پێشه‌نگیان بوون كه 24 تیره‌و هۆزبوون، هه‌ندێك پێیان وایه كه عوسمانیه‌كان له تیره‌ی (قایی)ن كه به‌شێكن له غوز، به‌ڵام پرۆفیسۆر ﴿ویتنك﴾ لای وایه عوسمانیه‌كان جیان.[6]

له نێوان دوو زنجیره چیای سه‌ختی (تیان شان تای) له باكورو (هیمالایا) له باشوردا ناوچه‌ی توركستان و مه‌نگۆلیا هه‌یه، به‌رزی و سه‌ختی ناوچه‌كه وای كردووه ئاووهه‌وای گران و نالهبار بێت، هاوینی گه‌رم و بێزاركه‌ر، زستانی وشك و سارد و زوقم و بارانی كه‌م، هه‌رزوو بێ بارانی و ووشكه ساڵی ده‌ست پێده‌كات، ئه‌مه وای كردووه سێ بیابانی گه‌وره دروست ببێت، دوابه‌دوای ئه‌م دۆخه هێرشی هۆزه كۆچه‌رییه‌كان به‌دوای له‌وه‌ڕدا سه‌خت و خوێناوی ده‌بێت. كه‌می له‌وه‌ڕگا ئه‌و هۆزه

---

1 القرأن الكريم، سورة الكهف، (قَالُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجاً عَلَى أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدّاً) (الكهف: 94).

2 في رواية ترمذى، مسند امام احمد، ج5، ص8. قال النبى (ﷺ): (سام ابو العرب و حام ابو الحبش و يافث ابو الروم).

وه له ڕیوایه‌تێكی تردا كه له (طبقات ابن سعد، ج1، ص42) و (تأريخ الطبري، ج6، ص106)دا هاتووه پێغه‌مبه‌ر فه‌رمویه‌تی: (ولد نوح ثلاثة، سام و يافث و حام، و ولد كل واحد من هذة الثلاثة ثلاثة، فولد سام العرب و فارس و روم، و ولد يافث الترك و السقالية و يأجوج و مأجوج، و ولد حام القبط و السودان و البربر).

3 المغول، د. السيد باز العريني، ص28–29.

4 خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، محمد امين زكى، ص58، قاهرة 1961.

5 كورد و باكوری كوردستان، لا110.

6 تأريخ عسمانى از تشكيلات دولت تا فتح استنبول، بروفيسور اسماعيل حقى ئوزون، ج1، ص115–119، تهران 1368ك.

درندانەی یەك پێگرتووەو، بەرەو دەشتە ئاودارو خاوەن لەوەڕەكان هێرشیان كردووە، بەتایبەت بۆ ڕۆژ ئاواو خواروی ئاسیا.[1]

(ئەو هۆزانە ئەوەندە لەوەڕیان نەبووە بەشی بەرزە وولاخەكانیان بكات، ناچار بە گژیەكدا چون، بەتایبەت ناوچەی مەنگۆلیا ژمارەی بەرزە وولاغی لە ژمارەی دانیشتوانی زۆرترە).[2]

هەمیشە كەش و هەوا ژیانی خەڵك و كۆچەریەكانی دیاری كردوە، كەمترین گۆڕان, باری ژیانیان بەلای خۆیدا دەگۆڕیۆ سنوریان دیاری دەكات، كە وشكە ساڵی داهات, ناچاردەبون هێرشی خێراو جەرگ بڕیكەن و دابەزنە ناو دەشتەكان، چونكە سروشتی ژیانی ئەوان یەكپارچە قوتابخانەی سەربازی بوو، ڕاهاتبوون لەسەر برسیەتی و ماندووبون، هۆزێك هێرشی دەكرد و دادەمەزرا، پاشان هێزێكی تر دەچوو تەنگی بە هۆزی پێشو هەڵدەچنی. لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا، هۆزی توركی (توبا) پەلاماریان داو دەسەڵاتی توركە (هۆن)ەكانیان لەناو برد، هۆزی (خەتا)ی مەنگۆلی شارستانی چینیان لەناوبرد وپاشان هۆزی (تونجور) پەیدابوو (خەتا)یان دەركرد و خۆیان دامەزراند. جارێ تر هۆزی (هۆن) ڕوسیا و مەجەڕیان گرت و ئیمپراتۆیەتێكیان دروست كرد، پاشان هۆزی (ئاڤار —جوان جوان) لە سەدەی پێنجەمدا هاتن و ئەوانیان لەناو برد، پاشان هۆزی (توكیوی) توركی لەسەدەی شەشەمدا، ئویغوری لەسەدەی حەوتەمدا، (خەتا) لە سەدەی دەهەم و (كرایت) لە سەدەی دوانزەدا، یەك لەدوای یەك و بەهەمووﻻدا بەردەوام هێرشیان دەكرد.

بۆ یەكەم جار توركە غوزەكان ئیمپراتۆریەتێكی مەزنیان دروست كرد لە باكوری چین، لە مەنگۆلیاوە تا دەریای ڕەش لە 552ز – 618ز حوكمیان كرد. باسی ئەو ئیمپراتۆرە لە نەقشی ئەرخون لە مەنگۆلیا تۆمار كراوە.[3] ئەم هێرشانە تا سەدەی دوانزەهەم بەردەولم بوو، هەتا جەنگیزخان هێرشی كردو دەوڵەتی عەباسی لەناو برد, پاشان عوسمانیە توركەكان جێیان گرتنەوە.[4]

بەو جۆرە باكوری ئاسیای ڕۆژهەڵات بووبویە جبەخانەی هێنانە بەرهەمی هۆز و نەتەوە و گەل، هەرچی شاڵاوی درندانە هەبوو لەوێوە دەهاتن. هۆزەكان ئەوەندە زۆر بوون، جێیان نەدەبویەوە، شانە خرێیان بوو لەسەر ژیان و لەوەڕ، ناچاردەبوون بۆ شوێنانی تر كۆچ و شاڵاویەرن.

### تورك لە سەردەمی ئیسلامدا

كە ئاینی ئیسلام هات, لە سەردەمی خەلیفە عومەردا موسوڵمانەكان بەو ناوچانەدا بلاوبونەوە، بە سەركردایەتی (قوتەیبەی كوڕی موسلیم) گەیشتنە ئەوبەر ڕوباری جەیحون. ئیتر دەرگا واﻻبوو كە بەبێ شەڕ و بە كۆمەڵ كۆمەڵ بەناو وولاتی بەرفراوانی ئیسلامیەدا بەدوای ژیاندا بچن، بۆ كوێ ئارەزویان دەكرد دەیگەیشتنێ، چونكە موسوڵمان بووبوون، لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا تورك لەدەوڵەتی ئیسلامیدا گەیشتە پلە و پایەی بەرز، (زەیدی توركی) كرایە والی هەمەدان، پاشان موسڵ. (حەمادی توركی) بەشداری كردووە لە دروست كردنی شاری بغداددا. ساڵی (1029ز–420ك) توركە غوزە بت پەرستەكان هێرشیان كردە سەر ڕۆژ ئاوای ئاسیا و باكوری ئێران. كوردەكان بەریان لێگرتن. ساڵی (1037ز–

---

1 المغول، د. السيد باز العريني، ص5–9.

2 كورد و باكوری كوردستان، لا147.

3 المغول، د. السيد باز العريني، لا28–29.

4 هەمان سەرچاوە، ص6–15.

429ك) جارێ تر هێرشیان هێنایەوە و تا شاری (مەراغە) گەیشتن و، خراپیان بە هۆزی کوردی (هزبانیە) کرد[1]. کوردەکانی ئەو ناوچانە یەکیان گرت و غوزەکانیان شکاند[2]. سێ بارە غوزەکان هێرشیان کردەوە سەر ئەرمینیا و ئازەربایجان و کوردستان و تالانیەکی زۆریان کرد، ساڵی (1040ز–432ك) کوردەکان بۆیان کۆدەبنەوەو خراپیان پێدەکەن و ناوچەکانیان لێدەستێننەوە.

بەڵام غوزەکان (تورك) وازناهێنن، ئەمجارە لەگەڵ سوپای توغرول بەگ دێنەوە وەتا جزیرەی ئبن عومەر و بۆتان و دیاربەکر و موسڵ کاول دەکەن[3]. ئەمە لە دوا قۆناغەکانی لاوازی دەوڵەتی عەباسیدا بوو، بەتایبەت لە سەردەمی دوا خەلیفەی عەباسی (القائم بأمر الله – عبد الله بن احمد القادر 422–468ك) لەو کاتەدا (ئەبو حارس ئەرسەلانی تورکی بەساسیری) کە یەکێك بوو لە موالیەکانی بەنی بوەیهی، زۆر خوێن ڕێژ و ترسناك بوو، عەقیدەی خراپ بوو، لە نانەوەی فێلێکدا ویستی خەلیفە بگرێ و خەلافەتی عەباسی لەناو ببات، خەلیفەش نامەی نوسی بۆ توغرول بەگ (ئەبا تالیب محمد کوڕی میکائیل کوڕی سەلجوق) سوڵتانی تورکە غوزەکان بوو لە شاری (ڕەی) لە باکوری هەمەدان، خەلیفە داوای کرد هێرش بهێنێ و بەساسیری تورکی لەکۆڵ بکاتەوە, توغرول بەگ هێرشی هێنا و لەڕێگە ماڵی بەساسیری ئاگرداو، پاشان ڕوی کردە بغداد، خەلیفە ڕێگەی دا بێتە بغداد, لە 447ك دا خەریك بوو لە نێوان خەلیفە و بەساسیریدا دەتەقیەوە، بەڵام بەهاتنی توغرول بەگ بەساسیری شاری بغدادی چۆڵ کرد و چوە موسڵ و نامەی بۆ ئەمیری میسر (مستنصری عەبیدی) نارد کە بەیعەتی پێدەکات ئەگەر سوپای بۆ بنێرێت بچنە سەر بغداد، بەڵام (مستنصر) بڕوای پێی نەبوو، بۆیە تەنها سوپای شامی بۆ نارد لەگەڵ پارە و یارمەتی تردا، وە بەساسیری توانی فیتنە بنێتەوە لە نێوان توغرول بەگ و (ئیبراهیم یەناڵ)ی برای دایکی و وای لێکردن ئیبراهیم تەماع بکاتە جێگەی براکەی، توغرول بەگ بەشەڕی براکەیەوە خەریك بوو، بەساسیری ئەوەی بەهەل گرت, هێرشی کردوو لە ساڵی 450ك دا چوە ناو بەغداد ئاڵای میسریشی لەگەڵ بوو, شەڕ لەناو شار ڕویدا و خوتبە بەناوی مستنسری عەبیدی حاکمی میسر دەخوێندرایەوە. بەساسیری خەلیفەی عەباسی گرت و گواستیەوە بۆ شاری (عانە) و بەندی کرد. توغرول بەگیش ئیبراهیمی برای کوشت و ڕوی کردەوە بەغداد و ساڵی 451ك چوە ناوی, بەساسیری کوشت و خەلیفەی گێڕایەوە. خەلیفە کچەکەی خۆی لە توغزول بەگ مارەکرد ساڵی 454ك. پاشان گێڕایەوە بۆ شاری (ڕەی) و لە ڕەمەزانی 455ك لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا مرد.

### دەوڵەتی سەلجوقی تورك

سەلجوقیە تورکەکان لاوازی دەسەڵاتی بوەیهیەکانیان بەهەلزانی, خۆیان کۆکردەوەو برەویان پەیداکرد، سنوریان فراوان کرد، دەسەڵاتیان هەموو دەوڵەتی عەباسی گرتەوە، بەلێشاو تورکی غوز و تورکستان و خوارزمی دادەبارینە ناو دەوڵەتی ئیسلامیەوە, هەموو دام و دەزگایەکیان گرتەوە. سەلجوقیەکان لە ساڵی 447 کۆچیەوە حوکمی بغدادیان کرد، هەتا ساڵی 659ك کە هۆلاکۆ بەغدادی داگیر کرد[4].

---

[1] خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، محمد امين زكى، ص136.

[2] الكامل في التأريخ، ابن اثير، ج9، ص145.

[3] كوردستان و موكريان (ئەترو پاتين)، حسين حوزنى موكريانى، لا91، رواندوز 1938.

[4] التأريخ الاسلامي، محمود شاكر، ج6، ص201–202.

سەلجوقیە تورکە غوزەکان درێژەیان بە قۆناغی دووەمی دەوڵەتی عەباسیدا، پاشان ئەمانیش لاواز بوون. کێ بەرکێی نێوان شیعە و سوننە خواردبونی، لەولاشەوە هێرشی خاچ پەرستان ماندوی کردبوون، هەر بۆیە بون بەجێی تەماعی هۆزی مەغۆل و تورکەکان و سەلجوقیەکانیش لەناو چوون.

## هێرشی تورکە مەغۆلەکان بەرەو جیهانی ئیسلامی

پاشان هێرشی تورکە مەغولەکان دەستی پێکرد، لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزەهەمی زاینیدا، شیرازەی هۆز و تیرەکانی باکوری چین پچڕایەوە، کەسێکی دەویست کۆیان کاتەوە، کەسێك هەندێك هۆزی کۆکردەوە، دوای ئەو (قیدو)ی کوری سنوری فراوان کرد، پاشان (کایل)ی کورەزای هات و پاڵە پەستۆی خستە سەر سنوری چین، دوای ئەویش (سیوکای) کوڕەزای بویە (خان) و جەنگی تەتەر و چینی کرد، دوای ئەو (تیموجین)ی کوری هات، لەبەر ئازایەتی ناویان نا (جەنگیزخان)، سنوری فراوان کرد، هەردوو چینی باکور و باشوری داگیرکرد، شاری (قراقورم)ی کردە پایتەخت[1]. پاشان ڕووەوڕۆژ ئاوا هێرشیان کرد، گاور و خاچ پەرستانی ئەوروپا نامە و نوێنەریان نارد و داوایان لەمەغۆل کرد هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی عەباسی دەوڵەمەند و تەماعیان دەخستنە بەردەم و هانیان دەدان[2]. ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتی خوارزمی و عەباسیدا هەبوو، ئەمەش لە بەرژەوەندی مەغۆلەکان بوو، زۆربەی هۆزە تورکەکانی باکوری چین سوپای مەغۆلیان پێکهێنابوو، جەنگیزخان ناونوسی کردبوون، جەنگیزخان 200 هەزاری کۆکردەوە و زۆر ئاسان ئیمپراتۆریەتی خوارزمی داگیرکرد, محمد خوارزم شا هەڵهات و بەداخ و خەفەتەوە مرد[3]. بوخارا و سەمەرقند و جۆرجیا و ئەرمینیا و کوردستان و قەفقاز و ئالان و ڕوسیایان تالان کردو شارەکانی سوتان و سەدان هەزاری لەخەڵك کوشت. پاشان سوپای نارد بۆ کوردستان و گەمارۆی ئەربیل (هەولێر)ی دا، بەڵام شارو قەڵاکە بەیارمەتی خەلیفەی عەباسی لەهێرشی مەغۆل رزگار بوو[4]. جەنگیزخان لە 1227ز دا مرد، پێشتر وڵاتەکەی دابەش کردبوو بەسەر چوار کوڕەکەیدا کە ناویان ﴿جوجی ـ جغتا ـ تولوی ـ ئوغتای﴾ بوو، کوردستان و ئێران و عێراق و شام بەر تولۆی و منداڵەکانی تولۆی کەوت. تولۆی مرد و مانکوی کوری تۆلۆی بویە خانی مەزنی مەغۆل کە برای هۆلاکۆ بوو، مانکو و هولاکو مەیل و سۆزیان لەگەڵ فەلە و خاچ پەرستان هەبوو، ئەوانیش هانیان دەدان بۆ هێرش کردنە سەر دەوڵەتی عەباسی[5].. لەولاشەوە بنەماڵەی (بەرکە) یەکێك لە ئامۆزاکانی هۆلاکو کە ناوچەکانی باکورو ڕوسیایان بەرکەوتبوو موسوڵمان بووبون, داوایان لە هۆلاکۆ کرد پەلاماری بغداد نەدات, بەڵام هۆلاکو و مانکۆ لەسەر هێرشەکانیان سوربوون، (بەرکە) کوڕی باتوی ئامۆزای هۆلاکۆ چەند پەلامارێکی هۆلاکۆی داو لە ناوچەی قەوقازەوە خراپ شکاند[6]. مانکۆخانی مەزنی مەغۆل نامەیەکی بۆ هۆلاکو ناربوو کە گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی ﴿طقزخاتون﴾[7] ژنی هۆلاکو بگرێ[1]. لەولاشەوە مەزنترین سەرکردەی هۆلاکۆ (کتبغا) بوو، کە فەلە بوو زۆر دژی موسوڵمانان بوو نەخشەکانی خاچ پەرستانی لە شام و عێراق جێبەجێ دەکرد.

---

[1] المغول، ص108.

[2] التأريخ الاسلامي، محمود شاكر، ج6، ص345، ط5، بيروت1991.

[3] المغول، ص120–124.

[4] التأريخ الاسلامی، ج6، ص361.

[5] المغول، ص185–191.

[6] التأريخ الاسلامي، ج7، ص136.

[7] طقز خاتون ژنی یەکەمی هۆلاکۆ، کچەزای (وانج خان) پاشای کرایت بوو کە فەلەی نەستوری بوون نوێنەرە فەلەکانی ئەوروپا هەمیشە لە هات و چۆ و دیاری قورس دابوون بۆ ماڵی طقز خاتون و هانیان دەدا دژی موسوڵمانەکان..

پاشان مانكو نامەیەكی تری بۆ هۆلاكۆ نارد كە خۆی ڕزگار بكات لە هەردوو ئەمارەتی ئیسماعیلە لە مازەندەران و خەلافەتی عەباسی لە بغداد، داواشی كربوو شام بگرێت. ساڵی 1256ز هۆلاكۆ ئیسماعیلیەكانی خراپ لەناو برد. عەباسیەكانیش چونكە لەناو بەغدادا ناكۆك بوون و شیعەو سوننە پەلاماری یەكیان دەدا، معتەصەم خەلیفەیەكی لاواز بوو، ئەیوبیەكانی میسر ناكۆك بوون، لەم كاتانەدا موئەیەدەدین عەلقەمی كە وەزیری عەباسی وشیعە مەزهەب بوو، لە دژی سونیەكانی ناو بەغداد لە فیتنەو هەرادابوو، لەگەڵ فەلەكان دەستی تێكەڵ كردبوو، نامەیەكی بە براكەی خۆیدا نارد بۆ هۆلاكۆ و تەماعی خستەبەر كە شاری بغداد بێ بەرگریەو، ئاڵتون و سامان و مجەوهەراتێكی زۆر لە كۆشكی پاشایاندا خڕبوەتەوە, ئەوانیش بە ژمارەیەكی زۆرەوە، بەیارمەتی هەندێ لە میرە موسوڵمانەكانی ناوچەكە پەلاماریاندا.[2] هەرچەند بەركەخان هەرەشەی لە هۆلاكۆ كرد، بەڵام هەر پەلاماری شاری بغدادی دا وكاولی كرد و خەلیفەی كوشت و داوای لە سوپاكەی كرد تاچل ڕۆژ بە كەیفی خۆیان تاڵان و بڕۆو تەعدا بكەن[3] پاشان هۆلاكۆ ئیبن عەلقەمی شیعەی بەسەر بغدادەوە دانا[4]. ئەنجا كتبغای سەركردەی فەلەی ناردە سەر شام و هەموو شارەكانی داگیر كرد و هەزاران لە خەڵكەكەی كوشت، بەڵام بەهۆی چەند نامە گۆڕینەوەیەكی ممالیكە میسریەكان بەسەركردایەتی (قطز) لەگەڵ بەركەخان ئامۆزای هۆلاكۆ لە ڕوسیا، سوپای میسری هێرشێكی گەورەی كردە سەر شام و شەڕی عەین جالوت ڕویدا لە (658ك–1260ز) مەغۆل شكا و كتبغا كوژرا و هەموو شام سەنرایەوە و قەتڵ و عامی ئەو فەلانەی شام كرا كە یاریدەی مەغۆلیان دابوو.[5]

هۆلاكۆ وازی لە شام هێنا و ڕوی كردە (بەركەخانی) ئامۆزای لە باكوری دەریای خەزەر و چەند شەڕێكی قورس ڕوویدا هولاكو شكا. ئەم داخ و شكستیە بویە هۆی مردنی هۆلاكو لە 1265ز. دا, زۆری نەبرد **طقزخاتونی** ژنیشی مرد[6]. ئەنجا سوڵتان بیبرس بویە پاشای میسر، **قطز** لەگەڵ بەركەخاندا پەیوەندیان هەبوو بەڕەچەڵەك تورك بوون. نەوەكانی هۆلاكۆ لەسەر دەسەلاٌت دەوڵەتی ئیلخانیان كردە مەیدانی شەڕیان و زۆریان موسوڵمان بوون[7].

## دەوڵەتی توركی جەلائیری

دەوڵەتی ئیلخانی مەغۆل لە ئێران و عێراق لاواز بوو، دوو بنەماڵەی تر دەركەوتن كە دژ بەیەك بوون، بنەماڵەی (ئەمیر چوبان)و (ئەمیر حسەین جەلائری)، دەوڵەتی جەلائری سەركەوت و بۆ چەندەمین جار توركە جۆراو جۆرەكان لە عێراق و ئێران دامەزران، هەتا لەكۆتاییدا ساڵی 834ك توركە قەرە قوینلۆكان هاتن و توركە جەلائیریەكانیان لەناوبرد[8].

ڕوخانی دەوڵەتی ئیلخانی بویە هۆی ئەوەی كە زۆر میرنشین و دەوڵەتی تر لە جێ‌یان دروستببێ، كە زۆربەیان تورك بوون و لە هۆزە توركەكان بوون[9].

ناكۆكی نێوان نەوەكانی جەنگیزخان گەیشتە ئەوپەڕی دژواری و خراپە،وای لێهات كە سەركردەیەكی تر لە وڵاتی توركستان دەربكەوێت بە ناوی (تەیموری لەنگ)، تەیموری گورگانی دامەزرێنەری (دەوڵەتی تەیموری)، هەل و مەرجێكی

---

[1] المغول، ص207.

[2] هەمان سەرچاوە، ص215.

[3] التأريخ الاسلامی، ج7، ص145.

[4] المغول، ص222.

[5] السلوك لمعرفة دول الملوك، المقريزی، ج1، ص465.

[6] المغول، ص276.

[7] التأريخ الاسلامی، ج7، ص175–183.

[8] دراسة عامة عن ايران، محمد وصفي ابو مغلی، جامعة البصرة، ص230–231، 1985.

[9] التأريخ الاسلامی، ج7، ص199.

گونجاوی بۆ ڕەخساو هۆزە چەتە دڕندە تورکەکانی کۆکردەوەو پەلاماری بردو ساڵی 773ك وولاَتی (ماوراء النهر)و خوارزم و، ساڵی 781ك وولاَتی خوراسان بگرێت و قەتڵ و عامی خەڵکەکەی بکات، کوشتارە بێبەزەییەکەی هەروەك جەنگیزخان گەلان و دەوڵەتانی ترساندبوو کەس نەیدەوێردا لەبەردەمیدا خۆی بگرێ, هەر بۆیە لەسەر فراوان خوازی بەردەوام بوو, ساڵی 788ك ئازەربایجان و کوردستانی گرت و شارەکانی تالاّن و کاول کرد، لە لوڕستان خەڵکێکی بێشوماری کوشت، ساڵی 804ك دیمەشق و شامی گرت. پاشان خۆی ئامادەکرد بۆ لەناویردنی دەوڵەتی عوسمانی کە ماوەیەك بوو دامەزرابوو، حەوت سەدهەزار چەکداری کۆکردەوە و تەواوی سوپای عوسمانی لە دەشتی ئەنقەرە لەناو برد, سوڵتانی عوسمانی (بایەزید) دەگرێ و لەبەر پیری دەمرێ، ساڵی 807ك تەیموری لەنگ بەسەرما نەخۆش دەکەوێت و ئەویش دەمرێت. دوای خۆی (شا هروخی) کوڕی دێتە جێی پاشان ئەبو سەعید و دواتر حسین باقر و ساڵی 875ك کۆتایی بە بنەماڵە و دەوڵەتی تەیمور دێت[1] تەیموری لەنگ سەر بە هۆزی (برلاس) ی تورکی دەبێت[2].

**دەوڵەتی تورکمانی قەرەقۆیۆنلۆو ئاققۆیۆنلۆ**

کە تەیمور پەلاماری بغداد و ناوچەکە دەدات، سوڵتان ئەحمەدی جەلائری هەڵدێت بۆلای سوڵتانی عوسمانی، تەیمور داوایان دەکات نایداتەوە. لەبەر ئەوە پەلاماری عوسمانیەکان دەدات، سوڵتانی جەلائری هەڵدێت بۆ میسر و (قەرە یوسف) هەڵدێت بۆ نیوەدورگەی عەرەب. کە تەیمورەکان لاواز دەبن، دەوڵەتی قەرەقۆیۆنلۆو ئاققۆیۆنلۆ لە ئازربایجان وعێراق و ئێران دروست دەبن, وە دەوڵەتی شەیبانی لە خۆراسان دروست دەبێت، سوڵتان ئەحمەدی جەلائری دەگەڕێتەوە بەغداد و لە لایەن مەمالیکی میسرەوە دەکرێتە حاکم، وە قەرە یوسفیش دەگەڕێتەوە ئازربایجان و دەبێتەوە حاکمی هەرێمەکە، ئەنجا سوڵتان ئەحمەدی جەلائری پەلاماری قەرە یوسف دەدات لە ئازربایجان، بەڵام دەشکێ و دەگیرێ و قەرە یوسف دەیکوژێ و بەغداد دەگرێ، بەو جۆرە بەغداد کەوتە دەست خێڵ و حوکمی قەرەو ئاقەکانی تورك[3]، دوای لەناوچونی تەیموری لەنگ کۆمەڵێك دەوڵەتی میرنشین لە ناوچەکەدا دروست دەبن کە هەموویان بە ڕەگەز تورك بوون، بەتایبەت قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ.

قرە یوسف دامەزرێنەری دەوڵەتی (قەرە قۆینلۆ ــ بەرخی ڕەش) بوو، یەکێك بوو لە میرەکانی جەلائری، کە تەیموری لەنگ پەلاماری ئازربایجانیدا، سوڵتان ئەحمەدی جەلائری و قرە یوسفی زاوای هەڵدێن بۆ میسر، کە تەیموری لەنگ مرد، قرە یوسف دەگەڕێتەوە ئازربایجان و ساڵی 809ك تەیموریەکانی، وە هەتا باکوری سوریا سنوری فراوانکرد، دوای مردنی قەرە یوسف، جهان شای کوڕی هاتەجێی ساڵی 823ك، بەڵام لە جەنگێکدا لەگەڵ ئەمیر ئوزون حەسەن بایندەری ئەمیری ئاق قۆینلو ساڵی 872ك کوژرا. دوای ئەو حەسەن عەلی میرزای کوڕی هاتە جێی، ئەویش بە دەستی پاشایانی ئاق قۆینلو کوژرا و دەوڵەتە تورکیەکەیان کۆتایی هات.[4]

---

[1] دراسة عامة عن ایران، ص234–240.

[2] التأريخ الاسلامی، ج7، ص200.

[3] ئاقۆیونیەکان: خێڵێکی تورکمان بوون کەلە تورکستانەوە کۆچیان کرد بۆ ئازربایجان و پاشان لە ناوچەی دیاربەکر نیشتەجێبوون، لەگەڵ تەیموری لەنگ ڕێکەوتن و ولایەتی دیاربەکری دانێ ساڵی 806ك، دوای مردنی تەیموری لەنگ لەگەڵ قەرە یوسف دا ئەمیری ئازربایجان پێك پرژان وە لەگەڵ سوڵتانی سێواسیش دا بوە شەڕ و هەردوکیانی شکاند، مەزنترین پاشایانی (حسن ئوزون) بوو کە هاوزەمانی سوڵتانی عوسمانی محمد فاتح بوو، ئوزون حەسەن توانی تەبرێز بگرێت ساڵی 871 ، پاشان بغداد (874) وە هەتا سەفەویەکان هاتن بەدەستیانەوە بوو.

[4] دراسة عامة عن ایران، محمد وصفی ابو مغلی، ص241–242.

قەرە عوسمان دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکی (ئاق قۆینلو ــ بەرخی سپی) کە تەیموری لەنگ کردیە ئەمیری ئەرمینیا و عێراق. دوای ئەو ئوزون حەسەنی کوڕی هات کەمەزنترین پاشایان بوو, هۆزە تورکمانیە نوێیە کۆچەریەکانی دامەزراند و فراوان خوازی زۆری کرد، بەلاَم ترسی عوسمانیەکان لە ڕۆژئاواوە وەستاندیان، هەرچەند لەچەند جەنگێکدا هەندێ ناوچەی عوسمانی گرت، کەسەفەویەکان پەیدابون لەچەند شەڕێکدا کۆتاییان بە حوکمی تورکمانی ئاق قۆینلو هێنا لە ساڵی913ک[1]. عوسمانیەکان یارمەتیان بۆ هات لە چەند شەڕێکدا ئۆزۆن حەسەنیان شکاند و ڕاویان نان.[2] بەو جۆرە سەفەویەکان هاتن و مەیدان چۆڵ بوو بۆ شەڕی چوارسەد ساڵەی نێوان عوسمانی و سەفەوی کە مێرنشینە کوردەکان لەو نێوانەدا گەورەترین باج و زیانی ناکۆکی ویەکنەبونی نیوان کورد و کلکایەتی بۆ عوسمانی و سەفەویان داو کوردیان بە دژبەیەك بۆ ئەمڕۆ گواستەوە.

## پەیدابونی دەوڵەتی عوسمانی

دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەستی تورکە عوسمانیەکان دروست بوو دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی.[3]

کە عەباسیەکان هاتنە سەر دەور، زۆر لە سوپای خۆراسانیان لە ڕۆژ هەلاَتی ئەنادۆڵ دامەزراند. مهدی سێیەم خەلیفەی عەباسی (158–169ك)، تورکەکانی (فرغانە)[4] و (بەلْخ)[5] ی گواستەوە بۆ ڕۆژهەلاَتی ئەنادۆڵ و لە (ئەرسوس و ئەزنە و مەرعەش و مەلاتیە و مسیسە و عەین زربە و زەبتەرەو خرشنە و ئامەد و مەلازگەرد و خەلات و قالیقاد)[6] دامەزراند، کە زۆربەی ناوچەی کوردەکان بون لە شاخەکانی نێوان سنوری موسولْمان و ڕۆمەکان. لە سەردەمی مەئمون و موعتەصەم دا ژمارەی خێڵە تورکەکان لەو ناوچانەدا زیادی کرد، بەکاری جیهادەوە خەریك بوون. لەسەردەمی متەوەکیل دا تورکەکان بونە کۆڵەکەی سوپای عەباسی، هەموو کەناڵەکانی ڕوبەڕو بونەوەی جەنگ لەگەڵ ڕۆم لە ژێر فەرماندەیی ئەواندا بوو، زۆر گوێرایەڵی خەلیفەکانی عەباسی بوون لە بغداد، پاشان عەباسیەکان بەرەو لاوازی و ناکۆکی نێو بنەماڵە لەسەر دەسەلاَت چوون، سەربازیەکان بالاَدەست بوون بەسەر دەوڵەتدا[7]، مەغۆل زۆر بە ئاسانی عەباسیەکانیان لە ناو برد و هەوڵیان دەدا مێرنشینی زۆرلە ئەنادۆڵ وناوچەکە دروست بکات سەربەخۆ و دژبەیەك و ناکۆك بن، کە زۆربەیان تورك بوون وەك (کوڕانی تکەی تورکمانی لە ئەنتالیا ــ کوڕانی حەمیدی تورکمان لە قونیە ــ کوڕانی سارۆخان لە لیدیا ــ کوڕانی قرامان لە ئەرمناك ــ کوڕانی ڕمەزان لە ئەزنە کوڕانی زیلقادرو زۆری تر[8]. لە ترسی هێرشی مەغۆل خێڵێکی زۆری ناوچە ڕۆژ هەلاَتیەکان هەڵهاتن بەرەو ڕۆژ ئاوا. لە نێوان ئەوانەدا هۆزی (قالی) تورکی هەبوو کە (سلێمان شا کوڕی قیا ئەڵپ) سەرکردایەتی دەکردن، ئەم هۆزە لە نزیك شاری (مەڕۆ) نیشتە جێ بوون کە چەقی وولاَتی تورکمانە لە وولاَتی (ما ورای النهر) پاشان لە ترسی مەغۆلە دڕندەکان ڕویانکردە ڕۆژئاوا و لە ڕێی قەزوین و تەبرێزەوە چونە کوردستان و باکوری گومی (وان) و

---

[1] تأريخ ايران، د.فاروق عمر و د. مرتضى حسن نقيب، ص230–231، بغداد 1989 .

[2] تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ترجمة منير بعلبكى، بنية امين، ص439–440، ط7، بيروت 1977 .

[3] السلطان عبد الحميد الثانى، اورخان محمد على، ص15، رومادى 1987.

[4] فرغانە شارو دەشتێکی فراوانە لە وولاَتی (ما وراء النهر) ڕوباری سەیحونی پیا دەڕوات لە وولاَتی قرقیزیای ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاَتی دەریای خەزەر

[5] بەلْخ، شارێکی بەناوبانگی هەرێمی خۆراسانە، دەکەوێتە وولاَی ئەفغانی ئەمڕۆ، ئێستە ناوی (وەزیر ئاباد)ە .

[6] کۆمەڵە شارێکە لە ئەنادۆڵ دەکەوێتە نێوان سوپای ئیسلام و ڕۆمەوە لە کێوەکانی تۆرۆس لە تورکیای ئەمڕۆ.

[7] التأريخ الاسلامى، ج8، ص41–44 .

[8] هەمان سەرچاوە، ص48–57.

نیشتەجێ بوون[1]. کە هێرشی مەغۆل کزبویەوە, ئەم هۆزە ویستیان بگەڕێنەوە بۆ ولاَتیان، خۆیان پێچایەوەو گەشتنە سەر ڕوباری فورات لە خاکی کوردستان، سەرەك خێڵەکەیان کەوتە ڕوبارو خنکا، ئەمە ساڵی 628ك ڕویدا، هەرلەویا بە خاکیان سپارد، چوار کوڕەکەی مشتومڕیان بوو لەسەر مانەوە یان گەڕانەوە بۆ تورکمنستان، (سنقورتکن) حەزی کرد ویستەکەی باوکی بێنێتە دی و بگەڕێتەوە بۆ (مەڕۆ)، بەڵام دوو براکەی تر (ئەرتوغرول) و (دندان) گەڕانەوە بۆ باکوری گۆمی وان لە سەر سنوری کوردوستان، بە مەڕ و ماڵاتەوە خەریك بوون، ئەو کاتە 400 خێزانی تورکی بوون و هەموو موسوڵمان بوون. توغرول سەرۆکێکی چاك بوو بە دوای لەوەڕو مەڕ و ماڵاتەوە لە هات و چۆ دابوون، بەڵام دەترسان لەگەڵ هۆز و حاکمانی ئەو ناوچانەدا لەسەر لەوەر و ئاو لێك بپرژێن، (ساوجی) کوڕی نارد بۆ لای ئەمیر عەلائەدینی سەلجوقی، ئەمیری میرنشینی قرمان لە قونیە کە خاکێکیان بۆ دیاری بکات. ساوجی لە ڕێگە مرد، لەو کاتەدا سوپای سەلجوقی و بێزەنتە لە نزیك ئەوانەوە ئامادەی شەڕ بوون، توغرول بە هەستی ئیسلامیەوە یاریدەی سەلجوقیەکانیدا و سەرکەوتن. پاشان داوای جێگەی کرد، ئەمیر عەلائەدین کە زانی ئازان، پارچە زەویەکی لە سنوری ڕۆم پێدان هەتا بەری بێزەنتە بگرن. ساڵی 687ك ئەرتوغرول مرد، عوسمانی کوڕی جێی گرتەوە، سنوری ناوچەکەی فراوان کرد و چەند شوێنی لە بێزەنتە سەندەوە، سەلجوقیەکان پێیان خۆش بوو لەقەبی (بەگ)یان دایە، مەغۆل گەیشتە ناوچەکە و هەموو میر و میرنشینەکانی لەناو برد، پاشان مەغۆلەکان کە شکستیان خوارد و گەڕانەوە، ئیتر هیچ هێزێك نەما کە عوسمانیەکان پرسیان پێبکەن، دەستیان دایە فراوان خوازیو ئاڵایان هەڵکرد، جزیەیان خستە سەر ئەو میرنشینە فەلانەی کە موسوڵمان نەدەبوون ، پاشان عوسمانیەکان سوپایەکیان بە سەرکردایەتی ئورخانی کوڕی عوسمان شاە ناردە سەر مەغۆل و شکاندیان و ڕاویان نان، حاکمی چەند میرنشین و زۆر لە مەغۆلەکان موسوڵمان بوون. عوسمان مرد، لە 726ك دا ئورخان بوویە حاکم، ژیر و ورد بوو، سوپای ڕێکخستەوە، سنوری هەتا گەرو و دەریاچەی مەڕمەڕە برد، ساڵی 758ك لە مەڕمەڕە پەڕیەوە بەری ئەوروپا و گەمارۆی شاری قستەنتەنیەی دا، ڕای زۆربەی موسوڵمانانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا چونکە ڕوی فراوانخوازیان بەرەو ڕۆمە فەلەکان بوو، وە بیرۆکەی جیهادیان کردبووە شێوازی کاریان، بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەی نەتەوەی ئیسلامی، تاکە هێزبوون کە بەو کارە هەڵدەسان و تەماعی ناوچە ئیسلامیەکانیان نەبوو، پەلاماریان نەدەدان، ئورخان مرد، (سلیمان)ی کوڕی هاتە جێی، زۆر ناوچەی ئەوروپای گرت و ئەویش مرد ساڵی 760ك. مرادی یەکەم کوڕی ئورخان چوە جێی، شاری ئەنقەرەی گرت، پاشان شاری ئەدرنەی لە ساڵی 762 دا گرت و کردیە پایتەخت، هەتا لە مەیدای جەنگی ئەوروپا نێزیك بێت. گەمارۆی قستەنتەنیەی توند کرد و باشوری بولگاریای گرت. پاشان ئەوروپیەکان داوایان لە پاپاکرد فریاکەوێت. ئیمپراتۆری قستەنتەنیە چوە لای پاپا هەرچەندە لەمەزهەبدا لەدژی یەك بون، بەڵام دەست و پێی پاپای ماچ کرد کە فریایان بکەوێ، پاپا داوای کرد سوپا کۆبکەنەوە و جەنگی خاچ پەرستان دژی عوسمانی موسوڵمانان بکەن ، هێرشیان هێنایە نزیك ئەدرنە، عوسمانیەکان لێیان دان و خراپ شکاندنی و ناچاریکردن جزیە بدەن[2].. ئەوە ساڵی 1364ز بوو، سوڵتان مورادی یەکەم بیری کردەوە، هیچ بە هیچ ناکرێ لە ئەوروپا، هەتا میرنشینە بچوکە موسوڵمانەکانی ئاسیای بچوك و ئەنادۆڵ یەك نەخا و بەیارمەتی ئەوان کاری قوستەنتەنیە و ئەوروپا بپرێنێتەوە، پەلاماری سوپایی نەکردو خوێنی موسوڵمانانی نەڕشت، بەڵکو دەستی کرد بە ژن و ژن خوازی لەگەڵ ئەمیری میرنشینە موسوڵمانەکان، تەماعی خستە بەریان، لەبەر بەرژەوەندی گشتی توانی میرنشینی کرمیان و حەمید و قرمانە و تکە بلکێنێت بە دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەوکاتانەدا صرب و بولگار لە پەیمان پەشیمان بونەوە و جزیەیان نەدا، ئەمجارە عوسمانیەکان بە هێزێکی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص59.

[2] المغول، ص65–69.

گەورەترەوە چون و بلگاریا و سربیایان گرت، پاشای بولگاریا گیرا و پاشای صرب کوژرا و ئەلبانیاش کەوتە دەست عوسمانیەکان، بەڵام لە گەڕانێکی سوڵتان بەناو لاشەکاندا بریندارێکی صرب سوڵتان مرادی کوشت.

بایەزیدی کوڕی هاتە جێی، ئەویش توانی میرنشینی منتشا و ئایدین و ساروخان قەناعەت پێبکات و بێنە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، ساڵی 794ک رۆمانیای پایتەختی گرت، پەلاماری ناوەوەی ئەوروپای داو پاشای بولگاریای کوشت، پاشاکانی ئەوروپا ترسان، پەنایان بردەوە بەر پاپا، ئەوانیش بە سەد هەزار کەسەوە هاتنە سەر ڕوباری دانوب، عوسمانیەکان (200) هەزار بوون، لە 23ی ذی القعدەی ساڵی798 بەرامبەر 1371ز خاچپەرستانیان شکاند و هەتا دەریا ئەدریاتیك ڕاویان نان و سۆفیا گیرا و دەست گیرا بەسەر ئەجکودرا و بۆسنەدا.[1]

لەمکاتانەدا (وەك پێشتر باس کرا) تورکێکی تر بەناوی (تەیموری لەنگ) لە هۆزی (برلاس) لە تورکستان، ناکۆکی کوڕانی جەنگیزخانی بە هەل وەرگرت و دەسەڵاتی گرتە دەست و پەلاماری هەموولایەکی دا، وەکو (کلافیجو) مێژوونوس دەڵێت: سەرەتا چەند چەتەیەکی دزی کۆکردەوەو پەلاماری کاروان و مەڕوماڵاتی خەڵکیان دەدا[2]. پاشان دەسەڵاتی پەیداکرد و هۆزێکی زۆری لە خۆی کۆکردەوە، بەرەو ڕۆژئاوا هێرشی هێناو خوارزم و خۆراسان و ئازربایجانو کوردستان و عێراق و شامی گرت، ئەحمەدی کوڕی ئوەیسی جەلائری لە بەغداد ڕادەکات بۆ لای سوڵتان بایەزید، تەیموری لەنگ داوای دەکات، سوڵتان نایدات، پەلاماری دەدات لە دەشتی ئەنقەرە لە ساڵی 804ک دا دەیشکێنێو سوڵتان دەگرێت. ڕێزی لێدەگرێت لەگەڵ خۆی دایدەنێ، دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەوەشێتەوە، هەموو میرنشینەکان سەربەخۆ دەبنەوەو تەیموریش یاریدەیان دەدات، هەتا دەوڵەتێکی گەورە نەبێت دژایەتی بکات، تەنانەت میرە دژەکان دەکات بەسەرۆکی میرنشینەکان.

کارل بروکلمان دەڵێت: شەڕی ساڵی 1402ز لە بەرژەوەندی عوسمانیەکان بوو، چونکە سوارە صربیەکان پەلاماری مەغۆلە تەیموریەکانیان دا و خراپ ڕاویان نان، بەڵام بایەزید گێڕانیەوە لە ترسی ئەوەی نەبا گەمارۆ بدرێن، تەیمور هاتەوە، سەربازە سەلجوقیەکان کە ئەمیرەکانیان بینی لەبەرەی تەیموردا بون، چەکیان فڕێدا و چونە لای تەیمور و عوسمانی شکا و بایەزید و موسای کوڕی گیران.[3]

تەیموری لەنگ لە یاداشت نامەکەیدا دەڵێت: پێیان ووتم ئیلدرم بایەزید زۆر نەخۆشە. قایل بووم کە لە دیاریەکر بمێنێتەوە. پاشان نامەیەکی گەیشت نوسیبوی، من نەخۆشم و دەزانم بەمزوانە دەمرم. تکام ئەوەیە کە نەهێڵی فەرمانڕەوایی لە بنەماڵەی ئال عوسماندا دەربچێ، لە سەرەمەرگما تەنها داواکاریم ئەوەیە، کە کوڕەکەم بخەیتە جێی خۆم و لە باتی ئەویش پەیمان دەدەم لەگەڵتدا ئەمەکدار بێت، هەرگیز دژایەتیت نەکات. وەڵامم بۆ نوسیەوە، کوڕەکەت دەکەم بە پاشای رۆم و دەبێت باج و سەرانەم بداتێ. پێش ئەوەی بگەمە ئازربایجان، هەواڵی مەرگی ئیلدرم بایەزیدم پێگەیشت.[4]

کە دەوڵەتە ئەوروپیەکان بینیان چی بە دەوڵەتی عوسمانی کرا، هەر هەموو سەربەخۆییان ڕاگەیاند، لە لایەکی ترەوە کوڕەکانی سوڵتان بایەزید لەسەر دەسەڵات بویە شەڕ و هەرایان. هەتا دەسەڵات لەسەر دەستی محمدی کوڕی بایەزید دا گیرسا. پەلاماری صربەکانیدایەوە و گەمارۆی قستەنتەنیەی دا، محمد مرد، دوای خۆی محمد چەلەبی کوڕی جێی گرتەوە، ساڵی 816ک، زۆر میرنشینی گێڕایەوە بۆ سەر ووڵاتەکەی و ئاژاوەی ناوخۆی نەهێشت، ساڵی 824ک ئەویش مرد

---

[1] السلطان عبد الحمید الثانی، ص17.

[2] قصة الحضارة، ویل دیورانت، ترجمة الدکتور عبدالحمید یوسف، ج26، ص42، جامعة الدول العربیة.

[3] تأریخ الشعوب الاسلامیة، کارل بروکلمان، ص422، ط7، بیروت 1977.

[4] بیرەوەریەکانی تەیموری لەنگ، مارس بریون، وەرگێڕ لە فارسیەوە: حمەی حەمە سعید، لا390، سلێمانی 1999.

و، مورادی کوڕی چوە جێی [1].. یەکەم کاری مورادی دووەم گێرانەوەی میرنشینەکانی ئەنادۆڵ و کوژانەوەی فیتنەی براکانی بوو، جەنگی دژی مەجەڕ و صرب کرد و سلانیك و ئەلبانیای داگیر کرد، گرفتی نەما و حەزی کرد قستەنتینیە بگرێ هەتا بەر مژدەکەی پێغەمبەر (د.خ) بکەوێ. ئەنجا وازی لە دەسەڵات هێنا بۆ محمدی کوڕی، کە ئەورووپیەکان بەوەیان زانی داوایان کردەوە لە پاپا هێرشێکی تر بکەن، سوپایەکی زۆریان هێنا لە مەجەر و چیکوسلۆفاکیا و ئیتالیا و ئەڵمانیا و ڕۆمانیا و پۆلۆنیاوە. محمد داوای لە باوکی کردەوە، سەرکردایەتی ئەو سوپایە بکات دژی خاچ پەرستان، چونکە خۆی تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، بەڵام باوکی نەیکرد، کوڕەکەی هەر سور بوو، ناچار نامەیەکی گرنگی بۆ باوکی نارد تیا نوسیبوی (ئەگەر من سوڵتانم داوات لێدەکەم بۆ ئەو سەرکردایەتیە. ئەگەر تۆش سوڵتانی بەرگری لە وڵاتەکەت بکە).

مورادی دووەم ناچاربوو دەسەڵاتی ئەو چل هەزار سەربازە وەربگرێ و چوو بۆ بەرامبەری سەد هەزار لە خاچ پەرستان، ئەوە گرنگترین جەنگی مێژووە کە هەشتا هەزار فەلەی تیا کوژرا و ئەوانی تریش ئەسیرکران. دوای ئەو جەنگە پیاوە مەزنەکانی دەوڵەت داوایان کرد موراد لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، موراد مایەوە هەتا مرد ساڵی 855ك–1451ز. [2]

دوای باوکی محمدی دووەمی کوڕی هاتە جێگەی، یەکەم کاری ژنە صربیەکەی ناردەوە بۆ ماڵی باوانی و قەڵایەکی لەسەر گەروی بۆسفۆر دروست کرد، ویل دیورانت دەڵێت : محمدی دووەم یەکسان بوو بە باوکی لە ڕۆشنبیری و فتوحات و عەقڵ کاری و سیاسەت دا، ئەوەندەی ئەویش حوکمی کرد. ڕۆژێك پرسیارێکی لێدەکەن لەبارەی نەخشە جەنگیەکانیەوە، دەڵێت –ئەگەر تاڵی موی ڕیشم بە نەخشەم بزانێ هەڵی ئەکێشم، پێنج زمانی زانیوە، لە ماتماتیك و ئەندازە و هونەردا زۆر شارەزا بووە. [3] خۆی ئامادەکرد بۆ گرتنی قوستەنتەنیە بە 180 کەشتی و 250هەزار سەربازەوە لە شەبەیخونێکدا پەلاماری داو شورا بەهێزەکەی دایە بەر تۆپی قورس و ڕوخانی، ئەوجا هەڵزنا پیایدا و چونە ناو شار و لە ساڵی 857ك لەدەست ئەورووپای دەرکێشا کە سەدان ساڵ بوو پایتەختی ئەورووپاو فەلەبوو، کردیە پایتەختی عوسمانی، بەوە مژدەکەی پێغەمبەر (د.خ) هێنایەدی [4]، ئەمە ئەورووپای ترساند و هەموو نوێنەریان نارد و جزیەیاندا، وڵاتی تەواو فراوانکرد، پاپا هاواری لێ هەڵساو سوپای زۆری ئامادەکرد، بەڵام مرد. محمد فاتح بە ئەورووپا و فەلەوە خەریك بوو. دەوڵەتی ئاققۆینلۆ لە ڕۆژ هەڵاتەوە لە پەرەسەندندا بوو ئوزون حەسەن پەلاماری سنورەکانی عوسمانیداو چەند جێگایەکی گرت و خەریك بوو بەهێز دەبوو. عوسمانیەکان لە 874ك دا سوپایەکی زیاد لە سەد هەزار سەربازیان بە تۆپو تفەنگەوە لە ئەورووپاوە گواستەوەو ئوزون حەسەنیان بە بریندارى ڕاوناو هەزاران سەربازیان لە خاکی کوردوستاندا لێکوشتن. محمد فاتح لە 886دا وەفاتی کرد. بایەزیدی دووەمی کوڕی هاتەجێی. فراوانخوازی زۆری لە بولگار و پۆلۆن و بەندەقیە و ئیتالیادا کرد. لەم کاتانەدا دەوڵەتی ڕوسیا دەرکەوت و لە ساڵی 886دا لە تەتەرە مەغۆلەکان ڕزگاربوون.. بایەزید سێ کوڕی هەبوو وڵاتی بەسەردا دابەش کردن، (کرکود ـ ئەحمەد ـ سەلیم) سەلیمیان پیاوێکی تەماحاوی بوو، هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی دەدا، سەرکردە ئینکشاریەکانیش پاڵپشتیان دەکرد، هەتا لە کۆتایدا داوایان لە سوڵتان کرد تەنازول بکات بۆ سەلیمی کوڕی، چونکە کەسێکی سەبازی بوو تەنها هێزی دەناسی. باوکی ڕازی بوو، بایەزید مرد. [5]

[1] التأريخ الاسلامى، ج8، ص78–79.

[2] السلطان عبد الحميد الثانى، ص19.

[3] قصة الحضارة، ويل ديورانت، ص59.

[4] الحديث النبوي: (لتفتحن القسطنطينية على يد رجل، فلنعم الامير أميرها ولنعم الجيش ذالك الجيش). مسند الأمام أحمد، ج4، ص335. الدولة العثمانية، الصلابي، ص102.

[5] التأريخ الاسلامى، ص91–94.

## سوڵتان سەلیم یاوز

بەشی یەکەمی دەوڵەتی عوسمانی 231ساڵ حوکمی کرد، بە دوو قۆناغ، هەر قۆناغێك چوار پاشای هەبوو، نێوان قۆناغی یەکەم و دووەم هێرشەکەی تەیموری لەنگ بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لەناو برد، شەڕ وهەرای نێوان میرەکانی نایەوە و ماوەی 11 ساڵی خایاند، قۆناغی یەکەم عوسمان و ئورخان و مرادی یەکەم و بایەزیدی یەکەم حوکمیان کرد. قۆناغی دووەم محمد چەلەبی و مرادی دووەم و محمدی دووەم و بایەزیدی دووەم حوکمیان کرد.

هەموو مەبەستی بەشی یەکەمی عوسمانیەکان گرتنی قوستەنتەنیە بوو. ئەوەش نەدەکرا هەتا دەست نەگیرێ بەسەر ئەمارەتە تورکمانی و سەلجوقی و مەغۆلی و کوردەکانی ئەنادۆڵ و ئاسیای بچوکدا. بەوە توانای موسوڵمانان یەکدەخرێت و پاڵپشت نامێنێ بۆ سەفەوی‌و خاچ پەرستان، گرنگی مەبەستی قۆناغی دووەم فراوان خوازی بوو لەناو ئەوروپای فەلە و خاچ پەرستان، کە ئەمە وای کرد عوسمانیەکان لای جیهانی ئیسلامی بەڕێز و بروا پێکراوبن. سەرەتا گرنگی عوسمانیەکان بەنەتەوەی ئیسلام لاوازبوو، هەرچەند باوەڕی جیهادیان هەڵگرتبوو، خەڵکی ئەوانیان بە مەڵبەندی خەلافەت دەزانی، لێپرسراوێتی یەکەمی نەتەوەی ئیسلام لەسەر شانی ئەوان بوو لەو کاتەدا، عوسمانیەکان وایان دەزانی ئەگەر پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ئەوروپا، ئەوروپا پاڵەپەستۆ لەسەر موسوڵمانانی ئەندەلوس کەم دەکاتەوە کە پێگیرابوون، بەڵام کە عوسمانیەکان چونە ئەوروپا و پشتگیری جیهانی ئیسلامیان بۆ خۆیان پچڕی و مالیکەکانیش لاواز دەبینران، عوسمانیەکان بڕیاریاندا گرفتی نەتەوەی موسوڵمان بخەنە سەر شانیان و، لە هەوڵی یەکخستنی گەلانی موسوڵمان دابن، بۆ وەستاندنیان لەبەردەم خاچ پەرستاندا.[1]

دوای ئەوەی بایەزید بە یارمەتی ئینکشاریەکان وازی لە دەسەلآت هێنا بۆ سەلیمی کوڕی، دەست بەجێ سەلیم چوو بۆ خۆ ڕزگار کردن لە دەست براکانی لە ئاسیا کە پێی ڕازی نەبوون، دوای ئەحمەدی برای کەوت و پاشان چوە سارۆخان و دوای کرکودی برایشی کەوت و هەردوکیانی لەناوی برد. ئەنجا سولەیمانی کوڕی کردە حاکمی ئەستەنبوڵ، خۆی چوو بۆ ئەدرنە، لەوێ سەفارەتی بندقیە و مۆسکۆ و مەجەر و میسر چاوەڕوانیان دەکرد، ڕێکەوتنی لەگەڵ هەموویان مۆر کرد. سوڵتان سەلیم بەسروشت کەسایەتیەکی سەربازی بوو، لەو ڕوانگەیەوە دەیڕوانیە هەموو کێشەیەك، بڕوای وابوو کەکاری ئاڵۆز و قورس تەنها بەهێز چار دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەنکشاری و فەرماندە سەربازیەکان خۆشیان دەویست. سوڵتان سەلیم سەیری کرد دەوڵەتەکەی بوە بە بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلامی ئەو کاتە، لەبەر ئەوە دەبێ هەستێ بە ئەرکی سەرشانی بۆ یەکخستنی نەتەوەی ئیسلامی، دەیبینی ئەندەلوس بەدەست فەلەوە دەناڵێنێ، ئەوروپاش چاری ناکرێ مەگەر بەیەکخستنی هەموو موسوڵمانان، وای دەبینی کە دەبێ موسوڵمانان سەر بەیەك دەوڵەتی تەنها بن, ئەوەش تەنها لە عوسمانیەکان دەوەشێتەوە ئەو ئەرکە ببینن، چونکە دەوڵەتی مەمالیك لاواز بووە وئەوەتە بەرامبەر پورتوگالیەکان هیچی پێناکرێ، کە هەرەشە لە مەرقەدی پێغەمبەر دەکەن لە مەدینە و بڕیاریان داوە لاشەی پیرۆزی بدزن، دەڵێن نایدەینەوە هەتا قوس نەدرێ بە فەلە، وە خەلافەتی عەباسی لە میسر تەنها کارتۆنێکە و ممالیك بە کەیفی خۆیان هەڵی دەسوڕێنن .

لەولاشەوە گروهێك بەناوی سەفەوی شیعە لە ئێران پەیدابووە و داوایان لە پورتوگالیەکان کردووە کە هاوپەیمانیەك پێك بهێنن دژی عوسمانیەکان، بەڵکو دژی ئەهلی سوننە لە موسوڵمانان، سوڵتان سەلیم دەیبینی هەڵوێستی سەفەوی لە کەنداوی عەرەب دا بەرامبەر داگیرکاری پورتوگالیەکان نەرم و ماستاو کەرانەبوو.[2]

[1] التأريخ الاسلامي، ص98.

[2] التأريخ الاسلامي، ص100.

سەفەویەکان تەماعیان وابوو کە وردە وردە پاڵپشت لە بولگاریەکان و مەمالیکەکان و میرنشینەکانی ناوچەکە پەیدابکەن دژی دەوڵەتی عوسمانی و، چەند ناوچەیەکیشیان لە خاکی ئەوان داگیر کرد بوو، مەزهەبی شیعەگەریان بڵاودەکردەوە، زانا و ناودارانی زۆریان لە سونیەکان کوشتبوو، بۆ ئەو مەبەستە شا ئیسماعیلی سەفەوی کە پایتەختەکەی تەبریز بوو، بەشێك لە بنکەی خۆی گواستەوە بۆ دیاربەکر لە خاکی کوردستان هەتا لەبەرەی پێشەوەی جەنگی دژی عوسمانیەکان نێزیك بێت و، مەزهەبەکەی بە ئەنادۆڵ و کوردستاندا بڵاوبکاتەوە، داوای هاوپەیمانی کرد لە مەمالیکەکان یاریدەی بدەن. ئەمە جگە لەوەی کە یاریدەیەکی باشی میر ئەحمەدی برای سوڵتان سەلیمی دەدا، هەروەك کە پێشتر یاریدەی دەدا لە دژی سوڵتان بایەزیدی باوکی. سوڵتان سەلیم هەلێکی دۆزیەوە و براکەی خۆی کوشت و لە سەفەویەکانی کرد. ئەنجا بۆ هەلێکی گەورەتر دەگەڕا کە تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە یاریدەی براکەیان دا.

باوکی سوڵتان سەلیم لەماوەی حوکمی خۆیدا، حەزی بە ئاشتی دەکرد، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە نەیاندەهێشت و شەڕیان تێوە دەئاڵاند، سەلیم وەکو باوکی حەزی بە شیعر بوو، یارمەتی زانست و ڕۆشنبیری دەدا و مەلبەندی زۆری کردەوە، ڕێگا و بانی لێدا و بینا و کۆشك و مزگەوتی دروست کرد. بەڵام حەزی باوکی بە ئاشتی و سەلیم بەسەربازی لەگەڵ یەك نەدەگونجا، کە گەلەکەی مەیلی فراوانخوازیان هەبوو، دراوسێکانی گومان و دوو دڵیان بۆ دروست کردبوو، ناچار بوو، وەڵام بداتەوە و هێرش بکاتە سەر بۆسنە و پۆڵندە و زۆر جێی تر، ساڵی 1503ز ئاشتیەکی لەگەڵ بندقیە مۆر کرد و خۆی لە ئەوروپا دامەزراند. ڕەنگە پەرەسەندنی سەفەویەکان لە ڕۆژ هەڵاتەوە ئەو ئاشتیانەی زیاتر پێمۆر کردبێ، هەتا یەکلابێتەوە بۆ فارسە سەفەویە شیعەکان . لەولاشەوە لە ئەوروپاماندوو بوویوو، حەزی دەکرد دەسەڵات بداتە دەست کوڕەکانی. سوڵتان بایەزید پێی باش بوو کورسی جێبهێڵێ بۆ ئەحمەدی کوڕی، چونکە خۆشی دەویست و وەك خۆی دڵی بە هێمنی و ئاشتیەوە بوو، بەڵام سەلیمی کوڕی کەسێکی توند بوو، سروشتی سەربازی بوو، فەرماندەکانی سوپا خۆشیان دەویست، هەرچەند سەلیم بچوك بوو، بەڵام ئارەزوی باوکی بە دڵ نەبوو، داوای لە باوکی کرد بیکاتە حاکم لە ئەوروپا نەك لە تەرابزون، مەبەستی هەبوو لەوەدا، هەتا براکەی دەسەڵات وەرنەگرێت، باوکی بە دڵی نەکرد، ئەویش ساڵی 1511بە هێزێکی 25هەزار کەسیەوە لە بەردەرگای ئەدرنەی پایتەخت بەری ئاسیا وەستا و پاڵپشتێکی زۆری لەناو سوپای ئینکشاریدا پچڕی و باوکیان قەناعەت پێکرد واز بهێنێ بۆ سەلیمی کوڕی، ئەنجا پەلاماری ئەحمەدی برای دا کە سەفەویەکان یاریدەیان دەدا، ساڵی 1513شکاندی و کوشتی. بەڵام موردای کوڕی ئەحمەد چوو بۆ لای فارسە شیعەکان یاریدەیان دا.[1]

وەکو ویل دیورانت دەڵێت: هەر سەردەمێ پیاوی خۆی دەوێت و هەڵی دەخات، سوڵتان سەلیم پیاوی سەردەمی خۆی بوو، ئەوروپیەکان ناویان نابوو (مۆن) چونکە شەڕی دوای شەڕ دەکرد و ماندونەدەبوو، زۆر حەزی بە ژیانی عەسکەری هەبوو هەمیشە لە سەربازگەکاندا بوو، هێرشەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی بێزاری نەکرد، لەسەر خۆی نەزرکرد کە سێ مزگەوتی مەزن لە قودس و بودابست و ڕۆما دروست بکات ئەگەر خوا سەری خست بەسەر فارسە شیعەکاندا[2]. سۆزی ئاینی و مەزهەبی گەلەکەی گەرم کرد، هەتا ئاستی شەڕ کردن. ئەنجا هێرشی کرد بەرەو شا ئیسماعیل.

سوڵتان سەلیم لەبەردەم ئەو هەموو گرفتانەدا و، بەپێی سروشتی سەربازی خۆی، بڕیاریدا هەموو گرفتەکان بە ڕێگەی سەربازی چارە بکات. بڕیاریدا تەمێی سەفەویەکان بکات و ڕێگاله بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە بگرێ، بەتایبەت کە هەندێ هەواڵ دەهات کە سەفەویەکان هەموو ووتارخوێنە سونیەکانیان کوشتووە و هەزاران لە هەوادارانیان لەناو بردووە،

---

[1] تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ص445-446.

[2] قصة الحضارة، ويل ديورانت، ج26، ص60، ئەویش لە (چیرۆکی ئەنگاریا)ی ڤامبیری وەریگرتووە..

بەتایبەت تر دەیویست سەفەویەکان دوور بخاتەوە لە پورتوگالیەکان، ئەوجا هاوپەیمانی بکات لەگەڵ مەمالیکی میسر هەتا پێکەوە بدەن لە پورتگالیەکان، ئەگەر مەمالیك نەهات بە دەنگیەوە، ئەوا لەوانیش دەدات و خۆی بە تەنها جەنگی پورتگال و خاچ پەرستان دەکات.

بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی چاکی بڕی، قەناعەتی بە زۆر میرنشینی تورکی و سەلجوقی و مەغۆل وڕۆمی کرد کە بچنە ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەگەڵ بیست و یەك میرنشینی کوردی ڕێك کەوت لەسەر کۆمەڵێك خاڵ کە شیعەی سەفەویان لەکۆڵ بکاتەوە. ئەم هەموو ڕێکەوتن و سنور فراوان کردنە لە ڕۆژ هەڵاتەوە، نرخی عوسمانیەکانی بەرز کردەوە و، مەمالیکەکان و سەفەویەکانی لاواز کرد، بە تایبەت کە نەتەوەی ئیسلامی ئەو کاتە زۆر دەترسان لە پورتگالیەکان کە پەلاماری مەککە و مەدینە بدەن و شوێنە پیرۆزەکانیان بێڕێز بکەن. ئەمە هیوای خەڵکی بە عوسمانیەکان دروست کرد و چاوەڕوانی چاکیان لێ دەکردن و، هەر هەموو ئامادەی بەرگری بوون کە ئەگەر هاتن، پاڵپشتی لێ بکەن.

## پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی

هەر لەوکاتەوەی کە ڕەشەبای قڕکەری مەغۆل هەڵی کرد، ئێران وەك تۆپێکی یاری لێهاتبوو بە دەست میرانی هۆزە ناکۆکەکانەوە، هەندێکیان بە ڕەگەز تورك و ئەوانی دی مەغۆل بوون، لەوانە قەرەقۆیۆنلۆ و ئاق قۆیۆنلۆ، کەلە بنەچەدا کۆمەڵێکی یەکگرتوو بوون لە خێڵە دەشتەکیە تورکەکان، پاشان بە هۆی کاریگەری سیاسی و جوگرافی و ئابوریەوە لێك جیا بوونەوە، کە سەلجوقیەکان ڕوخان لە ئەنادۆڵ ئەمان جێیانگرتنەوە، بەتایبەت لاوازی مەغۆلیان بە هەل زانی لە ناوچەی ئەنادۆڵ و دیار بەکر بڵاوبونەوە، پاشان کۆچێکی پێچەوانەیان کرد بۆ ئێران لە نیوەی سەدەی هەشتەمی کۆچی و سەدەی چواردەی میلادی و میرنشینی قەرەقۆیۆنلویان دروست کرد لە ناوچەی دەریاچەی وان لەسەر خاکی کوردستان، وە ئاق قۆینلۆش لە ئامەد و دیار بەکر دامەزران، سەرەتا حوکمی کوردو ئەرمەن و تورکیان دەکرد، دواتر دەسەڵاتیان بۆ سەر فارسەکانیش چوو گەیشتنە سنوری تەیموریەکان لە خۆراسان، دەرکەوتنی ئەم دوو هۆزە بەناکۆکیان دەستی پێکرد، حاکمەکانی ناوچەکە دەستیان تێدەخست و لە کۆتایدا ئاق قۆیۆنلو سەرکەوت بەسەر قەرەقۆیۆنلودا.

لە سەردەمی ئۆزون حەسەندا (حەسەنە درێژ) سنوری ئاق قۆینلو هەموو ناوچەکەی گرتەوە، کێشەی ناوخۆی نەهێشت، توانی جهان شای برای و دوو کوڕەکەی بکوژێ، کوڕی سێیەمیشی ناچاربوو خۆی کوشت، مەیدان بۆ ئۆزون حەسەن تەخت بوو[1]. پایتەختی لە ئامەدەوە لە کوردستان گواستەوە بۆ تەبرێز لە ئازربایجان، خاکی جەلائریەکان و ئیلخانیەکانی گرت، ساڵی 873ك تەیموریەکانیشی ڕاونا بەرەو ئەفغانستان و ئەبو سەعیدی کوڕەزای تەیموری لەنگی کوشت. ئەم فراوان خوازیەی ئۆزون حەسەن دەکەوتە سەردەمی سوڵتان محمدی دووەم (الفاتح)ی عوسمانیەوە، سوڵتان محمد ناچار بوو چاو لە ئەوروپای فەلە بپۆشێ، دوای گرتنی قستەنتەنیە خۆی هاتە ئەنادۆڵ بۆ چاودێری پەلامارەکانی ئۆزون حەسەنی پاشای ئاق قۆینلو. هەتا ئەو کاتە عوسمانیەکان لایان بەرەو ڕۆژ هەڵاتی دەوڵەتەکەیان نەکردبویەوە، بەڵام ئۆزون حەسەن چەند پارچەیەکی لە خاکی عوسمانی گرتبوو، عوسمانیەکان لە ئەوروپاوە سوپایان بەرەو ئاسیا گێڕایەوە، لە ساڵی 878ك دا هێرشیان کرد و سوپای ئاق قۆینلۆیان ڕاونا.[2]

[1] تأريخ ايران، د. فاروق عمر، د. مرتضى حسن النقيب، ص230، بغداد 1989. وە کتێبی دیاربەکرییە، ئەبوبەکر تارانی، وەرگێڕ سەلاحەدین ئاشتی، لا194- 220.

[2] هەمان سەرچاوە، ص231.

پەیوەندیەك لە نێوان دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ و هەرێمی (تەرابزونی) فەلە لە سەر دەریای ئیجە لە ڕۆژ ئاوای ئەنادۆڵ هەبوو، هاوپەیمانیەکیان مۆرکرد دژی عوسمانیەکان، بۆ ئەو مەبەستە ئوزون حەسەن کچی برای حاکمی تەرابزونی مارە کرد کە ناوی (کاترینا) بوو لەسەر ئاینی فەلە بوو، کوڕێك و دوو کچی لێی بوو، کچە گەورەکەی کە ناوی (مارتا) بوو، شێخ حەیدەری سەفەوی مارەی کرد و کوڕێکی بوو ناویان نا (ئیسماعیل) کە دواتر بویە شا ئیسماعیلی سەفەوی[1]. سەفەویەکان پاشتر مارتایان ناونا (عەلەمشا خاتون)[2]. هەندێ سەرچاوەی تر بە حەلیمە بەگی ئاغای ناودەبەن، هەر بۆ ئەوەی ناوە فەلەیەکەی لێبێتەوە و گومانی خەڵکی بسرنەوە[3]. ! !

کە ساڵی 857ك سوڵتان محمد فاتحی عوسمانی شاری قستەنتەنیەی گرت، پاپا هاواری لێ هەڵسا و نامە و نوێنەری نارد بۆ هەموو پاشا و میرە فەلەکان لە ئەوروپا کە پێك بێن و یەك بگرن بۆ هێرشێکی نوێی خاچ پەرستی دژی عوسمانیە موسوڵمانەکان. سەرەتا هانی هەندێك میرنشین و دەوڵەتۆکەیان دا لە عێراق و شام و ئەنادۆڵ و فارس، کە بەڵکو عوسمانیەکان ڕوی هێرش و پەلاماریان لەسەر ئەوروپا بوەستێنن و لابکەنەوە بۆ ڕۆژ هەلات، چەند هەوڵیاندا سەرکەوتو نەبوون، بەڵام لە کۆتایدا توانیان دەوڵەتی ئاق قۆنیلو لە عێراق و فارس و، دواتر سەفەویەکانی دوای ئەوان هان بدەن و یاریدەیان بدەن بەو ئەرکە هەڵبسن. حکومەتی فینسیا لە (ئیتاڵیا) سەفیری نارد بۆ لای دەوڵەتی ئاق قۆینلو و ئوزون حەسەن، بۆ هاندان و چاندنی تۆوی شەڕ لە نێوان ئێران و عوسمانیدا، هەتا ڕوی عوسمانیەکان وەربگێڕن بەرەو ڕۆژهەلات. ئا لەوێوە پەیوەندی عوسمانیەکان وئوزون حەسەن شێوا، بەتایبەت کە ئوزون حەسەن داوای لە سوڵتانی عوسمانی (محمد فاتح) کرد کە خۆی دوور بگرێ لە تەرابزون ماڵە خەزورانی ئوزون حەسەن، بەڵام چونکە تەرابزون بووبویە جێیەجێکەری بڕیارەکانی پاپای ڕۆما و میرنشینێکی فەلەبوون، محەمەد فاتیح گوێی نەدایە قسەی ئۆزون حەسەن و هەرێمی تەرابزونی گرت. ئۆزون حەسەنیش پەلاماری دا و چەند ناوچەیەکی دەوڵەتی عوسمانی گرت، عوسمانیەکانیش هێرشیان بردەوە و سوپای ئۆزۆن حەسەنی ئاق قۆینلویان خراپ شکاند و، هەزاران کەسیان لێکۆشتن و (زەینەڵ)ی کوڕی ئوزون حەسەن لە ساڵی 879ك لە نزیك ترجان کوژرا. ئەو شکستیە کاترینوزینوی خێزانی ئوزون حەسەنی هارکرد بەو کارانە هەڵسێ، هەرچەند ئەوروپاو ڤینسیاو پاپا هیچ یارمەتیەکیان نەدا، ناچار تەبرێزی پایتەختی جێهێشت و لە شەوی جەژنی قوربانی 882ك دا ئوزون حەسەن کوژرا. دایکی ئوزون حەسەن ئەمیرەیەکی فەلەی یونانی بوو لە بنەماڵەی حاکمەکانی تەرابزون بوو.[4]

دوای مردنی ئوزون حەسەن، خەلیلی کوڕی بویە سوڵتان ئەویش دوای شەش مانگ بەدەستی سوڵتان یەعقوبی برای کوژرا. یەعقوب کۆتایی ساڵی 882 چوە سەرعەرشی دەسەلاتی ئاق قوینلو، جەنگی لە دژی مێردی خوشکی خۆی کرد کە ناوی شێخ حەیدەر بوو، کوشتی. زۆری نەبرد ساڵی 896ك خۆیشی مرد. ئیتر لێرەوە جەنگی نێوان میرەکانی ئاق قۆینلو لەسەر کورسی ڕویدا. دواپاشایان ئەلوەند بەگ بوو، کە شا ئیسماعیلی سەفەوی کوشتی ساڵی 920ك، بەوە دەسەلاتی ئاق قۆینلوی تورك کۆتایی پێ هات و دەوڵەتی سەفەوی لەسەر خاکەکەی پەیدابوو.

سیاسەتی ئۆزون حەسەن بەرامبەر میر و میرنشینە کوردەکان زۆر خراپ بوو، سەرەك هۆزەکانی کوردی لە شوێنی خۆیان لادەبرد و دەست چێنی خۆی لە شوێنیان دادەنا، هەر سەرەك هۆزێك دژی ئەو سیاسەتە بوەستایە دڵڕەقانە

---

[1] دراسة عامة عن ایران، محمد وصفی ابو مغلی، ص242، کتاب جامعة البصرة 1985.

[2] تأریخ ایران زمین، د. محمد جواد مشکور، ص260، ایران 2536 شاهنشاهی.

[3] دراسة عامة عن ایران، ص242، ئەویش لە (خواندامیت، حبیب السیر، ج4، ص430، تهران)یان وەرگرتووە.

[4] هەمان سەرچاوە، ص243.

سەرکوت دەکرا.[1] دەیان جار شارە کوردەکانی تالآنکردو خەڵکەکەی قەتڵ و عام کرد، بەتاییەت شەش جار شاری ماردینی تالآنکردو سەروماڵیانی برد.

کارل بروکلمان دەڵێت: ئوزون حەسەن وا بەتەمابوو حکومەتی بندقیە (هەرێمێکە لە ئیتاڵیا) پشتی دەگرێ دژی عوسمانیەکان، بەڵام شکا و بەرەو دوا گەڕایەوە، چونکە پیر بوو ئۆزۆن حەسەن مرد، خەلیلی کوڕی جێی گرتەوە، ئەویش بەدەستی یەعقوبی برای کوژرا، لەو کاتەدا دەوڵەتی ئەردەبیلی سۆفی دەرکەوت، کە پاشان بویە ناوك بۆ دەوڵەتێکی ئێرانی پتەوی پایە بەهێز. پێشتر چەند جارێکی تر یەککگرتن لە نێوان ژیانی ڕۆحی و سۆفی مەبەستە سیاسیەکاندا بوە، ڕەنگە کەمجار سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، بەڵام ئەم جارە توانرا جێ بگرێ[2] و، دەوڵەتێکی بیرۆکە سۆفی و تەرز سیاسی سەفەوی دروست بوو..

مێژوو لە هەندێ ڕویەوە یەك لە دوای یەکی بابەتە دژەکانە،  زۆر سەیرە کە سروشت شێوازێك لە سەردەمێکدا بڵاوەو ڕەغبەتی هەیە، بەڵام لە سەردەمێکی تردا ناخوازرێ و خەڵکی خۆی لێبەری دەکات. ئاشتی چەند تەمەنی درێژ بێت، کۆتاییەکەی شەڕێکی دژوار دەیبڕێنێتەوە، ئاق قۆینلو چی نەکرد بە بنەماڵەی سەفەویەکان. هەرخۆیان بونە پێگە بۆ مەزن کردنیان و، دواتریش مەزنترین دەوڵەتیان لەسەر لاشەی خۆیان بۆ دروست کرا بۆ دژایەتی عوسمانیەکان، ئەوەی حەسەن ئوزون نەیتوانی بیکات بە عوسمانیەکان، سەفەویەکان بەزیادەوە کردیان، واتە سەفەویەکان بونە خۆرە بەسەر لاشەی ئاق قوینلۆوە، ئەوە قۆناغەکانی مێژووی ژیان وشارستانیە، پەیدەگا و باڵا دەبێ و پاشان دەنەوێ و دەکەوێ.

### شێخ صەفادینی ئەردەبیلی

بنەماڵەی سەفەویەکان بۆشێخ صەفا دینی ئەردەبیلی دەگەڕێتەوە (650–735ك). لەسەرەتاوە موریدی شێخ تاجە دینی زاهید بوو، کچەکەی خواست، پاشان کۆچی کرد بۆ ئەردەبیل و دەستی کرد بە وەعزو ئیرشاد هەتا گەیشتە پلەی شێخ، پاشان کۆمەڵێکی سۆفی پێکهێنا بەناوی (ئیخوان)، چونکە هەریەکە ئەویتری بە (ئەخی) بانگ دەکرد، ئیخوان لە ئازربایجان و ئاسیای بچوك زۆر بوون. شێخ صەفادین ساڵی 735ك مرد، صەدرەدینی کوڕی جێی گرتەوە (704–794ك)، ئەویش مرد، خواجە عەلی کوڕی جێی گرتەوە و 36ساڵ شێخایەتی کرد. ئەویش لە فەلەستین مرد ساڵی 830ك. شێخ صەفادین و شێخ صەدرەدینی کوڕی، هەردوکیان لەسەرمەزهەبی سونی شافعی بوون. بەڵام خواجە عەلی مەیلی بەلای تەشەیوعێکی پاکی بێ دەمارگیریدا هەبوو.. ساڵی 830ك شێخ ئیبراهیمی عەلی کە ناسراوە بە (شێخ شا)، واتە شێخی پاشا، زیاتر وەك دەرەبەگ وخاوەن موڵك دیاربوو هەتا کاری شێخایەتی. شێخ ئیبراهیم ساڵی 851 مرد، کوڕە بچوکەکەی چوە جێی کە ناوی (جونەید)بوو، ئەمیش خاوەنی زەوی و زار و موڵکێکی زۆر بوو، بەوەوە خەریك بوو زیاتر تا شێخایەتی، شێخ جونەید خوشکی ئوزون حەسەنی پاشای ئاق قۆینلوی مارەکرد کە ناوی (خەدیجە بیگم) بوو، دایکی فەلەو لە میرەکانی تەرابزون بوو، شێخ جونەید زۆر دەمارگیربوو، دژی ئاینزاکانی (مەزهەب) تری ئیسلامی بوو، هەتا لە جەنگێکیدا لەگەڵ شیروان پاشای سونی مەزهەبدا کوژرا[3]. ساڵی 860 شێخ حەیدەر لە جێی باوکی دانیشت، (ئوزون

[1] کورد و باکوری کوردستان، مامۆستا ڕەسوڵ هاوار، لا154.
[2] تأریخ الشعوب الاسلامیة، کارل بروکلمان، ص492.
[3] دراسة عامة عن ایران، ص245.

حەسەن) خاڵی بوو هەر لەماڵی ئەواندا گەورە بوو، زۆری خۆش دەویست، لەبەر ئەوە (مارتا)ی کچی لێ مارەکرد. (دایکی مارتا ناوی تیودورا –کاترینا کچی کالو جوهانس دوا ئەباتیرەی ڕوهبانەکانی تەرابزون بوو)[1]

پیرنیا دەڵێت: ناوی سەفەوی لە شێخ صەفادینی ئەبو ئیسحاق ئەردەبیلیەوە هاتوە کە ساڵی 650ک لە دایك بووەو ساڵی 735ک مردووە، یەکێك بووە لە عارفانی سەردەمی خۆی، سەرەتا موریدی شێخ تاجەدینی زاهیدی گەیلانی بوەو کچی خۆی داوەتێ، ئەو شێخە لە ساڵی 700ک دا مرد، شێخ صەفادین لەجێی شێخەکەی دانیشت، موریدەکانی لە دەوری ئەم کۆبونەوە. کە صەفادین مرد، شێخ صەدرەدین موسا (704–794) چووە جێی، دوای ئەو خولجە عەلی چوە جێی، ئەویش ساڵی 830ک مردوە.

سوڵتان جونەید هاوچەرخی ئوزون حەسەن بووە لە دیاربەکر، ئەمیر حەسەن خوشکی خۆی کە ناوی خەدیجە بیگم بووە، داوە بە جونەید، سوڵتان جونەید لەو ژنە کوڕێکی بوو ناوی ناحەیدەر، کە پاشان بوو بە باوکی شا ئیسماعیلی سەفەوی، وە حەیدەریش کچی خاڵی خۆی مارە کرد کەناوی مارتا بوو، کە فارسەکان پێی دەڵێن ﴿عەلەمشا خاتون﴾، کچی شازادە خانمە یۆنانی بوو، لەو ئافرەتە شا ئیسماعیل بوو. لەو ڕێگەیەوە سوڵتانەکانی سەفەوی لە روی دایکیانەوە بە ئەمیرە فەلەکانی یۆنانی تەرابزون دەگەن و، وە لە ڕێگەی باپیریانەوە بە ئەمیرەکانی ئاق قۆینلو پەیوەستن.[2]

شێخ صفی الدین وای ڕاگەیاندووە کە ئیمامی حەوتەمە، واتە (ئیمام موسای کازم)، سێ کوڕی بووە بە سۆفی بەناوبانگ بوون، بەتایبەت شێخ جونەید، کە سوڵتان جهان شای قەرە قۆینلو هەڕەشەی لێ کردبوو، لە ترسان پەنای بردبووە بەر حەسەن ئوزون لە دیاربەکر، ئەویش کچێکی خۆی داوەتێ کە شا ئیسماعیل لەو بووە[3].لە ساڵی 1447دا شێخ جونەید بووە بە ڕێبەری ئەو ڕێبازە، گۆڕانێکی گەرم و لەپڕی لێ پەیداکردووە، کابرایەکی پەلە و بەهەڵپە بووە، زۆرکەیفی بە گەڕان و سوڕانەوە هاتووە، بەتایبەت دوای ئەوەی جهان شای قەرە قۆینلوی لە ئەردەبیل دەرکرد، لەگەڵ ئۆزون حەسەندا کە خوشکێکی خۆی دابویە دۆستایەتی کرد، سەرکەوتوانە هەوڵی دەدا لەناو هۆزە تورکە ڕەوەندەکانی خوار و ڕۆژ ئاوای ئەنادۆڵ لایەنگر و هەوادار دروست بکات، ئەو هۆزانە خۆیان بەسەر زارەکی موسوڵمان بووبون، هەرزوش بزوتنەوەی شیعەگەریان تیا دروست بوو لایەنگری چاکی لەو هۆزانەدا پەیداکرد، کە ئەوەندەی تر کارو چالاکی گەرم و گوڕی لای جونەید و حەیدەر و شا ئیسماعیلی کوڕەزای دروست کرد.

مارتن ڤان برونسون لە لاپەڕە (363 و 500)ی کتێبەکەیدا دەڵێت: لایەنگرانی شیعە شێخ جونەیدیان بەخوا داناوەو بە (ئالاه) ناویان بردووە، کوڕەکەیان بە کوڕی خوا ناوبردووە و وتویانە هەمیشە زیندووە و لەو زیاتر خوایەکی تر نیە، مینۆرسکیش لە لاپەڕە 66چاپە فەرەنسیەکەیدا کە ساڵی 1975چاپ کراوە هەر ئاوا باسی کردووە.[4]

کارل بروکلمان دەڵێت: ساڵی 1334ز. لە ئەردەبیل شێخ ئیسحاق صەفادین مرد، کابرایەکی سۆفی عەلەوی بوو، ڕەنگە لە باشوری وولاتی عەلەویەوە کۆچی کردبێت، ئەردەبیل دەکەوێتە ئازربایجانی ڕۆژ هەڵاتیەوە، 35 کیلۆمەتر لە لێواری باشوری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین (خەزەر)، کچی شێخێکی زاهیدی گەیلانی مارەکرد، سەرەتا شێخەکان هیچ تەماعێکی سیاسیان نەبووە، بەڵام کوڕەزاکەی کە ناوی (خواجە عەلی) بوو ئەوەندەی تەیموری لەنگ توندبوو، هەتا وای کرد تەیموری لەنگ ئەردەبیل و چواردەوری کردبویە وەقفی خواجە عەلی و نەوەکانی، ئەوان بەشی خەڵکی تریان دیاری

---

[1] تأريخ ايران، سير ثرسى سايكس، ترجمة سيد محمد تقى كيلانى، چ2، ص218، تهران 1343.

[2] تأريخ ايران، أز ئاغاز تا انقراض قاجارية، مشير الدولة حسن پيرنيا، عباس اقبال، ص661، چاپی هەشتەم، پایز 1376 ایران.

[3] کورد و باکوری کوردستان، مامۆستا رسوڵ هاوار، لا151.

[4] هەمان سەرچاوە، لا152–153.

دەكرد، خەلیفە و نائب و موریدی زۆر پەیدابوون، هەتا وای لێهات پەیڕەوانی زۆر و توندڕەو بوون، مەزهەبی شیعەیان بڵاوكردەوەو، بونە جێی تێڕامانی حاكمەكان، شێخ صەدرەدین كوڕی شێخ صەفائین ساڵی 1360ز. بە بڕیاری حاكمی ئازربایجان و مەغۆلی ئەو كاتە بەندكرا، وە لە ساڵی 1447ز.دا ناكۆكی لەنێوان شێخ جونەید و جەعفەری مامی كە بە وەصی بەسەریەوە دانرابوو ڕوی دا، جونەید ناچاربوو چەند ساڵێك لە ئاسیای بچوك بژی، لە كێوی ئەرسوس لە سەر كەنداوی ئەسكندرونە مایەوە، خۆی لە قەڵایەكی كۆنی خاچ پەرستەكان قایم كربوو، دواكەوتوەكانی كۆكردەوە، (جقمق سوڵتانی مەمالیك گومانی لێكرد هەوڵیدا بیگرێ، بەڵام هەڵهات بۆ نزیك دەریای ڕەش، لەوێ خەڵكێكی زیاتری پێوە نوسا، بانگی جیهادی ڕاگەیاند لە دژی مەملەكەتی تەرابزون، بەڵام سوڵتان محمدی دووەمی فاتح –عوسمانی– فریاكەوت و پێش ئەو گرتی و ناوچەكەی بەستەوە بە ئیمپراتۆری عوسمانیەوە، لێرەوە ئوزون حەسەن پاشای ئاق قۆینلو خۆشی دەویست و یارمەتی دا، هەر لەبەر ئەوەی دژی عوسمانیەكان هەوڵی داوە، ئەنجا شێخ جونەید لە ژێر چاودێری ئوزون حەسەن دا بانگەوازە شیعەكەی فراوانتر كرد و ساڵی 1459 ئوزون حەسەن كچی خۆی دایە، گەڕایەوە وولاتەكەی. بەڵام خانی قەرە قۆینلو كە دوژمنی ئوزون حەسەن بوو، شێخ جونەید و بانگەوازەكەی پێقبوڵ نەكرا، هەر بۆیە دەری كرد و دوری خستەوە لەو ناوچەیە، بەڵام پەیڕەوانی شێخ جونەید هەر لە زۆر بووندا بوون، جیهادی ڕاگەیاند لە دژی جەراكسە، ئەنجا پێشڕەوی كرد بەرەو خاكی شیروان شاە، ئەویش ڕێگەی نەدا و چاك لێیدان، لە 4ی ئازاری 1460دا شێخ جونەید لە هەرێمی شیروان كوژرا و سوپاكەی شكستی خوارد.[1]

دوای چەند مانگێك ژنەكەی شێخ جونەید منداڵێكی بوو ناوی نا حەیدەر، لە شاری ئامەد (دیاربەكر) مانەوە، لە ماڵی ئوزون حەسەنی خاڵی گەورە بوو، لە ساڵی 1470زدا ناردیەوە بۆ شاری ئەردەبیل هەتا جێی باوكی پێبگرێتەوە و دژایەتی قەرە قۆینلوی پێبكات، ئەوكاتە هێشتا لە ژێر ویصایەی جەعفەری مامیدا بوو، كە تەمەنی گەیشتە نزیكەی پانزە ساڵ، ویصایەی مامی بەسەرەوە نەما، ئۆزون حەسەن كچە گەورەی خۆی (دەسبینە خاتون) لێ مارەكرد، كەلە نەوەی تەرابزونەكان بوو، لە 17تەموزی 1487دا منداڵێكی بوو ناونرا ئیسماعیل كە بنەماڵەی سەفەوی لەسەری ئەم كوڕەوە بناغەی دانرا.

حەیدەر دوای مردنی باپیری، لە كاروبارێدا سەربەخۆ بوو، بەڵام ئەمجارە شێوازی بانگەوازەكەی ڕێكخستەوە و بە شێوەیەكی نوێ دایڕشتەوە، هێمایەكی بۆ هەوادارانی دیاریكرد كە بریتی بوو لە چەفتەیەكی سور دوانزە گوڵێنگی هەبوو، یان قوچەكی بوو دوانزە پێچ و خولانەوەی هەبوو كە گوایە مەبەست دوانزە ئیمامەكەی شیعەی دەگەیاند، ناونرابوو (تاجی حەیدەری)، عوسمانیەكان ناویان نابوو (قزڵباش) واتە (سەرسور)، دواكەوتوانی حەیدەر، بەزۆری هۆزی توركی بوون، كوڕی ئەو ئەسیرانە بون كە تەیموری لەنگ جێی هێشتبوون بە (كۆیلە)، لای خولجە عەلی جێیەكی چاكیان گرتبوو لە ناو قزڵباشەكاندا. لە ساڵی 1483 دا شێخ حەیدەر دەستی كردە هێرشەكانی بۆ سەر جەراكسە كە شیروان شا یارمەتی دەدان و بەناو خاكی ئەودا گوزەریان دەكرد، حەیدەر داوای تۆڵەی باوكی دەكرد كە شیروان شا كوشتبوی، زۆریان بۆ شیروان شا هێنا و قەڵای گوڵستانیان لێسەند، ناچاریان كرد ڕابكات بۆ ناوچەی دەربەند (باب الابواب). لە 9ی تەموزی 1488دا لە نێوان قزڵباش و توركمان دا جەنگێكی سەخت ڕویدا لە داوێنی شاخی ئەلبورز، شێخ حەیدەر كوژرا. توركمانە قەرە قۆینلۆكان بە سەرۆكایەتی سوڵتان یەعقوبی كوڕی مامی شێخ حەیدەر بوون. سوڵتان یەعقوب كوڕەكانی شێخ حەیدەری ﴿عەلی و ئیبراهیم و ئیسماعیل﴾ بە دایكیانەوە گرت و لە ئەردەبیلەوە گواستنیەوە لە شاری ئەستەخر لە هەرێمی فارس بەندی كردن. یەعقوب ساڵی 1490 مرد، كوڕەكانی لەسەر كورسی كردیانە شەڕ و هەرا، لەو ناكۆكیەدا منداڵەكانی شێخ

[1] تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ص493–494.

حەیدەر بەریوون هەوادارەکانیان کۆکردەوە بۆ یارمەتی ڕۆستەم، نەوەی دسبینە عەلی بایسنقر کوڕی یەعقوب بوو، لە ساڵی 1493 سولتان عەلی کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر لێیدا و سەرکەوتن بەسەر بایسنقر دا، ئەنجا بەردەوام بوون لە هێرش و سەرکەوتن، قزڵباشەکانی دەوڵەتی سۆفی لە ئەردەبیل پێشڕەوی زۆریان کردبوو، بەڵام لە گەرمەی شەڕدا سوپای ڕۆستەم لێی دان و شێخ عەلی کەوتە ئاوو مرد، سوپای شیعە بەرەو دوا کشانەوە. هەوادارەکانی سولتان عەلی هەردوو براکەیان ئیسماعیل و ئیبراهیمیان شاردەوە، پاشان ئیسماعیلیان هەڵگرت و بردیان بۆ جێیەکی ئەمین لە گەیلان. حاکمی گەیلان کە دۆستیان بوو ڕێزی لێگرتن هەرچەند سەر بە ئاق قۆینلو بوو، لەوێ بە شاراوەیی مایەوە هەتا ڕۆستەم ساڵی 1497 دەسەلاتی لەدەست چوو بەدەست ئەحمەدی ئامۆزایەوە. ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ ئیسماعیل کە بجوڵێ و داوای دەسەلاتی جێماوی باوکی بکات، ئەو کاتە ئیسماعیل تەمەنی سیانزە ساڵان بوو.[1]

### شا ئیسماعیلی صەفەوی

شێخ حەیدەر یەکەم کەس بوو لەقەبی سولتانی وەرگرت لە سەفەویەکاندا، داوای لە پەیرەوانی کرد کە فێسێکی قوچەکی لە چۆخی سور دروست کرا کە 12گولنگ (تیە)ی پێوەبوو, هێمابوو بۆ 12ئیمامەکە، ئەنجا سوپای ڕێکخست و چوە سەر شیروانشا بۆ تۆڵەی باوکی، بەڵام حەیدەر خۆی کوژرا ساڵی 893ك، ئەمیر یەعقوب ئەمیری ئاق قۆینلو سێ منداڵەکەی بەند کرد لە ئەستەخر، کە یەعقوب مرد، ئەمیر ڕۆستەم کوڕەزای ئەمیر حەسەن بەری دان. عەلی یارمەتی ڕۆستەمی دا کە بایسنقری ئامۆزای لەناو بەرێ، کە هەستی بەو خەتەرە کرد هەڵهات بۆ ئەردەبیل، بەڵام دوژمنەکانی لە ڕێگە کوشتیان ساڵی 900ك. دوای کوژرانی شێخ عەلی موریدەکانی لە دەوری ئیبراهیم و ئیسماعیل کۆبونەوە، ئەو کاتە منداڵبوون، وە لە دوژمنەکانیان شاردنەوە لە لاهیجیان، زۆری نەبرد ئیبراهیم چووە لای دایکی لە ئەردەبیل، دوژمنەکان پێیان زانی کوشتیان، مایەوە ئیسماعیل کە ئەو کاتە 6ساڵان بوو، لای ساداتی گەیلان مایەوە وبەخێویان کرد. ئیسماعیل ساڵی 905ك لە ژێر چاودێری نەما، تەمەنی بوبووە 13ساڵ، چو بۆ ئەردەبیل بە هاوڕێیەتی حەوت صۆفی، لە ڕێگە خەڵکی زۆر دوایان کەوتن، کە گەیشتنە ئەردەبیل حاکمەکەی ﴿عەلی بەگ چاکرلو﴾ ناچاری کرد شار جێ بهێڵێت، چوو بۆ شاری (ئاستارا) خەڵکی زۆری پێوە نیشت، پاشان گەڕایەوە بۆشاری ئەردەبیل، هێرشی کردو (فرخ یەسار)ی پاشای لە تۆڵەی باوکی دا کوشت، پاشان شاری باکۆی گرت و بەرەو ئازربایجان کەوتەڕێ و، (میرزا ئەلوەند) ئەمیری ئاق قۆینلوی شکاند، شا ئیسماعیل چووە شاری تەبریز و تاجی سەڵتەنەتی لەسەر کرد لە محرم 907ك دا، خەڵکێکی زۆر لە هۆزە تورکەکان بەیعەتیان دایە.[2]

پیرنیا دەڵێت: شێخ جونەید ساڵی 860ك لە جەنگی لەگەڵ ئەمیر شیروان کوژرا و شێخ حەیدەر جێی باوکی گرتەوە، حەیدەریش بۆ تۆڵەی باوکی ڕۆشتەوە سەر شیروان و شکاندی، بەڵام شیروان شا داوای یارمەتی لە ئەمیر یەعقوبی تورکمانی کرد، یەعقوب کە هەرچەند خزمایەتی بە شێخ حەیدەر هەبوو، بەڵام یارمەتی شیروان شای دا و ساڵی 893ك شێخ حەیدەر کوژرا. سێ کوڕی لە دوا بەجێما. یەعقوب ئەو سێ کوڕەی لە قەڵای ئەستەخر بەندکرد، ساڵی 898 ئەمیر ڕۆستەم بەگ داوای کردن، عەلی کوڕی شێخ حەیدەر لە ئەردەبیل کوژرا، ئیبراهیم و ئیسماعیلی برای کۆچیان کرد بۆ گەیلان، ئیبراهیمش لەو ناوەدا کوژرا، ئیسماعیل تەنها مایەوە. بەڵام کە گەورە بوو بە پشت ئەستوری موریدەکانی باووباپیری کەلە هەموو ئازربایجان و ئاران و ئەرمەنستان و جزیرەی فورات پەرت و بڵاوبون، چووە ئەردەبیل پاشان چوە

[1] هەمان سەرچاوە، ص490-496.

[2] دراسة عامة عن ایران، محمد وصفی ابو مغلی، ص245-246.

ناوچەی زنجان، حەوت هەزار لە تورکی هۆزە جۆراو جۆرەکان پێوەی نوسان.[1] شا ئیسماعیل لە 25رجەب892 لە دایك بووە، لە شوێن هەڵسانی بە شوێن خوێن خۆری باوکیدا دەگەڕا کە سیانزە ساڵ لەوەو پێش کوژرابوو. دوای کۆکردنەوەی قزڵباشەکان گەیشتە ئەردەبیل بۆ زیارەتی گۆڕی باوکی و باپیرانی و سەردانی دایکی، پاشان لەوێوە چوو بۆ شیروان و بکوژی باوکی کوشت. شاری باکۆی گرت. ئەڵوەند بەگی تورکمان بەرەو ڕوی هات، هەردوو سوپا لەناوچەی شرور لەیەکیان دا، شا ئیسماعیل هەشت هەزار لە سوپای تورکمانی ئاق قۆینلوی کوشت، ئەڵوەند بەرەو ئامەد (دیاربەکر) گەڕایەوە، شا ئیسماعیل تەبرێزی گرت و کردیە پایتەختی خۆی و سکەی لێدا و مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی کردە مەزهەبی ڕەسمی. پاشان پەلاماری عیراقی عەجەمی دا و لە نزیك هەمەدان مراد بەگی ئاق قۆینلو کە جێنشینی ئەڵوەندبەگ بوو، شکاندی و هەڵهات بۆشیراز، لەوێش دوای کەوت، لە ربیعی یەکەمی 909دا شیرازی گرت و کۆتایی بە زنجیرەی ئاق قۆینلو لە ئێران هێنا. مراد بەگ خۆی گەیاندە بەغداد و سوپای پێکەوەنا، شا ئیسماعیل دوای ئەوەی سنوری گەیاندە عێراقی عەجەم و فارس و کرمان و دیاربەکرو شوشتر و حوێزە و ئەسفەهان، لە ساڵی 914ك بەبێ شەڕ چوە بەغداد، لەوێوە چوە ئازربایجان و باکۆی گرت و گەڕایەوە تەبرێز، دەوڵەتی ئاق قۆینلوی بە تەواوەتی کۆتایی پێهێنا.

خۆراسان بەدەست ئۆزبەگیەکانی منداڵانی تەیموی لەنگ لە نەوەی جوجی کوڕی جەنگیز خانەوە بوو، شا ئیسماعیل پەلاماریدا و لە ساڵی 916ك دا خۆراسان و مەشهەدی گرت، لە 26شەعبان 916ك شاری مەرۆی گرت و دەهەزار ئۆزبەگی کوشت و شیبەك خانی سەرداریان کوژرا, ئەم پەلامارە خوێناویانەی هەموو بۆ تۆڵە سەندنەوەو دژایەتی کردنی ئەهلی سونە بوو.. پاشان چوە هیرات، لە بەهاری 917ك هێرشی بردە سەر وولاتی ماوەرای نەهر و هەتا سنوری ڕوباری جەیحون چوو. ئەنجا گەڕایەوە ئازربایجان، ساڵی 918ك سەفەویەکان و هیندیەکان پێکەوە هێرشیان کردە سەر ئوزبەگە سونیەکان، بەڵام شکستیان خوارد و (ئەمیریار) ی سەرکردەی سەفەویەکان کوژرا، لەگەڵ هیندیەکاندا گەڕانەوە.. پاشان ئوزبەگەکان هێرشیان هێنایەوە بۆ سەر خۆراسان و مەڕۆ و هیرات و زۆر جێی تریان گرتەوە.. شا ئیسماعیل بە سوپایەکی زۆرەوە چوو بۆیان، بەڵام بەبێ شەڕ ئوزبەگیەکان زوتر گەڕابونەوە.

لەم کاتەدا کە سەفەویە شیعەکان لە ڕۆژ هەڵاتەوە بە ئوزبەگە سونیەکانەوە خەریکن، دەسەڵاتێکی زۆر بەهێز لە ڕۆژ ئاواوە لەوپەری ئەوجی دەوڵەتیدایەو سونیە، تورکە عوسمانیەکان ئەنادۆڵ و باڵقان و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایان بە دەستەوەیە، خاوەنی مەزهەبی سونەو تۆپ و تفەنگ و سەربازانێکی بێشومارو جبەخانەیەکی مەزنن، عوسمانیەکان بە چاوی خۆیان دەیاندی کە چی بە ئوزبەگە سونیەکان دەکرێ لەلایەن سەفەویەکانەوەو بە ئاشکرا جەنگی مەزهەبی دەوروژێنن. بەتایبەت کە شا ئیسماعیل بڕیاری دابوو مەزهەبی سونی لە ئێراندا نەهێڵێ و خەریك بوو لە ڕەگ و ڕیشە دەری دەهێنان. وە شکایەتی زۆر لەوناوچانەوە دەبرایە بەر دەرگای سەڵتەنی عوسمانی. ئەمەش بە عوسمانیەکان قبوڵ نەدەکران.[2]

شا ئیسماعیل کەلەسەر عەرش دانیشت مەزهەبی شیعەی ئیمامی کردە مەزهەبی ڕەسمی ئێران، کاتێ دەیانگوت خەڵکی ئێران سونین و لەسەر مەزهەبی شافعین، دەیگوت "من لەکەس ناترسم ئەگەر خەڵکی یەك قسە بکەن بەدڵم نەبێ ئەوسا خۆم بەتەنها لێیان دەدەم و یەك کەسیان ناهێڵم"..[3]

---

[1] تأريخ ايران، حسن بيرنيا، عباس اقبال، ص662-663.

[2] هەمان سەرچاوە، ص663-665.

[3] تأريخ ايران زمين، دكتورمحمد جواد مشكور، ص267.

زانا شیعەکان ئەو کاتەی کە تەبریزی کردە پایتەخت و مەزهەبی شیعەی کردە ڕەسمی پێیان ووت: دوو لەسەر سێی خەڵکی تەبریز بەلای کەمەوە سونین، ئەم بڕیارە لەم کاتەدا قورسەو خەڵکی لێمان هەڵدەسێت و ئێمە کەم و ئەوان زۆر بۆمان ناچێتە سەر،" شاسمایل وتی: "من پێم وتراوە ئەم کارە بکەم, چەندی تێبچێت هەربەتەنها دەیکەم و گوێ لە کەس ناگرم". ئەو کاتە خەڵکی تەبریز (300 هەزار) کەس دەبوون، بە پەلە مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت، ئەنجا خەڵکی هان دەدا قسە بڵێن بە ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان — سێ خەلیفەکە —، خەڵکێکی زۆری دا بەکوشت هەتا دوو شارە پیرۆزەکەی شیعە (نەجەف و کەربەلا)ی گرت. لەو کاتەدا کۆمەڵێک شیعە لە شاری حوێزە پەیدابوون کە عەلیان بە خوا دەزانی (عەلی ئیلاهی)، سەرکردەکانیشیان خۆیان بە خوا دەزانی، شا ئیسماعیل لەوانەی دا و لە سونە خراپتری پێکردن. ئیتر دوژمن نەما لەبەردەمیدا، جگە دوو هێزی سونی، ئۆزبەگی لە ڕۆژهەلات و عوسمانی لە ڕۆژ ئاوا. پەلاماری ئۆزبەگی دا کە تورکستانیان بە دەستەوە بوو بە سەرۆکایەتی خان محمدی شەیبانی. شا ئیسماعیل دەیویست مەشهدی پیرۆزی شیعە کە مەرقەدی ئیمام عەلی ڕەزای لێیە، لە ئۆزبەگ بسەنێ. دوو سوپا دایان لە یەك و محمد شەیبان کوژرا و، شا ئیسماعیل لاشەکەی هەڵ کوڵی و پێستەکەی کای تێ کرد، جومجمەکانی بە ئاڵتون سواغ دا و کردی بە پەرداخی خواردنەوەو وەك هەڕەشە ناردی بۆ سوڵتان بایەزیدی عوسمانی. بەڵام بەردەوام ئۆزبەگیەکان پەلاماری سنوری سەفەویەکان دەدا.[1]

ئەبو مغلی دەڵێت: شا ئیسماعیل هێرشی کردە سەر شاری مەڕۆ، پایتەختی خۆراسان لە 16شەعبان 916ك دا وە دەهەزار لە خەلکەکەی سەربڕی لەبەر ئەوەی کە سونی بوون. کە برتغالیەکان بەسەرکردایەتی ئەمیراڵ ئالبوکرك هاتن بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەب و دورگەی (قشم و هورمز)یان گرت، شا ئیسماعیل هیچی نەکرد لە دژیان.ئەویش لەبەر کاریگەری دایکی شا ئیسماعیل (مارتا) و نەنکی (تیودورا) ی یۆنانی کە فەلە بوو. سوڵتانی عوسمانی بایەزیدی دووەم، نوێنەری نارد بۆ لای شا ئیسماعیل ساڵی 910ك، هەتا بڕیاری هاودۆستی بدەن، بەڵام شا ئیسماعیل ئەوەی بەلاوازی زانی، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەوادارەکانی لە هۆزی (تکلو) هاندەدا بۆ شۆڕش کردن و پەلامار دژی دەسەڵاتی عوسمانی، وە پیاوێکی بەسەرەوە دانان لە نزیکانی خۆی ناوی (حەسەن ئوغلو) بوو کە پێیان دەوت (شا قولی) واتە: بەندەی شا. بەڵام عوسمانیەکان پەلامارياندا و شۆڕشەکەیان لە ڕەگو ڕیشە دەرهێناو سەرکردەکەیان کوشت.[2]

لەگەڵ ئەوەی شا ئیسماعیل (1501–1524) شیعە گەریەگەی دەرخست و کردبویە مەزهەبی ڕەسمی ئێران کە زۆربەی دانیشتوانی سونی بوو.

بەسەرپەرشتی خۆی کۆمەڵێک زانای کۆکردەوە بۆ نوسینەوەیەکی نوێی نووسراوە شیعیەکان، گۆڕان و دەستکاریان کرد، لە سروشتە عەرەبیەکەی دەری هێنا و، بەرگێکی ئێرانی لەبەرکرد و مەزهەبێکی توندڕەوانەی داڕشتەوە کە هیچیلە ئەسڵەکەی نەدەکرد، بەجۆرێك کە لێکۆڵەرەوە نوێیەکانی وەك عەلی شەریعەتی و ئوستاد محمد بنداوی و دکتور فاروق عمر و موسی الموسوی، ناویان ناوە (شیعەگەری سەفەوی) کە بەتەواوی جیاوازە لە شیعە ئەسڵە (عەرەبیەکە)، تەنانەت لەگەڵ

[1] تأريخ شعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ص498.

[2] دراسة عامة عن ايران، ص275.

تێگەیشتنی شیعەگەری عەلەوی جیاوازە (هەربۆیە ناویان ناوە شیعەی ڕافیزە). هەتا ئەمڕۆش بەئاسانی عەکس بوونەوە و سیاسەتی سەفەوی لەسەر بارودۆخی ناوەوە و پەیوەندیەکانی بەدەرەوەی جیهانی ئیسلامی هەست پێدەکرێت.[1]

## ڕەفتاری شا ئیسماعیل لەگەڵ میرنشینە کوردیەکان

لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا میرنشینێکی زۆری کوردی هەبوون، وەك دینەوەر و شارەزور و فەزلەویە و لورستان و هەکاری و ئامێدی و جزیرە و ساسۆن و سۆران و بابان و ئەردەلان و برادۆست و موکری و تەرگەوەر و میافارقین و دونبولی و کەڵهوڕ و ماهی دەشت و بانە و گەلباخی بدلیس و زۆری تر.

ئەم میرنشین و فەرمانڕەوا کوردیانە، هەمیشە لەگەڵ یەکدا دژ و ناتەبا بوون و شەڕ و هەرایەکی زۆر لە نێوانیاندا بووە، هەرگیز بە یەکگرتویی نەبینراون، مەگەر هێزێکی دەسەڵاتداری مەزن بە زۆر سەرکوتی کردبن یان یەکی پێگرتبن و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری هێنابن، لەم کاتەشدا کە دوو دەوڵەتی مەزنی عەسمانی وسەفەوی پەیدابوون ولە تەماعی سنور فراوان کردن دان، میرنشینە کوردەکانیش لە بەدبەختیان وا ڕێکەوتبون کە هەمیشە کەوتونەتە نێوان دوو هێزە مەزنە دژ بەیەکەکان، وە لەبەرئەوەی کە میرنشینی بچوك بچوك و پارچە پارچە و دژ بەیەك بوون، زۆر زوو لەبەردەم زلهێزاندا چۆکیان داداوە، یان هەر بە نامە و نوێنەر و شاباش و دیاریەکو عافەرینێك داویانەتە پاڵ لایەك لە دژی کوردێك ولایەکی تر خەڵەتاون، ئەوانیش بە ئاسانی و بە کۆمەڵ لە میرنشینە کوردەکانیان قوت داوە و بە خۆیانانەوە بەستونەتەوە، دەنا ئەگەر یەك تۆسقاڵ عەقڵ میوانی میرە کوردەکان بوایە، ئەمان خاوەن خاك و هۆزو گەلی خۆیان بوون، دەیانتوانی لە عوسمانی و سەفەوی بە هێزتر و فراوانتر بن و جێی ئەوان بگرنەوە، چونکە یەکەم عوسمانیەکان هۆزێکی 400 ماڵەی بچوك بوون و کۆچیان کردبوو بۆسەر خاکی خەڵکی تر، بە عەقڵ و زەینی ژیرانەی خۆیان خۆیان کردە خاوەن ماڵ و دراوسێکانیان لکان بە خۆیانەوە. سەفەویەکانیش خێزانێکی پەرتەوازەی دوور خراوە بوون، دەسەڵاتەکانی ئەو کاتە خۆشیان لێیان نەدەهات، سێ پشتی شا ئیسماعیل بە کوشت چوە، واتە باوك وباپیرو باوەگەورەی لە بەر بزێویان کوژران و هەردو براکەشی هەرلەناو براون، بەڵام بە حەوت کەسەوە توانی ژن و ژن خوازی لە هەموولا بکات و دۆست و ئەحباب و پاڵپشت بۆ خۆی دروست بکات و خۆی کردە خاوەنی مەزنترین ئیمپراتۆیەتی هاوچەرخی مەزهەبی ناوچەکە و، هەر بە چەقەنەیەك یاری بە فەرمانڕەوا کوردەکان دەکرد، زۆر بە ئاسانی و شل بەدەستیەوە دەهاتن و شەڕی کوردی پێدەکردن یان قوتی دەدان، شا ئیسماعیلی بێباوك و دایك و برا و پاڵپشت، گەڕا هەتا هەلی بۆگونجا و قۆستیەوە و تۆڵەی باوك و برا و باپیرانی لە دەیان هۆز و گەل کردەوە.

شەرەفخان دەگێڕێتەوە، مەلیك خەلیل کوڕی سولەیمان فەرمانڕەوای حەسەن کیف لە باکوری کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاق قۆینلوی تورك دا، مەلیك خەلیل لە شاری حەما بوو لای میر شا محمدی شیرۆلی، خۆی کۆکردەوە وپەلاماری قەڵای حەسەن کیفی دا و ئاق قۆینلویان دەرکرد و شاری ئەسعوردیشیان پاك کردە، مەلیك خەلیل بویە پاشای سەربەخۆ. لەوکاتەدا شا ئیسماعیلی سەفەوی کە سوڵتان یەعقوبی ئاق قۆینلو دەری کرد، ئێرانی جێهێشت بەنیازی زیارەتی کەعبە بەرەو دیاربەکر چوو، کە گەیشتە حەسەنکیف مەلیك خەلیل پێشوازی کرد بە گەرمی، شا ئیسماعیل ناچار بوو خوشکی خۆی پێ ببەخشێ، ڕۆژی زەماوەند بەزمێکی ئەو تۆ بەرپابوو وێنەی نەبوو. لە دوای ئەوە بە ماوەیەك کە تەخت و بەختی

---

[1] تأريخ ايران، د. فاروق عمر، د. مرتضى حسن النقيب، ص232، کە ئەویش لەم سەرچاوانەی وەرگرتووە: (افاق عربية، آب 1984، الواجهات الدينية للحركات الفارسية، عمران السلمي رمز الصمود العراق ضد البويهيين، و مجلة آفاق عربية، العدد الاول، بغداد 1982). (التشيع و التصحيح، موسى الموسوي). (التشيع بين مفهوم الائمة والمفهوم الفارسي، محمد البنداوي).

ئاق قۆینلو وەرگەڕا و ڕۆژی شا ئیسماعیل هات و، بویە پاشا و تەبریزی کردە پایتەخت، 21 لە میر و مەزنانی کوردستان بە ئاواتی سەردان ڕویان لە بارەگای شا کرد لە شاری خۆی بۆ پیرۆزبایی، شا هەر کە چاوی پیٚکەوتن، دوای بەخێرهاتن و چەند و چون، مەلیك خەلیل و هەموو سەرکردە کوردەکانی گرت و دانیە دەست زەینەڵ بەگی شاملو و ڕەوانەی زیندانی کردن. داواشی لە مەلیك خەلیلی زاوای کرد کە هەر ئیستا خوشکەکەی بە منداڵەکانەوە دەوێتەوە. مەلیك خەلیل ژنەکەی و سیٚ کچ و کوڕێکی بۆ هێنایەوە. سیٚ ساڵ لە گرتوخانە مانەوە و وڵاتی کوردەواری بە دەست قزڵباشەکانەوە بوو.

کە جەنگی چاڵدێران ڕویدا، مەلیك خەلیل دەرفەتێکی بۆ ڕەخسا و لەگەڵ (باشی بیوك بایکی) دا ڕێککەوتن، پاسەوانانی زیندانی کوشت و لە تەورێزەوە ڕای کرد بۆ دیاربەکر و گەیشتەوە حەسەنکیف، ئەنجا کەوتە شەڕ لەگەڵ قزڵباشان و ناوچەکانی لیٚسەندنەوە.[1] کە شا ئیسماعیل دەرکراوو لاوازبوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی خوشکی دایە مەلیك خەلیل، کە دەسەڵاتی خۆی بینی، مەلیك خەلیلی سونی مەزهەبی بەکەم زانی کە زاوای بێت. هەرگیز میرە کوردەکان نەیانتوانیوە سیاسەتێکی لەو جۆرە لەگەڵ دەسەڵاتە بەهێزەکانی سەردەمەکانیان نیشان بدەن، هەمیشە خەڵکی گۆڵی لەمیرە کوردەکان کردوە..!!

شا ڕۆستەمی شا حوسەین فەرمانڕەوای لوڕی بچوك بوو لە باشوری عیراقی عەجەم، واتە لە هەمەدان هەتا خوزستان، بەدەست تەیموری لەنگە هەرایان پیٚدەکراو هەزاران کوردیان لیٚکوژرا، کە شاڕۆستەم بویە فارمانڕەوای لوڕی بچوك خۆی گەیاندە لای شا ئیسماعیلی سەفەوی نەبادا پەلاماری بدات، ئەویش پەسەندی کرد..[2]

ئەمین زەکی دەڵێت : دوای ئەوەی شا ئیسماعیل بغدادی گرت و بەرەو حوێزە چوو، لەشکرێکی دەهەزار کەسی بەسەرکردایەتی حەسەن بەگی لالاو، سەرەك هۆزە کوردەکانی تالش و بایرلم بەگی فەرمانلو ناردە سەر شا ڕۆستەم و شەڕێکی سەخت قەوما و شا ڕۆستەم شکا، ناچار داوای پێکهاتنی کرد و شا ئیسماعیل قبوڵی کرد.[3]

شەرەفخان دەگێڕێتەوە: حەسەن بەگ (حەسەن ئوزون) سوڵتانی ئاق قۆینلو، هێرشی کردە سەر فەرمانڕەوایانی (جزیرە) کە بە (عەزیزان) ناودارن،ووڵاتی بۆتانی داگیرکرد و وێران و خاپوری کرد و زۆربەی پیاوە گەورەکانی لەناو برد . میر شەرەف کوڕی میر بەدر خۆی لە دیلی ڕزگار کرد و خەڵکی زۆری لە بۆتان کۆکردەوە و پەلاماری دان و هەموو ناوچەی جزیرە و بۆتانی لیٚپاك کردنەوە.

کە شا ئیسماعیلی سەفەوی پەیدابوو، عێراق و ئازربایجانی داگیر کرد، تەماعی کردە دیاربەکر و موسڵ و شەنگار و گرتنی، ئەنجا پەلاماری جزیرەی دا. بەڵام میر شەرەف زۆر خراپ شکاندی، چەند جاری تر هاتنەوە، دیسان شکاندنیەوە و هەزارو حەوت سەد قزڵباشی کوشت، جاریٚ تر بەیارمەتی کوردانی خۆفرۆش هاتنەوە، دیسان شکستی باشیان بوو، ئەمجارە (یەکان بەگ تکلو) سەرەك پاسداری شا لە هەمەدانەوە بە سوپاوە هاتن، شەڕی قورس قوما و خوێنی زۆر ڕژا و بەشکستی گەڕانەوە. ئیتر قزڵباشان نەیانوێرا جاریٚتر بەو ناوەدا لابکەنەوە.. ئەم هێرشانە لە ساڵی 908–917 ك، 1503–1511ز دا ڕویدا. میر شەرەف ماوەیەکی زۆر بەسەر بەرزی ژیا و دوایی مرد. شا عەلی بەگی برای هاتە جیٚی و هۆز و تیرەکانی بۆتان ئەویان بە پەسەند دانا، پیاوە گەورەکانی کوردستان دەترسان و خۆیان ئامادەکربوو بچنە (تەورێز وخوی) و، خۆیان بکەنە دۆستی شای ئێران و بچنە ڕیزی کاربەدەستانیەوە ئەگەر ڕازی بێت . شا عەلی ئەوەی لێك نەدایەوە کە بۆتانی چی بە قزڵباشان کردووە، لەگەڵ دوانزە کەس لە سەردارانی کوردستان چون بۆ بارەگای شا ئیسماعیلی

---

[1] شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێر هەژار موکریانی، لا334–338.

[2] هەمان سەرچاوە، لا103.

[3] تأریخ الدول و الامارات الکردیة في العهد الاسلامی، ئەمین زەکی، ص159، مصر 1948 .

سەفەوی، بەڵام شای خاوەن دیوەخان ماقولانە هەر هەموویانی لە زیندان توند کرد، پاشان هەریەکە بە هۆیەك بەردران، شا عەلیش دوای شەڕی چاڵدێران (920ك –1514ز) لە پاش سێ ساڵ زیندانی بەردرا. ناوچەکەی لەدەست قزڵباشەکان و پیاوەکانی شا ئیسماعیل سەندەوە. لە پاش ئەوە شا عەلی بەگ دەگەل میر شەرەفخانی بەدلیسی بوو بە هاوپەیمانی و هەردوولا وایان بەباش زانی کە سەر بۆ دەرباری سوڵتان سەلیمی عوسمانی بێنن و گوێ بۆ قزلباشان نەگرن. کەچونە ئاستانە هانی سوڵتان سەلیمیاندا کە دیاربەکر و ئازربایجان وئەرمەنستان لە قزلباشان بستێنێ.. شا عەلی مرد، بەدر بەگی کوڕی هاتەجێی، خزمەتکاری دڵسۆزی دیوانی سوڵتانی عوسمانی بوو، لە زۆربەی جەنگەکانی عوسمانیدا لەگەڵ سوڵتاندا بوو، لە گرتنی (وان و تەورێز و بەغداد و عێراقی عەرەب دا).. دوای ئەوەی کە لەگەڵ ئەمیرێکی زۆری کورد لەگەڵ عوسمانیەکان دا شەڕیان کرد دژی شا ئیسماعیلی سەفەوی . کەلە شەڕ بونەوە گەڕانەوە بەغداد، دەبوایە بچن دەستی سوڵتان ماچ بکەن و ئیزنی چونەوە ماڵی لێبخوازن. جا چونکە لە کۆڕەکەدا سوڵتان حوسێنی حاکمی ئامێدی لای سەروی بەدر بەگ خرا بوو، لەسەر ئەوە بەدربەگ تۆراو دەستی سوڵتانی ماچ نەکرد و بەبێ ئیزن خوازی لە بەغداد دەرچوو گەڕایەوە جزیرە، بەوە هەم سوڵتانی لەخۆی ڕەنجان و هەم ڕۆستەم پاشای وەزیری. سوڵتانی عوسمانی مولکەکەی دا بە ناصر بەگی برای، بەڵام دواتر هەر دایانەوە بە بەدربەگ و 95 ساڵ ژیا.[1] دوای ئەو میر محمدی کوڕی هاتە جێی، سوڵتان مورادی عوسمانی فەرمانی دا لەگەڵ سوپای عوسمانی بچنە گورجستان بۆ شەڕی قزڵباشەکانی سەفەوی، بەڵام لەجێیەکدا قزڵباشان گەمارۆی سوپای کوردان دەدەن و هەموویان دەکوژن کە میر محمد و ساروخان بەگی مەزنی حەزۆ و دومان بەگی زەرقی و میر محمدی فنیکی لەناویاندا بوون، پاشان عوسمانیەکان بۆیان هاتن و قزڵباشەکانیان شکاند.[2]

فەرمانڕەوایانی میرنشینی چەمشکەزەك و میرەکانی ئەم ناوچەیە هەرایان بە دەسەڵاتی داگیرکەر کردووە، بەڵام کە حەسەن ئوزون بویە سوڵتانی ئاق قۆینلو، بڕیاریدا هەموو خانەدانەکانی کوردستان لەناو بەرێ و خاکیان بە تورەکە ببێژێ، بەتایبەت ئەوانەی کە یارمەتی پادشایانی قەرە قۆینلویان داوە، بەڵام میرانیووڵاتی چەمشکەزەك سەرەتا شێخ حەسەن پاشان زۆراب بەگی کوڕی پاشان حاجی ڕۆستەم بەگی کوڕی کاری تورکیان یەکلاکردەوە. لەو سەروبەندەدا شا ئیسماعیلی سەفەوی هاتە سەر تەختی ئێران و لەشکری قزڵباشی ناردە سەر ولاتی چەمشکەزەگ، بەڵام حاجی ڕۆستەم بێ شەڕ تەسلیمی کرد، ئەویش ولاتی کوردانی خەڵتانی خوێن کردو، گەلێك لە میرزادە و گەورە پیاوانی هۆزەکەی کوشت و حاجی ڕۆستەمی دور خستەوە بۆ عێراق. خەڵك ڕاپەڕین و ناردیان بە شوێن حاجی ڕۆستەم دا. لەودەمەدا شا ئیسماعیل سوپای ئامادە دەکرد بۆشەڕی سوڵتان سەلیم و بەرەو چاڵدێران دەچوو، حاجی ڕۆستەم لە سوپای سەفەوی دابوو، بەڵام کە شکان حاجی ڕۆستەم لە ناوچەی مەرەند خۆی تەسلیمی سوڵتانی عوسمانی کرد، ئەویش هەر ئەو ڕۆژە حاجی ڕۆستەم و چل کەس لە ئاغایانی سەر ناسی هاوڕێی کوشت، لەبەر تاوانێکی ئەوەی کە ساڵی 1473ز قەلایەکی مەزنی بۆدژایەتی عوسمانیەکان تەسلیمی سەفەویەکان کربوو هەتا دژی عوسمانیەکان بەکاری بهێنن، سوڵتان ئەوەی بۆ زیندوکردەوە، لە بەهێزیاندا لەگەڵ شائیسماعیل بون و لەشکستیاندا دەدەنە پاڵ عوسمانی، سەلیم دەیگوت هەرکات هەلیان بۆبگونجێ دەدەنەوە پاڵ شا، میر حسەینی کوڕی حاجی ڕۆستەم بەگ لە عێراق بیستیەوە مامی کوژراوە، سەری خۆی هەلگرت و بەنیازی میسرو پەنابردن بۆچەرکەسی (مەمالیك) چوو، لە ڕێدا لایدایە شاری مەلاتیە و بویە میوانی میری کورد (مەمای بەگ) کە سەر بەجەرکەسەکان بوو لەشام، بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە و پرسی پێکرد، مەمای بەگ پێی ووت " کوڕی من ئەمڕۆ پایە و شکۆی پاشایانی عوسمانی لەهەموان بەرزترە، لەولاشەوە چەرکەسەکان هەر کەسە بۆ خۆیەتی و بێدادن

[1] شەرەفنامە، لا284–291.

[2] هەمان سەرچاوە، لا295.

و گلۆڵەیان کەوتوەتە لێژەی و کەس چاکەیان ناڵێ. وا بەباش دەزانم خۆت باوێژیتە بەر سایەی سوڵتان سەلیم و بەرەو ڕۆم (ئەماسیە) بکەوە ڕێ"، ئەویش ئامۆژگاریەکەی گرتە گوێ و چوە لای سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان داوای لەمیری مەرعەش کرد کە لەگەڵی بچێ و وولاتی چەمشکەزی لە قزڵباشە سەفەویەکان بۆ بسێنێتەوەو لە سەری دابنێتەوە، ئەوانیش هێرشیان کردو قزڵباشیان دەرکردو سەرۆکەکانیان کوشتن. میر حسەین مرد و شازدە کوڕی هەبون.

شەرەفخان دەڵێت: ئەو کوڕانە تەنیا لەسەر ئەوە پێك هاتبون کە هەرگیز پێك نەیەن و لەبەریەك بڵاوبن، هەریەکە لەبەر خۆیەوە روی کردە ئاستانەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی کە وولاتی چەمشکە زەکیان بۆ بکاتە 16بەش و باج و سەرانەی بخۆن. ئەویش بۆ ئەوەی دامەزرێن بۆی کردن..[1]

خەڵکانی تر یەکیان دەگرت و دەسەلاتیان فراوانتر دەکرد و ئیمپراتۆریەتیان دروست دەکرد، میرە کوردەکانیش کە 46 میرنشینی کوردیان هەبوو، هاتوون میرنشینی چەمکە زەگیش کە دوو بست زەوی بوو..!! دوژمن بۆیان دابەش بکات بە شانزە بەشەوە، هەتا دوژمن ئاسانتر لە بەریەکیان هەڵوەشێنێ وەك کردی. دووگ دەخەنە بەردەم پشیلە تالێیان بەش بکات..!! ئەوەبوو عەقلێەتی سیاسی کورد کە لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی مادەوە ساڵی 525پ.ز تا ئەمڕۆ کە 2500 ساڵ دەکات، گۆڕانی بابەتیانەی بەسەردا نەهاتوە و سوود لە هیچ ئەزمونێکی مێژوویی وەرنەگیراوە..!!

قاسم بەگ کە فەرمانڕەوای میرنشینی ئەگیل بوو، پیاوێکی ژیر و مەردبوو لەبەرئەوە قەرە حەسەن پاشای ئاق قۆینلو، یەعقوبی کوڕی دابویە، بۆی بەخێو بکات، لەبەر ئەوە ناویان نابوو (لەلە قاسم). ساڵی (913ك – 1507ز) کە شا ئیسماعیلی سەفەوی دیار بەکری گرت، لەلە قاسم نەچوە لای، شا ئیسماعیل شێت و قوشقی بوو، سوپای ناردە سەر (سوپای هۆزێکی کورد یان ناردە سەر میرنشینی ئەگێل) دەریان کردو کابرایەکی قزڵباشیان دانا، دوای شەڕی چاڵدێران قاسم بەگ بە یارمەتی سوڵتان سەلیم گرتیەوە و دیاربەکریشی لێسەندن.[2]

عەلی بەگ کوڕی میر ئەبوبەکر فەرمانڕەوای میرنشینی کوردی ساسۆن بووە، پیاوێکی بادەنۆشی دڵتەڕ و سەر خۆش و تەڕ پۆش بووە، هۆشی هەر لای بەڵەك چاوان بووە. بزە و چزەی کەبابی مەزەی بەلاوە لە دیتنی مزگەوت و بیستن لە مەلای مێزەر بەسەر پێخۆشتر بوە. لەو کاتەدا کە میر و مەزنەکانی کوردستان بۆ خۆنێزیك کردنەوە چونە لای شائیسماعیلی سەفەوی، زۆربەیانی گرت و وولاتەکەی داگیر کردن، بەڵام شا عەلی بەگی بەدڵەوە نوسا، ئەوەی عەلی بەگ ڕەچاوی کردبوو، هەر ئەوەش ڕەفتاری شابوو، شاسمایل عەلی بەگی بەردا و بویە هاونشین و هاوپیاڵەی مەی شا. شەوو ڕۆژ دەگەڵ شادا پیاڵە بەدەست و مەست بوو، عەلی بەگ هەر لە تەبرێزبادەی مەرگیشی نۆشی و مرد. سێ کوڕی لە دوا جێما، هۆز و خزمان، خدربەگی کوڕیان کردە جێی، بەڵام شا ئیسماعیل محمد بەگی کردە فەرمان ڕەوای ساسۆن.[3]

لە جێیەکی تردا شەرەفخان دەڵێت: میر شامحمد کوڕی میرحەسەن بویە فەرمانرەوای (شیروان و کفرا)، ئەو مرد، میرئەبداڵ چوە جێگەی، پاشان میر شامحمد کوڕی ئەبداڵ بویە فەرمان ڕوا. لە رۆژگاری ئەودا کە شا ئیسماعیلی سەفەوی مشتی بۆ داگیرکردنی کوردستان خۆش کردبوو، هەموو میران و بەگلەرەکانی کوردستان خۆیان کۆکردەوە و هەڵتەك هەڵتەك چونە بەردەمی شا، لایان وابوو بەو کارە خوێن شیرن دەبن. شا کەبینینی بەپای خۆیان هاتونەتە ناو تۆڕەوە، جگە لە میر شا محمد و عەلی بەگی ساسۆنی،هەمووی بەکۆت و زنجیر ڕازاندەوەو لەزیندانی نان. میر شامحمد جلی قزڵباشی

---

[1] شەرەفنامە، لا346–351.
[2] هەمان سەرچاوە، لا367.
[3] هەمان سەرچاوە، لا383.

لەبەرکردو لەکۆڕە تایبەتیەکانی شادا بەزم و ئاهەنگی دەگێڕاو بەهاوپیاڵەیی شەرابی شاوە ژیا، پاشانیش وازی لەمیرایەتی هێناو دایە کورەکەی.[1]

میر هەمزە لەسەر فەرمانی شاە ئیسماعیل کرایە فەرمانڕەوای دەرزینی.[2] ئەحمەد بەگی کوڕی بداغ بەگ بویە فەرمانڕەوای تەرجیل، بەڵام ساڵی 913ک–1507ز کە شا ئیسماعیل هێرشی کرد و دیاربەکری گرت ئەم پیاوەشیان کوشت. دوای ئەوەی کە میرو مەزنەکانی کوردستان لەباری نا لەباری قزلباشان وەڕس بوون. هەموو هاتنە بەر فەرمانی ئاستانەی سوڵتان سەلیم هەتا فریایان بکەوێ، ئەویش فەرمانی دەرکردو، هەموو ناوچەکە و دیاربەکر ڕزگار کرایەوە و درایە شەمسی بەگ، دوای ئەویش درا بە حەیدەری کوڕی، حەیدەر لە شەڕی چاڵدیراندا لەگەڵ گەلیك لەمیری کوردان بەدەستی قزلباشان کوژراون.[3]

لەسەردەمی ئەبداڵ بەگی کوڕی میر محمد فەرمانڕەوای میرنشینی سوێدی، قزلباشە سەفەویەکان هێرشیان هێنا بۆسەر شاری خان چۆك، میر ئەبداڵ کەمینی بۆنانەوە و زۆربەی سوپاکەی لەناوبردن و شکاندنی.[4]

﴿زەرزا﴾ هۆزێکە لە کوردستانی ئێران لە دەشتی شنۆ.. بنەماڵەی میرانی سۆران هەر لە مێژبوو دوژمنی هۆزی زەرزا بوون، هەمیشە لە بۆسەدا بوون بۆ یەکتر، سەفەویەکان زەرزایان کردبوو بە داردەستی خۆیان و دەیاندان بەگژ میر نشینە کوردەکاندا.. سولەیمان بەگ کوڕی قولی بەگ دوو ساڵ بوو میری سۆران بوو، ئێران زەرزایان لێ ڕاست کردنەوە و چوون بە گژیاندا، لە پاشانیش کە عوسمانیەکان هەستیان کرد هۆزی زەرزا بۆ پواز باشن و بۆ بەکارهێنان دەست دەدەن، سوڵتان پیاوی ناردە لایان و زۆر دڵخۆشی دانەوە و ڕوی لە ئێران بادانەوە و تەیار و پڕ چەکی کردن، هەموویانی بەردایە میر سولەیمان بەگی سۆران، شەڕێکی قورس قەوما، لەو شەڕەدا ئامر لیوا کە تورکێکی عوسمانی بوو، لەگەڵ 500 کەس لە خەڵکی زەرزا بە دیل گیران. میر سولەیمان زانی عوسمانیەکان پێیان ناخۆشە ویستی هەقیان بۆ بکاتەوە. هەر ئەو سوپا ئامادەیەی ناردە سەر هۆزی شیعەی نیلخاسی قزلباش کە دوژمنی عوسمانیەکان بوون، زۆربەی زۆری پیاوەکانی گرتن و کوشتنی. دیلەکانی بەدیاریەوە ناردە ئاستانە بۆ سوڵتان. سوڵتانیش عەفوی کرد.[5]

میر سەیفەدینی موکری جێیەکی لە دەسەڵاتی پاشاکانی قەرەقوینلو و ئاق قوینلو پاك کردەوە لە خاکی کوردستان لە ناوچەی موکریان و فەرمانڕەوایەکی دروست کرد، کە خۆی مرد (صارم) ی کوڕی هاتە جێی.

شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ لەناوبردنی ئەوان، چەند جارێك هێرشی کرد، بەڵام قزلباشەکان هەر دەشکان. ساڵی 912ک–1506ز شاسمایل بۆ زستانەکەی کە هاتبووە شاری (خوی)، لەگەڵ خۆیدا هێزی شاملوی ناردە سەر صارم بەگ. قزلباشێکی زۆر و هەردوو سەردارەکەیان کوژران، صارم بەگ ناچار بوو لە ترسی شا ئیسماعیل خۆی هاویشتە ژێر فەرمانی ئاستانەی سوڵتانی بەشەوکەت، هەر وەکو هەموو سەردارو میرانی کوردستانی کرد، هەتا لەدەستی قزلباشان ئاسودەبێ.[6]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا429.

[2] هەمان سەرچاوە، لا440.

[3] هەمان سەرچاوە، لا455–456.

[4] هەمان سەرچاوە، لا466.

[5] هەمان سەرچاوە، لا500.

[6] هەمان سەرچاوە، لا532.

فەرمانڕەوایانی کورد لە بەدلیس کە خاوەنی میرنشینێکی مەزن و قسە ڕۆیشتوبوون لەناو میرنشینە کوردەکانی تردا، لەبەر ئەوەی کە ڕاستە و ڕاست کەوتبونە نێوان سەفەوی و عوسمانیەوەو بەرەی پێشەوەیان بوون، گرنگترین ڕۆڵیان هەبووە لە پەیوەندیەکانی کورد بەو دوو ئیمپراتۆرەوە..

دوو سەردان لەنێوان میرە کوردەکان و شاسمایلدا، شا ئسماعیل دێتە بەدلیس.. میری بەدلیس و نزیکەی 20میری کورد پێکەوە دەچنە دیدەنی شا ئیسماعیل بۆ ڕێزو وەڵامی زیارەت، با بزانین هەڵوێستی هەریەکەیان لە ڕێز لێنانی میوانانی چی بووە ...؟ بزانە میرانی کورد چەند ناچارکراون کە هەڵوێستی دژ بەرامبەر دوژمنەکانیان بنوێنن.؟

یەکەم: شا ئیسماعیل بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتە کوردستان، میری مەرعەش هەڵهات، میری دیاربەکر پێشوازی لێ کرد، دیاریەکی کۆنی ئاڵتونی کەلە پاشایانی زۆر کۆن جێمابوو، بە نرخ بوو، بردی بەدیاری بۆ شا ئیسماعیل، شا ئیسماعیل زۆری لامەزن بوو، لە پاداشتدا هەرێمی دیاربەکری کوردانی لێسەندەوەو، وەك دوور خستنەوە خۆراسان و هیراتی پێبەخشی لە ئەفغانستان، دیاربەکریش درا بە محمد خان ئستاجلوی زاواو گوێ لەمستی شاسمایل.. پاشان بەرەو شاری ئەخلات کەوتە ڕێ، میر شەرەف بۆ میوانداری شای مەزن خێوەتی لێداو بەئاوریشم ڕازاندیەوە، ساز لێدەری هێنا، گۆرانی بێژانی بانگ کرد، سفرەو خوانی ڕازاندەوە، هەموو جۆرە میوە و خواردنێکی هێنا. پاشان ڕەوە ئەسپ و کەرپەز و ئێستر و وشتر بە قەتار بە دیاری پێشکەش بە شا کران، ئەویش بەدلیس کە هەر شاری کوردان بوو بەخشیە میر و کردیە فەرمانڕەوای ئەو خاکەی کە هەر هی خۆی بوو.

پاش ماوەیەك شا ئیسماعیل هاتەوە سنوری کوردستان و نیازی بوو زستان لەشاری (خوی) بەسەربەرێ، میرانی کوردستان ویستسان بچنە دیدەنی و وەڵامی سەفەرەکەی شا بدەنەوە کەهاتە کوردستان، میر شەرەف و مەلیك خەلیلی حەسەنکیف و شا عەلی بەگی بۆتانی و میری جزیرە و میر داودی خێزانی و عەلی بەگی ساسۆنی و یازدە پیاو ماقوڵی تریش لە میرەکانی کوردستان. خوا دەزانێ چەندەیان دەست و دیاری بەنرخ و نایاب بردبێتە خزمەت شا. بەڵام بە فیتی محمد خان ئستاجلو حاکمی داچێنراو لە دیاربەکر، داوا لە شا دەکات کە هەمویان بگرێ، دەڵێ: (من ئەو شوێنانەی کوردستانیش کە هیچکاتێك نەهاتونەتە بەردەستی شایانی کۆنیش، بە ئاسانی دەیخەمە بەردەستت). شا ئیسماعیل بڕیار دەدات جگە لە شا محمد شیرەوەیی و عەلی بەگی میری ساسۆن، هەموویان بگیرێن، ئەنجا سوپای قزلباشی تاودا بۆ بەدلیس و هەکاری و جزیرە و چەند میرنشینی کوردی تریان بەئاسانی گرت، شاهی سەفەوی پاداشتی میوانداریەکەی دانەوە. پاشان ئەو میرانە هەریەکە بە جۆرێك لە بەندینخانە خۆیان دەرباز کردو هەڵهاتن. ئەوەشی کە مایەوە لە بەندیخانەدا بوون، هەتا دەنگ داکەوت کە شەیبەك خانی ئوزبەگی بە لەشکری زۆرەوە لە ئاوی جەیحون پەڕیوەتەوە و دەیەوێ خۆراسان بگرێت، شا ئیسماعیل تێك چوو، لە گرتنی میر و مەزنانی کوردستان پەشیمان بووەوە، هەندێکی لێ ئازاد کردن، هەندێکیش هەڵهاتن، ئەوەشی مایەوە لە شەڕی چاڵدێراندا کە شا ئیسماعیل لە تەبرێز هەڵهات، ئەوانیش ڕزگار بوون. کاتێ کە چوو بۆ شەڕی ئوزبەگی لە خۆراسان، میر ئەشرەف و مەلیك خەلیلی لەگەڵ خۆی برد. میر ئەشرەف کە دەگەنە شاری (ڕەی) هەلی بۆ دەڕەخسێ وخۆی دەرباز دەکات.. ناوچەکانی خۆی لە قزلباشان پاك دەکاتەوە، دوای ئەو ڕوداوی گرتنە، ئیتر کورد ناچار بوون ڕوویکەنە سوڵتان سەلیمی عوسمانی هەتا لە دەست ئیسماعیل بیان پارێزێت.[1]

دەوڵەتی سەفەوی لەسەر بناغەی ئاینی مەزهەبی شیعەو لەڕادەبەدەر توندڕەو دامەزرا، بە خێراییەکی سەیر سنوری خۆی فراوانکرد، زۆرلە ناوچە کوردیەکانی بە زۆر خستە ناو سنورەکەی و خراپ دەیچەوساندنەوە، شەڕەن گێزی وای بەکار

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا736 –744.

دەهێنا کە عەقڵ نەیدەگرتەوە، شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێت : کە شا ویستی هەرێمی فارس بگرێت، دەستی کرد بە کوشتنی هەموو ووتار خوێنەکانی کازرون، هەر لەبەر ئەوەی ئەهلی سونە و جەماعەت بوون، هەروەها ﴿مراد بەگی جهان شاملو﴾یان کوشت، هەر لەبەر ئەوەی هاوڕێی حسین کیا حەلاوی بووەکە دوژمنێکی شا بووە، گیراوە و لە قەفەسێکی ئاسندا بەند کراوە سزایەکی بەسۆی وا دراوە کە ناچاربووە خۆی بکوژێ، پاشان گۆشتەکەیان کردوە بە کەباب و دەرخواردی سەربازەکانیان دا، هەتا ببێتە وانەیەکی ترسناك بۆ خەڵکی تر، وە شێخی ئیسلامی خۆراسان مەولانا سەیفەدین ئەحمەد، کوڕەزای عەلامە سەعدەدین تەفتازانیان، کوشت لەبەر ئەوەی زانایەکی سونی بوە، کاتێك شا ئیسماعیل لە زستانی 1507دا چوە شاری (خوی)، سوپایەکی نارد بۆ شەڕی(صارمی کوردی موکری) بەڵام شکا و دوو سەرکردەی شا کوژران. ساڵی دوایی هێرشی کردە سەر (مەرعەش) کە پارچەیەك بوو لە دەوڵەتی زولقادر، دواى چەند هێرشێکی قورس گرتی و هەزاران کەسی تیا کوشت. ترس و بیمێکی زۆر گەورە لە دڵی میر و سەرکردە کوردە سونیەکاندا دروست بوو.[1]

ئەوانەی کە باس کران هەندێکی کەم بوو لە هەڵوێستی شا ئیسماعیلی سەفەوی بەرامبەر میر و میرنشینە کوردیەکان، لە ڕوی هێزەوە سوپایەکی ڕێك و پێك و چەکدار و موریدێکی زۆرو دڵسۆزی هەبوو کە لە پێناویدا دەمردن، لەگەڵ ئەوەی کەلە زۆربەی شەڕەکانی کوردستاندا سەرکەوتنی بە دەست نەدەهێنا دژی ئەمارەتە کوردیەکان، شوێنی زۆری گرت وخستیە سەر وولاتەکەی، لە هەمان کاتدا میرنشینە کوردەکانیش لاواز بوون، سوپای ڕێك و پێکیان نەبوو، چەك و جبەخانەی تەواویان نەبوو، لەبەر ئەوە هەمیشە لە دوو دڵی و ترسی پاشەڕۆژیان دەژیان، میرەکان دەرەبەگی تەواو عەیاریون، تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەویست تا خەڵك وخاکی کوردستان، بۆ خۆیان دەژیان نەك بۆ خەڵك, کەمترین بەرژەوەندی خۆیان نەدەگۆڕیەوە بە گەورەترین بەرژەوەندی خەڵك، خەڵك هەموو سەپان و کۆیلەبوو باج وسەرانە کوتابونی، میرە کوردەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا دوربن لەو شەڕ و پێکدادانانەی کەلە هەموولایەکەوە بەبەردەوامی ڕویەڕویان دەبویەوە، گەورەترین تەنازولیان دەکرد بەمەرجێك بەسەر میرایەتیەکەوە بمێننەوە, لەگەڵ ئەوەدا میرە کوردەکان هەر دڵی شا ئیسماعیلیان دەهێنایەوە و دەیانویست بەهەر نرخێك بووە نەرەنجێ و لەسەر میرنشینەکانیان بمێننەوە، هەروەك بڵێی چاوەڕوانی خراپیان زۆردەکرد، دەیانویست ئاستێك بۆ ملهوڕی و غروری شا دابنێن، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە میرە کوردەکان ڕویانکردە شاری (خوی) بۆ دەربڕینی وەلاو ڕاکێشانی مەیلی شا بەلای خۆیاندا.. بەڵام چەند ڕۆژێکی نەخایاند هەموویانی گرت وکۆت و زنجیری کردن و هەریەکەی دا بەدەست سەرکردەیەکی قزڵباش، میرنشینەکەیانی دایە دەست چەند حاکمێکی خۆی. بەڕاستی ئەمە ڕەوشتێکی جوان نیە بەرامبەر دەیان میر و میرنشینی فراوان کە ناوچەیەکی زۆریان لەدەست دایەو دەتوانن کاریگەریان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە هەبێ و هاوکێشەکان بگۆڕن. ئەمە هەر لەبەر ئەوەی کە سونی مەزهەبن و سەر بە ڕەگەزی کوردین. ئەو هێرشانەی کە شا کردیە سەر جزیرە و هەموو جاریش دەشکا، زۆرێق و قینی بەرامبەر ئەو ئەمارەتە گرتە دڵ، هەموو جار دەیویست تۆڵەی لێبکاتەوە، کەبەمەرجێ ئەو میرە لە حاڵی ژیانیشدا نەمابوو، میرێکی تر جێی‌گرتبویەوە، لەبەر ئەوە شا پیاوێکی حاقدی قین لە دڵ بوو بۆ هەلێك دەگەڕا دژ بەو میرنشینە بجوڵێ.[2]

کوردەکان بە گیر هاتبوون هەر وەك گەڕۆکی ئیتاڵی (میریلۆ گالیتی) گەشتێکی بۆ کوردستان و شارەکانی ئازربیجان و بەدلیس و کسام و موگس کردوەو پرسیویەتی لە کوردەکان "هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەو دوو لایە (عوسمانی وسەفەوی) چۆنە ؟ ووتویانە: ئێمە ناچارین لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا خۆمان بگونجێنین بۆئەوەی پریشکی ئەو شەڕانەیان نەمانگرێتەوە.[3] لەبەر ئەوە هەمیشە لە تەقەلادابون، خۆیان لەگەڵ هەردوولادا بگونجێنن، هەتا لەگرفتیان بەدووربن لەناو

---

[1] ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (948).

[2] هەمان سەرچاوە، ژمارە (948)، خەبات.

[3] التراث الکردی في المؤلفات الایطالية، میریلۆجالیتی، ترجمة د. یونس حبی، ص263، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە (6)، 1981، بغداد.

سوپای قزلّباشدا هەمیشە ناوی دوو خێڵی کورد (چەمشکە زەك) و (خنسلون) هاتوە، هەندێك جاریش عوسمانیەکان هەڕەشەیان لە میرنشینێك دەکرد و ناچاریان دەکردن داوای سوپای سەفەوی بکەن بۆ بەگرتنی عوسمانیەکان. شا ئیسماعیلیش تەقەلای زۆریدا، قزلّباشی زۆری دا بە کوشت، نەیتوانی بە ئاسانی کوردستان داگیربکات، هەر وەك زۆرشوێنی تری دەخستە سەر خاکی.. شا ئیسماعیل محمد بەگی ئوستاجلوی زاوای کردە فەرمانڕەوای دیاربەکر هەتا لەوێوە هەموو کوردستان ژێر دەست بخات. ئەویش زۆر دوژمنی کورد و میرە کوردەکان بوو، توانی جزیرە و ماردین و موسڵ و شەنگار بە کوشتنی هەزاران کورد و تالان کردن و سوتانی ماڵ و سامان و شاریان ژێر دەست بخات. یەکێکی وەکو (ئەمیر بەگی موسڵی)ی میری دیاربەکر، خۆی دەکردە بەرفەرمانی شا و ملکەچی خۆی بۆ دەردەبڕی و گرانترین دیاری زێڕینی پێشکەش دەکرد، کەچی ئەو پاداشتی بەوە دەدایەوە دیاریەکەی وەردەگرت، پاشان دوری خستەوە بۆ خۆراسان و هیرات، ناوچەکەی دابە زاواکەی خۆی کە دوژمنی سەرسەختی ڕەگەزی کوردبوو.[1]

سیاسەتی شا ئیسماعیل بەرامبەر کورد هەر وەکو سیاسەتەکەی ئوزون حەسەن پاشای ئاق قۆینلۆ وابوو، هەردووکیان سەرەك هۆزەکانی کوردیان لە شوێنەکانی خۆیان هەڵدەکەند و دەست چێتی خۆیان لە شوێنی ئەوان دادەنا و، هەر کەس دژی ئەو سیاسەتە بوەستایە، بەوپەڕی دڵ ڕەقیەوە سەرکوت دەکرا.

لەبەر ئەوە کە میر شەرەفی میرنشینی جزیرە سەری نەوی نەکرد بۆ محمد بەگی ئستاجلو زاوای شا ئیسماعیل و دیاری بۆنەنارد، بەرامبەر بەوە لەشکری کردە سەری و وولاتەکەی داگیرکرد و شار و دێ سوتێنرا و قەشە و شەماس و مەلا و مناڵ و جوتیار کوژران و مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکان وێران کران و گەنج و ژنێکی زۆر بەخسیر کران و کرانە کۆیلە.

مامۆستا هاوار دەڵێت: دەربارەی ڕەوشتی شا بەرامبەر بەکورد، هەر لەبەر ئەوەی سونی بوون، خراپی پێدەکردن بە پێچەوانەی کورد لەگەڵ تورکمانە شیعەکان و رافزیەکان بەباشی ڕەفتاری کردووە.[2]

مارتن ڤان برونسون باسی ئەوە دەکات : کوردەکان لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارەی شا ئیسماعیل لەگەڵیاندا ناچاربوون پەنا بەرنە بەر عوسمانیە سونیەکان.[3]

---

[1] شەرەفنامە، لا737.

[2] کورد و باکوری کوردستان، م. ڕەسوڵ هاوار، لا154.

[3] هەمان سەرچاوە، لا155.

## بۆچی میرنشینە کوردیەکان چونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی؟

میرنشینە کوردیەکان لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتدا هیچیان بۆ نەدەکرا، نەیاندەتوانی دڵی هەردوولا ڕابگرن، لایەکیشیان بگرتایە، دەمودەست سوپای بێ شوماری لاکەی تری لەبەردەم دەرگای قەڵای میرنشینەکاندا ئامادە دەبوون و قەتڵ و عامی میر و گەدا و تاڵانی ماڵ و حاڵ و سوتانی شار و قەڵایان مسۆگەربوو.. هەر بۆیە میرە کوردەکان دەستەوسان بون و دۆش داماوبون نەیانزانیوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو هێزە دژ بەیەکەدا بکەن، هەر لاکردنەوەیەك بەلایەکیاندا و هەر بەدەمەوە چونی لایەکیان و، وەڵامدانەوەی داوای یەکێکیان و ڕێزی پاشا و سەرکردەی لایەکیان کە بەلای میرنشینەکەی ئەماندا چوو بێت، دڵی لای بەرامبەری کرمێ کردووە و هەڵوێستی زۆر خراپی لە دژی وەرگرتووە، بەو جۆرە ساڵ نەبووە یەك دوو میرنشین سەر و گوێلاکی نەشکێ، یان قوت نەدرێ، هەربە گومان یان بە تێگەیشتنی هەڵە. ئەم کارانە وای کردووە هەندێك جار چەند میری میرنشینێك، یان هەر هەموو میرە کوردەکان پێکەوە ڕوبکەنە لای یەکێ لە پاشایانی سەفەوی یان سوڵتانی عوسمانی و هەڵوێستیان ڕون بکەنەوە و، دیاری و شاباشی شایانە بەرن، بیسەلمێنن کە بەردەوام بێلایەنن و سەربەخۆ کاردەکەن و پەیوندیان بە هیچ لایەکیانەوە نیە، لە ڕاستیدا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەماوەی حوکمی خۆیاندا سەدان هەڵوێستی نامەردانەیان بەرامبەر کورد و میرنشینە کوردەکان نواندووە، کە هیچ تاوانێکیان نەبووە، داوایان لێکردوون کە نابێت لەو بەینەدا بێلایەن بوەستن، بەتایبەت سەفەویەکان، چونکە هەر بە مەزهەب دژی کوردبون، لە ڕقی ئەو کارەی کە سەلاحەدینی ئەیوبی لە میسر کردی بە فاتیمیە شیعەکان، وە لە ڕوی مەزهەبیشەوە سونی شافعین و لە سەنگەرێکدا هەرگیز کۆنابنەوە، هەرگیز دڵیان بەرامبەریان پاك نەبوەتەوە و، هەمیشە وایان دەزانی ئەگەر بە ئاشکرا بێلایەنن، بەڵام لەناخدا هەر دڵیان لای عوسمانیە سونیەکانە.. عوسمانیەکانیش ئەوانەیان دەزانی، بەڵام هەرگیز نەدەهاتنە مەیدان یارمەتیەکی کوردە سونیە هاو سنورەکانیان بدەن و، بەدڵ لەشەڕی قزڵباشە سەفەویەکان بیان پارێزن. لەبەر ئەوە میرە کوردەکان لەو نێوانەدا بە گیرهاتبون، دڵی ئەو دوانەیان بۆ ڕانەدەهات، نەیاندەزانی شایەتومان بە چ لایەکدا بهێنن. هەتا لە کۆتایدا کە زانیان شاسمایل وازناهێنێ، کوردەکان بەیەك دەنگ لایان کردەوە بەلای عوسمانیەکانەوە، بەتەواوی دڵ و گیانیان چونە باوەشیەوەو سەر و ماڵیان پێدان، ئەویش لەبەر چاوی کاڵی کورد نەبوو لای لێکردنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە سەفەویەکان دڵیان لێیان پاك نەدەبویەوە و، هەر بە دڵ پیس و قینی مەزهەبگەری لە کوردەکانیان دەڕوانی.

سەرەتای ئەو لاکردنەوەیەی میرنشینە کوردەکان بەلای عوسمانیەکانەوە، لە چەند خاڵێکەوە دەست پێدەکات، هەموو ڕوداوێکی گرنگ حەتمەن پێشینەی هەیە کە وردە وردە ڕوو دەدات و دێتە پێشێو وەك میوە دەگات، پاشان ڕوداوێکی گرنگتر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

وەکو باس کرا، کوردەکان زۆر لەلەیی و ماستاویان بۆ سەفەویەکان دەکرد، چەندین جار پێشوازیان لە نوێنەر و سەرکردەیان کردوو،بەدەست ودیاری و شاباشی گەورەوە ڕەوانەیان کردونەتەوە، چەندین جار ژن و ژنخوازیان لەگەڵ کردوون، بەڵکو سا دڵیان نەرم بێت و بەخزم و دۆستیان بزانن و مشوریان بخۆن، میر شەرەف والی جزیرە دوای ئەوەی قزڵباشەکان وڵاتی کوردیان کاول کرد و سەدانیان لێ کوشتن، لە کۆتایدا خوشکەزایەکی خۆی دا بە محمد بەگی ئوستاجلوی زاوای شا ئیسماعیلی سەفەوی و سەرکردەی قزڵباشەکان لە کوردستان، بەڵکو ڕەحمێکیان پێبکات و لەوەخراپتریان بەسەر نەهێنێ، مەلیك خەلیل فەرمانڕەوای میرنشینی حەسەن کیف دووەم پیاوی ناوداری کورد بووە، خوشکی شا ئیسماعیلی خواستووە، سا بەڵکو شا ئیسماعیل هێندە زەحمەتی کورد نەداو، لەبەر خوشکی و منداڵی خوشکی و زاوای و کەس و کاری زاوای، لایەك لە کورد بکاتەوە، دوای ئەوەی سێمنداڵی لە خوشکەکەی بوو، ڕۆژێك بەدەست و

دیاریەوە دەچنە خزمەت شا ئیسماعیل، شا ئیسماعیل زاوای دەگرێ و ژن و منداڵەکانی لیّدەستێنێتەوە، چەند ساڵ لە زیندانەکانی تەبرێز بەندی دەکات، هەتا ڕۆژێك خۆی دەرباز دەکات. کوردەکان هەر ماندوو نابن، چەندین جاریتر دەست و دیاری تر لە ئاڵتون و مجەوهەرات و ئاوریشم و هەنگوین و خواردن و کەل و پەلی بەنرخ و بەرەوە ئاسك و وشتر و مامز ڕەوانەی (تەبرێز و خوی)دەکەن، بەڵکو شا ئیسماعیل لایەکی خێرایان لیّبکاتەوە، جاریتر هەموو میرە کوردکان کە ژمارەیان نزیکەی 20 میر دەبوو خۆیان دەگۆڕن و جل و بەرگی کوردانە لەبەر دەکەن، ئەسپ و ماینێکی زۆر زین و لەغاو دەکەن،و بە دەست و دیاریەکی زۆرەوە دەچنە خزمەت شا، بەرەو شاری (خوی) و کاروانێکی گەورە دروست دەکەن ، سا بەڵکو شا شەرم بکات لە کڵاوو زین و مشکی و تەپلەی زل و سەڵتەو مراخانی لەبەرو، دڵی بۆ حاڵ و وەزعیان بسوتێ، هەر بۆ بەرژەوەندی خۆی و دەوڵەتەکەشی بێت، هەتا سنوری ڕۆژئاوای پارێزراو بێت و عوسمانیەکان بەکاریان نەهێنن، بەڵام ئەوانە هیچیان هەستی شا نابزوێنێ، بڕیاری کوّت و بەندکردنی ئەو پیاو ماقوڵانە دەردەکات، کە شاخ و دۆڵ شەرمی لیّدەکردن و لە ژێر سمی ئەسپ و ماینیاندا دەهاتنە حەشۆکە و لەرزین. ئەمانە و زۆری تر کە دوبارەو سێبارەیان دەکەمەوە، وەکو مارتن ڤان برونسن و شەرەفخان و ئەمین زەکی و محمد ئیسماعیل و کارل بروکلمان دەڵێن: ناچاربوون پەنا ببەنە بەر عوسمانیە سونیەکان. هەموو میرە کوردەکان ڕێکدەکەون کە: (وادیارە هیچ زەین و عەقڵ و شعور و هەست و بەرژەوەندی و مەزهەب و ڕەچەڵەکێکی ئەوانە بە شا ئیسماعیل و قزڵباشە سەفەویە شیعە ڕافیزەکان ناخوات، هەرچی لەگەڵدا بکەن ئاسنی سارد دەکوتن ولەو نێوانەشدا ناتوانن هیچ هەڵوێستێك بنوێنن، ئەوەتە شا ئیسماعیل عەزمی لیّ جەزم کردووە کە دەبێ هەموو کوردستان بگرێ و دەستچێنی خۆی لە قزڵباش لەسەر دابنێ). میرە کوردەکان توانای خۆ گرتنیان نیە لەبەردەم شاڵاوی سەفەوی دا، وە هەردوو سەرکردەی کورد میر شەرەف و محمد ئاغای کلهوکی، کە زۆر خراپیان بەسەر هاتبوو بەدەست قزڵباشەکانەوە، ئەوان ببونە خاوەنی بیرۆکەی (پشتبەستن بە عوسمانیەکانەوە)، باردوخی نێودەوڵەتی ئەو کاتەش ئەوەی دەخواست، وە عوسمانیەکانیش مەزنترین دەوڵەتن لەوکاتەدا و لەولاشەوە جگە ئیسلام خوازی، ڕەگی سونی گەرایش پێکیانەوە دەبەستێتەوە، عوسمانیەکانیش هەستیان کردبوو کە ڕۆژ هەڵاتی ووڵاتەکەیان لە خەتەری سەفەویەکاندایە و، ناکۆکی و دوو دڵی چەندجارێك بۆ عوسمانیەکان دروست کردبوو، عوسمانیەکان ناچاربوون واز لە ڕۆژ ئاوا و ئەورووپای فەلە بهێنن و، لابکەنەوە بەلای سەفەویە شیعەکاندا، کە خەریکە ناوکرۆکی جیهانی ئیسلامی بەدەست تێوەردانی لایەنی مەزهەب گەرایی دەبزوێنن و دەشێوێنن، ناچاربوون واز لە ئەوروپا بهێنن ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە.

ئەمانە هەموو بیرۆکە بوون لەبەردەم میر و سەرکردە کوردەکاندا، بیریان کردەوە چ شێوازێك هەڵبژێرن لەو ساتە وەختە خەتەرناکەدا کە بەربینی گرتبوون، دیارە یان دەبێت ببنە ملکەچی تەواوی شا ئیسماعیل، کورد ئامادەبوو وەك باس کرا، بەڵام شا ئیسماعیل ڕازی نابێت هەتا واز لە مەزهەبی سونە نەهێنن و نەبنە شیعە و خۆیان نەدەن بەکوشت بۆ ئارەزوەکانی شا، کە ئەوەش ئەستەمە و نەکراوە لە کەش و هەوای خێڵەکی پەیوەست توند بە مەزهەبی شافعی سونە و جەماعەتەوەو، بەتایبەتی کەچەند زانای مەزنیان هەیەو، هانیاندەدات بەڕازی نەبون و دوور کەوتنەوە لەو کارە، چونکە دیتویانە کە میرەکانیان دەگرێ و میرنشینەکان دەدات بە خەڵکی تر لە قزڵباشانی تورکی سەربەخۆی. یان دەبێت بێلایەن بن، ئەوەش ناگونجێ چونکە ناوچەیەکی زۆری کوردستان لەلایەن شا ئیسماعیلەوە داگیرکراوە و خاوەنەکانیان بۆ ڕێگە چارەیەك دەگەڕێن بیسەننەوە، ئەوەش بە شەڕ نەبێت نابێت، کەئەوەش بە کارێکی بێلایەنانە ناکرێت. لەولاشەوە عوسمانیەکان بڕیاریانداوە کە نفوزی سەفەویە شیعە لە ناوچەکەدا نەهێڵن و دەریان بکەن لە کوردستاندا، ئەوەش کارێکە کە کوردستان تێیدا دەبێتە مەیدانی جەنگ، کورد پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت ڕوودەدات، لەبەرئەوە بێلایەنی کورد لەو جەنگەدا شتێکی بێمانایەو ناکرێ و ناگونجێ.

ئەگەر بەرەنگاری هێزی عوسمانیەکان بن و نەهێڵن بە خاکی ئەماندا گوزەربکەن بۆ سەر سەفەویەکان، ئەوەش قورسە و لەسەروی توانای کوردەوەیە، عوسمانیەکان خاوەنی مەزنترین ئیمپراتۆریەتن و سوپایەکی بێشومار و بەهێزیان هەیە و، هەموو دەوڵەتە ئەورووپیە بەهێزەکانی وەك مەجەر و یوگوسلافیا و یۆنان و ئیتاڵیا و رۆمانیا و پۆڵەندا و پاپایان هێناوەتە لەرزە و بەگیرهێناوە و، گەمارۆیان خستوەتەسەر (بەندەقیە و ڤینسیا) و (بەلگراد)، ئەوەش بە توانای سوپای بەهێز و تۆکمەی عوسمانی و بەتایبەت تۆپخانە مەزنەکەیان دەکرێت کە کورد شتی وای نیە.

کەواتە میرنشینی کوردی بچوك و ناکۆك لەگەڵ یەکدا، چەك و تفەنگ و تۆپ و سوپای رێك و پێکی بێ شوماریان نیە، لەبەر ئەوە هیچ رێگە چارەیەکیان نەبووە جگە ئەوەی رێکەوتن لەگەڵ عوسمانیەکاندا بکەن و سود لەو هەلە مێژوویە ببینن بۆ ئایندەیان، کە ئەگەر سەرکردەکانی ئەمڕۆش لەو سەردەمانەدا بوونایە، هەر ئەوەیان هەڵدەبژارد، بەتایبەت کە کوردەکان تا ئەو کاتە ئەزمونی تاڵی زۆریان لەگەڵ عوسمانیەکاندا نەبینی بوو، وەك ئەوەی لەگەڵ سەفەوی دیتویانە، چونکە عوسمانیەکان تا سەفەویەکان هێرشیان نەهێنابوو، بەهیچ جۆرێك لایان نەکردبووەوە بەلای رۆژ هەڵات و ناوچە کوردی و ئەرمەنی و ئازەری و عەرەبیەکاندا، چونکە ئەوانەیان بە موسوڵمانی سونەو پاڵپشتی ئایندەی خۆیان دەزانی، جەنگی ئەوان هەر لەگەڵ ئەورووپا بوو، هەموو سوپایان لە دەردەنیل و گەروی بۆسفۆر پەڕاندبویەوە بۆ بەری ئەویەری و جەنگیان گەیاندبوویە ناوەڕاستی ئەورووپا و بەڵقان، لەوکاتەدا کە سەفەویەکان هاتنە کوردستان، عوسمانیەکان بۆسنە و هەرسەك و ئەلبانیا و چەند شارێکی ئیتالیایان گرتبوو، تەقەیان لەدەرگای نەمسا و ڤیەننا هەڵساندبوو، ئەوان بە جەنگی خاچ پەرستە فەلەکانەوە خەریك بوون، بیریان لەجەنگی موسوڵمان و موسوڵمان نەدەکردەوە، هەر ئەوەش وای کردبوو عوسمانیەکان لای کورد و عەرەب لە عێراق و شام و میسر و نیوە دورگە و موسوڵمانانی جیهان جێی رێزبوون، بەشکۆوە باسیان دەکراو بەدەوڵەتی مەزنی ئیسلامی ئایندەیان دەزانی، کە بەرگری لەدین وسەروماڵی موسوڵمانان بکات و فەلەیان لەکۆڵ بکاتەوە، چونکە برگەی (جهاد) کە ماوەیەکی زۆر بوو باس و باوی نەمابوو، ئەوان هێنایانەوە و زیندویان کردەوە و زۆریشیان لێئەنجام دابوو، ئەو کاتە عاتیفەی نەتەوەگەری نەبوو لە دڵی گەلانی ئیسلامیدا، بیرۆکەی ئاین گەرایی لەسەروی هەموو شتەوەبوو، پەیوەندی ئاینی، گەلانی ئەو سەردەمەی بەستبوو بەیەکەوە، بەتایبەتی ئەو کاتە هاوکاتی چەرخی چەوسانەوەی موسوڵمانانی ئەندەلوس بوو، کە بەزۆر دەیان کوشتن و بە فەلەیان دەکردن و دەریان دەکردن. دەرکەوتنی عوسمانیەکان لە ئەورووپا و لێدانی خاچ پەرستان، هەست و سۆزی نەتەوەی ئیسلامیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشابوو، دەیانگوت لەدەست چونی ئەندەلوسمان بۆ قەرەبوو دەکەنەوە. ئەوە بەپێچەوانەی ڕەفتارەکانی سەفەویەوەبوو، سەفەویەکان لەگەڵ پورتوگالیە داگیرکەرە فەلە (گاورەکان)، کە گەروی هورمز و بەشێك لە کەنداوی عەرەبیان داگیرکردبوو، وە هەڕەشەیان لە بردنی لاشەی پیرۆزی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد لە مەدینە، سەفەویەکان لەگەڵیان رێك بوون، چونکە دایکی شا ئیسماعیل فەلە (گاور) بوو، کچەزای بەتریارکی ترابزون بوو، لەولاشەوە سەفەویەکان پەلاماریان هێنابویە سەر میرنشینە کوردیە سونیەکان و خەڵکیان هاندەدا لە عوسمانیەکان، داوایان لە مەمالیکی میسر کردبوو کە پێکەوە بدەن لە عوسمانیەکان و، پەلاماری وولاتی ئوزبەگە سونیەکانیان دابوو لە خۆراسان و، سوپا و گەلیان هەموو کوشت بوو، زانا و وتارخوێن و سونیەکی زۆریان قەتل و عام کردبوو، ئەم کارانە سەفەویەکانی لای نەتەوەی ئیسلام ناشرین کردبوو، وەك هێزێکی ترسناك و دوژمن بە مەزهەب و ئاینی ڕاست و ڕەوانیان لە قەڵەم دەدان، لەبەر ئەوانە کوردەکان وایان بەباش دەزانی بدەنە پاڵ عوسمانیەکان.

شا ئیسماعیل بەلەشکرەوە هاتە سەر مەرعەش و گرتی، میرەکەی هەڵهات بۆ دیاربەکر، باوکی دایکی شەرەفخانی بەدلیسی کەناوی ئەمیر بەگی موسڵ بوو، بویە فەرمانڕەوای دیاربەکر، دیاریەکی زۆر و نایابی نارد بۆشا ئیسماعیل، لە

ناویاندا پارچە زێڕێکی (لەعلەکی بۆ کرك) کە پاشماوەیەکی عەنتیکەی نایابی پاشایانی کۆن بوە دەستیان کەوتووە، شا لەخۆشیان هەرخەنی بووە، بەگی کردە خان و مۆرهەلگری خۆی، پلەی لە (پەروەردەکردن)ی شاتۆماسی کوڕی دلیە، واتە کردیە مامۆستاو پەروەردەکەری کوڕەکەی، خۆراسان و هیراتی لەباتی بەخشش پێبەخشی، بەلام سەرپەرشتی دیاربەکری لێسەندەوە و دایە محمد خان ئیستاجلوی زاوای کە کوڕی میرزا بەگ بوولە قزلباشان، ئەوە دورخستنەوە بوو یان ڕێزلێنان کە بەئەمیر بەگی موسلێدا. ؟

پاشان کە شا ئیسماعیل حەوایەوە، چوە سەر قەلای هۆزی زولقەدەر و بەزۆری سوپا و شەڕ لێی سەندن، ئەنجا ڕوی کردە میرنشینی کوردی ئەخلات، میر شەرەفی فەرمانڕەوای بۆ میوانداری کەوتە خۆ ئامادەکردن، خێوەتی ڕەنگا و ڕەنگی هەلدا، مەیگێڕانی چاوئاسك و مینا بەفر خزمەتیان دەکرد، ساز لێدەر و گۆرانی بێژی خۆش بەستە ڕۆژیان کردە جەژن و شایی. نان دانەر و خوان ڕازێن خوانیان ڕاخست، پاشان دیاری پێشکەش کرا، ڕەوە ئەسپ و کەر و ئێستر و وشتر بەقەتار پێش کەش کران، ئەنجا دلی شا هاتە بەزەیی فەرمانڕەوای بەدلیسی و زۆر خەلاتی گرانبەهایی دا بەمیر شەرەف. بەمەرجێ بەدلیس هەر شاری خۆی بوو شا ئیسماعیل میوان بوو، شاری کردە دیاری بە خاوەن شار، ئەمە سەفەری شا بوو بۆ کوردستان.

شا ئیسماعیل زستانی لە شاری (خوی) ڕادەبوارد، میرە کوردەکان بەهەلیان زانی بۆ وەلامی سەفەرەکەی پاری شا بۆ کوردستان، ڕەدی زیارەت بکەن، میری میرنشینە کوردیەکان کاتیان دیاریکرد، هەر هەموو بەرگی میرانەیان لە کەواو سەلتە و مرلخانی، بە مێزەرە و کلاو و مشکی سەیر و سەمەرەوە پۆشی، بە کاروانێکی مەزن لە کوردستانەوە روەو پایتەختی زستانەی پاشای سەفەوی ڕوەو شاری (خوی) بەڕێکەوتن، دەنگ و باسی ئەو میرە کوردانە، دیارە هەموو شار و لادێ و دیوەخانێکی تەنی بوو، هەرهەموو دل خۆش بوون کە داخۆ شا ئیسماعیل بە بینینی ئەو پانۆراما میرانە لە مەزنانی کورد چ پێشوازیەك ئەنجامبدات. بە تایبەت کە ئەو سالی پار لە کوردستان چ پێشوازیەکی بەشکۆی لێکراو، چەندین کاروانی دیاری و شاباشیان بە دوای شادا ناردەوە. لە کوردستاندا هەرگیز ڕێزی لەو جۆرە لەکەس نەنراوە، شا ئیسماعیلیش لە هیچ جێیەکی تر ڕێزی وای لێنەگیراوە. کوردەکان گومانیان وابوو کە پاشای سەفەوی هەربە بینینی ئەو دەستە میرە مەزنانەی کورد شاگەشکە دەبێت و، هەموو کۆشك و تەلاری شاری (خوی) بکاتە دیوەخان و خزمەت و ژێر فەرمانیانەوە. چونکە هەرگیز خۆیان وا بۆ هیچ پاشایەك یەك نەخستووە، پێش شاسمایل و پاش شاسمایل بۆ هیچ کەس بڕیاری یەکدەنگی سەربازێتیان دەرنەبڕیوە، چونکە شا ئیسماعیل دەزانێ کە شەش جار بە سوپای زۆرەوە چونەتە سەر میرنشینی جزیرە و بۆتان و هەموو جار شکست بەشی بووە، سێجاریش چونەتەسەر ناوچەی موکریان و شکاون وسەرکردە قزلباشەکانیان کوژراوە، وا ئێستە نەك یەك میرنشین، بەلکو نزیك بە بیست میری میرنشینی کورد، لە پایتەختی شا ئیسماعیل دا دادەبەزن و چاوەڕوانی کەرەمی شا و بڕیار و فەرمانی دەکەن، ئەگەر شا ئیسماعیل لەخۆبایی نەبێ و زەینی ئامادەبێت و بەرژەندی خۆیی و خاك و وولات و دەسەلاتی بزانێت، دەتوانێت بەم بیست میر نشینە کوردە هەموو نیازەکانی لە ڕۆژئاوادا جێبەجێ بکات و سنوری ڕۆژئاوای پارێزراوبێت و هیچ کەس نەتوانێت لەویەشەوە زەفەری پێبیات، بەتایبەت کە کورد شێرانی قەلای کوردستانی خۆیانن، پێشتر سەریان بۆ هیچ دەسەلاتێکی ئاشور و بابل و سۆمەر و ڕۆم و سلوقی و ساسانی شۆڕ نەکردووە، بە زۆریش ملکەچی هیچ کەس نەبوون، ئەگەرخۆیان نیازیان نەبوبێت، بەلام ئەوا ئەمڕۆ لە بەختی شا ئیسماعیل نیازیان یەکە و مەیلی دیداری شا داویە لە کەللەیان و جەزبە گرتونی هاتون و بەتەمای بڕیار و کەرەمی شان. بەلام مێژونوسان باس لەوەدەکەن کە شاسمایل بێنیازی خۆی نیشانداوە لە هەموو کەس و، وایدەرنەخستووە کە کاری

[1] شەرەفنامە، لا738.

بەکەس هەیە و، کەس دەتوانێت مەبەستی ئەو بهێنێتەدی، خۆی بە باڵادەستی هەموو باڵادەستان زانیوە، تەنها و تەنها پشتی بە زەینی خۆی و موریدە سەفەویە قزلّباشەکانی بەستوە. بەڵام خۆ هەموو جار قزلّباش ناگاتە کوردستان و بەو خێراییە فریای کارو ڕوداوی لەپڕ و توش هاتوو ناکەوێت، ئەی بۆچی دڵی ئەم میرانە ڕانەگرێت و داوایان جێبەجێ نەکات و بیانکاتە سەروەری خاکی خۆیان و دڵنەواییان بکات. قزلّباش هەڵگرێ بۆ شوێنی تر و کاری تر، بۆ ئەو هۆز و خاك و گەلانەی کە سەرپێچی دەکەن و، بەهێزنەبێت سەردانانەوێنن بۆ دەسەلاتی و بە تۆقاندن نەبێت و پەلیان کێش نەکرێت ڕێی تەوریز و (خوی) نادۆزنەوە. ئەوەتە بیست میری ئازا و چابوك و خاوەن خاك و هۆز و خەڵك و جەنگاوەری ئازا، بەبێ هیچ بانگ کردن و هەڕەشە لێکردن و پەلکێشکردنێك، بەپێی خۆیان و بە دەست و دیاری پڕەوە هاتونەتە شاری (خوی) سابەڵکو نیازیان قبوڵ بفەرموێ. بێگومان ئەم هەموو میرە،دەبێ دوو دەم ڕاستیان لەناو خۆیاندا دانابێ، ڕاپۆرتێکیان بۆ خزمەت پاشا ئامادەکردبێت، کەسێکیان دیاریکردوە کە بە ناویانەوە دەم بکاتەوە، بیان ناسێنێ و داوایان بگەیەنێ و مەرحەمەتی شای لاو بجولێنێ.. هەر وەکو لە باسەکاندا هاتووەو شەرەفنامە دەلێت: شا ئیسماعیل پێیان دەلێت: سەردار و پێشەواتان کێن؟

هەموو بەدەستی جەم گوتیان: میر شەرەف و مەلیك خەلیل.[1]

بەڵێ. بابزانین پانۆرامای میرانی کورد بەرەو شاری خوی بەکوێ دەگات.؟؟

میرانی کورد، ئەوانەی لەو کاروانە یەکگرتنەدا بەشدارن لەم میرانە پێك هاتوون : میر شەرەفی ئەخلات و بەدلیس ـــ مەلیك خەلیلی حەسەن کیف ـــ شا عەلی بۆتانی و میری جزیرە ـــ میر داودی خیزانی ـــ عەلی بەگی ساسۆنی ـــ لەگەڵ یانزە پیاوماقولی تر لە میرانی کوردستان.. لە پێشدا شا زۆر ڕێزی لێنان. لەوکاتەدا ئەوان لە خزمەت شادا دەبن، محمد خان ئوستاجلو فەرمانڕەوای دیاربەکر، کە دەزانێت میرانی کورد بەدەستە جەمی چونەتە بارەگای شا ئیسماعیل. دەترسێ لەوەی ئەگەر شا ئیسماعیل لا لەم میرانە بکاتەوە و کوردستانیان بداتێ ئیتر جێگەی ئەم و نمونەی دەرباری وەك ئەم نامێنێتەوە، هەر بۆیە دەست بەجێ ڕاپۆرتێکی زۆر خراپی بۆ نوسیوە (ئەگەر فەرمانی شاهانەی بێچەند و چۆن بۆ گرتنی ئەم میرە کوردستانیانە دەربچێ، بەڵێن دەدەم — نەك هەر ئەو شوێنانەی بەدەستمانەوەیە، بەڵکو ئەو شوێنانەی کوردستانیش کە هیچ کاتێك نەهاتونەتە ژێر فەرمانی شاهەنشاهی، من بە ماوەیەکی زۆر کەم دەیانگرم و دەیانخەمە مشتت). شا بەو قسەیەی محمد خان خەڵەتا، جگە لە شا محمدی شیروەیی و عەلی بەگی میری میرنشینی ساسۆن، هەموویانی گرت و کۆت و زنجیری کردن و هەریەکەیانی دایە دەست ئەمیرێك لە قزلّباشان. میر شەرەفی دایە دەست ئەمیرخان موصلو.

ئەنجا شا هەموو سوپاکەی کردە سێبەشەوە، دەم و دەست ناردنیە سەر کوردستان، هەریەکە ڕوی کردە چەند میرنشینێك کە میرەکەی لە بەندیخانەی شا دایە وسوپاکوردەکەی لە ترسی گیانی میری ناوێرێ دەست بکاتەوە، (چاپان سوڵتان وێردی) ناردە سەربەدلیس. (دێوسوڵتان ڕۆملۆیی) ناردە سەر هەکاری، (یەکان بەگی قۆرچی باشی تکلویی) ناردە سەر جزیرە.[2] بەو جۆرە میرە کوردەکان گیران و زۆربەی خاکی کوردستان داگیرکران.

هەوڵی زۆر درا بۆ ڕزگار کردنی ئەو میرە کوردانە لە بەند و کۆی بەندیخانەدا، سا بەڵکو بێنەوە و ئەوسا دەست بکرێ بە ڕزگارکردنی کوردستان. هیچ چارێك نەبوو. بەڵام کورد زوبێ یان درەنگ هەر بەختی خۆی چنگ دەکەوێ و دوژمنانی هەمیشە پەشیمانیان بەشبوە. لەپڕ هەواڵ هات کە شەیبەك خانی ئوزبەگی دوای ئەوەی کە نامەی بۆشا ئیسماعیل نوسی، واز لە لێدانی سونیەکان بهێنێ، ئەگەر واز نەهێنێ و نەبێتە سونی، هێرش دەکات و ئازربایجان دەگرێ. هەواڵ هات کە

[1] شەرەفنامە، لا741.
[2] هەمان سەرچاوە، لا740-741.

هێرشی هێناوه، ساڵی 964ك شاری كرمان دهگرێ و شاری مەرۆ و هەرێمی خۆراسان له سەفەویەكان دەسێنێتەوه كه ئەو كاته سونی بوون، شا ئیسماعیل به توندڕەوی مەزهەبی، وتارخوێن و زانا و خەڵكێكی زۆری له سونیەكانی ئۆزبەك كوشتبوو.[1]

ڕۆژێك دەنگ داكەوت كه شیبەك خانی ئوزبەگی بەلەشكری بێدادەوه له ڕوباری جەیحون پەڕیوەتەوه و دەیەوێ خۆراسان بگرێ. بەبیستنی ئەم هەواڵە شا ئیسماعیل تێك چوو، ئەنجا له گرتنی میر و مەزنانی كورد توشی پەشیمانی بوو، بیری كردەوه چیان لێبكات، هەتا وەك ڕۆژهەڵاتی تێك چووه، دۆخی ڕۆژ ئاواشی تێك نەچێ. هەندێكی لێبەرەڵا كردن، لێی پرسین كێ دەمڕاست و سەردار و پێشەواتانه.؟ هەموو وتیان میر شەرەف و مەلیك خەلیل، دوای ماوەیەكی زۆر له بەندیخانه هەندێكی تری بەڕەلاكرد، ئەو دوانەی هێشتەوه، دەگەڵ خۆیا بەرەو خۆراسانی بردن. بەڵام كوردەكان دەستبەرداری میریان نابن، دور و نزیك هەر ئاگاداریان دەكەن، یار محمد ئاغای كەلهۆكی و دەروێش محمود كەڵەچێری دوو كەسی زۆر دڵسۆز بوون، سەر بەهۆزی ڕۆژەكی بوون. دورو نزیك دوای سوپا دەكەون، كاتێك سوپای شا دەگاته شاری (رەی) له باكوری هەمەدان، له چاڵی كولی هەڵدەدەن بۆحەوانەوه، محمد ئاغا و دەروێش محمود بەنهێنی خۆیان تێكەڵی سوپا دەكەن و میوه و خۆراك هەڵدەگرن و دەچنه چادری توركمانان، سەر له میرشەرەف دەدەن، كەین و بەینی خۆیانی تێدەگەیەنن، نەخشه دادەنێن كه چۆن ڕابكات و كەی هەڵبێت. كه كاتەكه هاتەپێشەوه، محمد ئاغا و دەروێش محمود زانیان هەل و كات هەڵكەوتووه، چەند ئەسپێكیان بەزینەوه له دەرەوەی سەربازگەكه ڕاگرت، ئەنجا (محمدی میر ئاخوری) كه خزمەت كاری میر شەرەف بوو، لەشوێنی میر شەرەف خەوت، میر شەرەفیان لەناو چادری دەست بەسەری دەرهێناو سواریان كرد و چەند پیاوێكی زۆر بەكاریان لەگەڵ نارد، ڕووەو كوردستان كەوتنه ڕێ. ئەمه شەو ڕویدا، هەتا نیوەڕۆ سەفەویەكان پێیان نەزانی كاتێك بەكارەكەیان زانی، لەبەجەرگی و لەخۆ بوردەیی محمدی میر ئاخوری سەریان سوڕماو، لەبەر ئەوەی كارێكی زۆرپیاوانه و نەترسانه بوو، بەخشیان و هیچیان لێنەكرد.[2]

محمد ئاغا و میرر شەرەف و دەروێش محمود گەشتنەوه میرنشینی هەكاری و چونه گوندێك كه میری بلباس له ترسی قزڵباشەكان لەوێ خۆی حەشاردابوو خۆی كردبوو به جوتیار، محمد ئاغا و دەروێش محمود چوون هەواڵەكەیان دابویە، بڕوای نەكرد هەتا بینینی، ئەوسا سوپاسی خوای كرد و كرنوشی سوپاس گوزاری برد. شەو و ڕۆژێك لەوێمانەوه، ئەوجا چون بۆ خاكی هۆزی (ئەسپایرد) لەوێ (شەرەف بەگی ئەسپایردی) پێشوازی لێكردن، چەند ڕۆژێك خزمەتی كردن هەتا زەحمەتی سەفەریان لەسەر لاچێ.[3] ئەنجا شێخ ئەمیری بلباس لەگەڵ چەند كەسێك چونه بدلیس هەتا مزگێنی هاتنەوەی میر به هۆزی ڕۆژەكی ڕابگەیەنن. تا ئەمیر گەیشته بەرەوه، ئاپۆره و حەشاماتی زۆر بۆ پێشوازی و چاوەڕێی فرمانی میر ئامادەبوون، خەڵك هەموو داخ و دڵی خۆیان بۆ ڕەفتارەكانی شا ئیسماعیل و قزڵباشه سەفەویەكان دەخواردەوه . هەر به گەیشتنی میر شەرەف دەست بەجێ دەوری قەڵای بدلیس درا. (كورد بەگ شەرەفلو) كه لەلایەن شا ئیسماعیلەوه به فەرمان ڕەوای قەڵای بەدلیس دانرابوو، لەگەڵ (عەدلجەواز و ئەرجیش گزیدی شا ئیسماعیل) كه زانیان شێخ ئەمیر به دوو هەزار چەكدارەوه دەوری قەڵای بەدلیسیان داوه، جەنگ له نێوان هەردوولادا ڕویداو خەریك بوو میر شەرەف و شێخ ئەمیر و ڕۆژەكیەكان سەر دەكەوتن، بەڵام خیانەتی كورد كەوتەوه جوڵه و كرمی خرۆشا و كاری خۆی كرد، لەناو سوپای قزڵباشه شیعەكاندا میره كوردێك هەبوو به ناوی (محمد بەگی بازۆكی) یەكێكی نارد بۆ لای (شێخ ئەمیر) كه خزمایەتیەكیان هەبوو،

---

1 تأریخ ایران أز آغاز، حسن پیرنیا، لا665.
2 شەرەفنامه، ل742.
3 هەفتەنامەی خەبات، ژماره (985).

گلەیی لە قزڵباشەکان کرد، ووتبوی لەم ڕۆژانەدا هەلم بۆ بگونجێ پەیوەندیتان پێوە دەکەم، کە شەڕگەرم بوو، شێخ ئەمیر بەوفێڵە خەڵەتا، کە جەنگ تاوی سەند محمد بەگ بە خۆیی و پێنج سەد کەسەوە لە خێڵی بازوکی جیابونەوە و لاربویەوە چوە پشتی جەنگاوەرانی ڕۆژەکیەوە و خستیانە نێوان دوو ئاگرەوە، قزڵباشەکان لەقەڵاوە و کوردی خیانەت کار لە پشتەوە، چواردەوری پاڵەوانە کوردەکانیان گرت و لەهەموولاوە لێیان دان، شێخ ئەمیر بەرگریەکی پاڵەوانانەی کرد، بەڵام خۆیی و عەلی ئاغای کوڕی کوژران و قزڵباش سەرکەوت، لاشەی میر و کوڕەکەیان ئاگرتێبەردا و لاشەکانی تریان شێواند.[1]

ئەم هەواڵە دڵ تەزێنە گەیشتە میر شەرەف، ناڕەحەت بوو دوبارە خۆی شاردەوە، ئەوەندەی تر خەڵکی قزڵباش و سەفەویەکانیان لێبێزرا بوو بۆ هەلێك دەگەڕان تۆڵە بکەنەوە.

لەو کاتەوە کوردستان تاڵترین ژیانی ڕادەبوارد، کە هەرگیز بەخۆیەوە نەیبینیبوو، لە دوو لاوە ستەمیان لێدەکردن و هەوڵی تاواندنەوە و لەناو بردنیان دەدان، لەلایەك وەکو کورد لە ڕقی ئەوەی کە سەلاحەدینی ئەیوبی لەم کوردانە بووە، کە ئیمپراتۆریەتی فاتیمی شیعەی باتینی لە میسر لەناوبرد، دووەم لەبەر ئەوەی کە شافعی سونە و جەماعەت بوون و بە شیعەیان نەدەخوارد.

لەچەند هێرشێکی سەربازیدا سەفەویەکان هەتا دوورترین خاڵی کوردستانی ڕۆژ ئاوایان داگیرکرد و فەرماندەی دەستچێنی خۆیان لە قزڵباشە شیعەکان بەسەرەوە دادەنان، ئەنجا مورید و زانایەکی زۆری مەزهەبی دوانزە ئیمامیان لە کوردستان بڵاوکردەوە بۆ بەشیعە کردنی خەڵکی ناوچەکە، کە ئەمەیان زۆر ئازاری خەڵکی دەدا، وەك سەرچاوەکان باس دەکەن لەو پێناوەدا بەرگری مەردانەی خەڵك، ڕاپەڕین و شۆڕش دژ بەو سیاسەتە سەخت و دژوار بوو، قزڵباشەکان هەر هەموویان خۆێناوی دەکرد و بەگران سەرکوتیان دەکردن، لە ئەنجامدا نزیك بە سەد هەزار کورد لەسەر خاکەکەیو مەزهەبەکەی کوژران. خەڵکەکە هیچ چارێکی نەبوو جگە لە هەڵهاتن و هانا بردن بۆ میر و میرنشینە دوورە کوردەکان، تەنانەت هەندێك هۆز بەرەو میسر و شام ڕۆیشتن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە هاواری خەڵکی ناوچەکە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرز دەکرایەوە بۆسەڵتەنەتی عوسمانی، کە خۆیان بە پارێزگاری سونە مەزهەبانی جیهانی ئەو کاتە دەزانی و، لەلایەکی تریشەوە خۆیان بە وارسی شەرعی ئیسلام دەناساند و لە بیری ئەوەدابوون دەسەڵاتەکانی شام و میسر نەهێڵن و، کلیلی کەعبە وەرگرن و،خەلافەتی عەباسی کەلە میسر هەر بەناو مابوو، بگوازنەوە بۆ ئەستەمبوڵ، نەتەوەی ئیسلامیان لێ پاراستون و ڕای هەموو موسوڵمانانی دنیایان بەلای خۆیاندا کەمەند کێش کردبوو، هەر لەبەر ئەوە میرە کوردەکان و زاناکانیان و ماقول و سەرەك هۆزەکان لە ڕاگۆڕینەوە و مشت و مڕی ئەوەدابوون کە داوایان بگەیننە ئاستانەو داوا لە سوڵتانی عوسمانی بکەن بێت بەهاناوە. عوسمانیەکان هەتا ئەو کاتە – وەك باسکرا – هەر بەشەڕ و جیهادی فەلەکانی خاچ پەرستی ئەوروپاوە خەریك بوون و، لایان بەلای گەلە ئیسلامیەکانەوە نەکردبویەوە، بەڵام کە ئەو شەکوا و هات و هاوارەی گەلانی ڕۆژ هەڵات لە ئازربایجان و عێراق و شام و ئێران و کوردستان ڕوی تێکردن، بەهەلیان زانی کە بەپشتی ئەوانە تەمێیەکی سەفەویەکان بکەن، بەتایبەت سەفەوی هاتونەتە ئەنادۆڵ، چەند جێیەکیان لەخاکی عوسمانیش داگیرکردووە، براو کوڕە هەڵهاتوەکانی سوڵتانەکانی عوسمانی چەکدار دەکەن، دەیدەن بەگژ عوسمانیەکاندا، شا ئیسماعیل هەوادارەکانی لە هۆزی (تکلو) هاندا شۆڕش بکەن، پیاوێکی لە قزڵباشان بەسەریانەوە دانا بەناوی ﴿حسن ئوغلو﴾ کە خۆی ناونابوو (شا قولی)، عوسمانیەکان ئەو شۆڕشەیان کوژاندەوە و حسن ئوغلوشیان کوشت.[2] لە لایەکی ترەوە شا ئیسماعیل بەهەلی زانی سوڵتان بایەزید پیرو کەنەفتە و حەزی لەشەڕ نیە، نوێنەری خۆی کە ناوی (نور عەلی خەلیفە روملو)ی ناردە ئازربایجان بۆ کۆمەکی قزڵباشە ڕاپەڕیوەکان، هەتا ئاراستەو پشتگیری لەموڕادی کوڕەزای سوڵتان

---

[1] شەرەفنامە، ل743.

[2] دراسة عامة عن ايران، وصفى ابو مغلى، ص247.

بایەزید بکات کە داوای تەختی سولتانی عوسمانی دەکرد، بەڵام سولتان سەلیم سوپایەکی نارد، قەتڵ و عامی تێخستن و سوپا و سەرکردەی هەموو کوشت.[1]

محمود شاکر دەڵێت: سەفەویەکان ئەو ناکۆکیە مەزهەبیەیان دەبزواند کەلە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا هەبوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە دنەی عوسمانیەکانیان دەدا و لەسەر حیسابی ئەوان فراوانخوازیان دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینزای (مەزهەبی) شیعە، ئەوەبوو شا ئیسماعیل خۆی چووە دیاربەکر لە کوردستان، داوای کرد لە مەمالیکەکانی میسر کە هاوپەیمانیەك مۆر بکەن دژی عوسمانیەکان، هەروەها یارمەتی (میر ئەحمەد)یان دەدا دژی سولتان بایەزیدی باوکی و پاشان سولتان سەلیمی برای. سولتان سەلیم هێرشی کرد و هەموو قزلباشەکان و ئەحمەدی برایشی کوشت. ئەنجا بڕیاریدا تەمبێی ئەو سەفەویانە بکات کە براکەیان هان دەدا. لە سروشتی عەقڵیەتی عەسکەرتاری سولتان سەلیم دا وا بەباش دەزانرا کە ئەو تەمێیە بە هەڵمەتی سەربازی کوشندە نەبێت چاری نیە و هەڵدەداتەوە، بڕیاریدا ئەوە بکات:[2]

یەکەم: سەفەویەکان لە سنوری عوسمانی دور بخاتەوە.

دووەم: پشتگیریەکی ئەو گەل و هۆزو نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

سێیەم: سەفەویەکان لە پورتوگالیەکان دوور بخاتەوە کە سنوریان لکابوو بەیەکەوە و زەرەری دەبوو بۆئایندەی عوسمانیەکان.

عباس ئیقباڵ دەڵێت: شا ئیسماعیل پەیوەندی بە دوژمنەکانی عوسمانیەوە کردبوو، پاشایانی مەجەڕستان و مەمالیکی میسری هان دەدا لە عوسمانیەکان، ئەوانیش چاوەڕوانی سوپای پاشای ئێرانیان دەکرد دژی عوسمانی.[3]

وەسفی ئەبو مەغلی دەڵێت: کە پورتوگالیەکان بە سەرکردایەتی ئەمیراڵ ئالبوك دورگەی قشم و هورمزیان داگیرکرد لە کەنداوی عەرەب، شا ئیسماعیل هیچی نەکرد لە دژیان، ئەویش لەبەر کاریگەری ﴿مارتا﴾ی دایکی شا ئیسماعیل و ﴿تیودورا﴾ی نەنکی کە هەردوکیان فەلەی یۆنانی بون لە ترابزون.[4]

حسین مەدەنی دەڵێت: سەلاتینی عوسمانی لەسەرانسەری سەدەی پانزەدا سەرقاڵی داگیرکردنی ئەوروپای مەسیحی بوون، هەتا شاری ڤیەننا پێشڕەویان کردبوو، ئەو کات دەوڵەتی عوسمانی بە بەهێزترین دەوڵەتی سەدەی پانزە دەژمێردرا. شا ئیسماعیلی سەفەوی لە دژی دەوڵەتی سونی مەزهەبی تورکمانی عوسمانی، دەوڵەتێکی شیعە مەزهەبی لە ئێران دروست کرد، ئیتر شەڕی موسوڵمان و مەسیحی دامرکایەوە و ئەوروپا پشویەکی هاتەوە بەرخۆ. ئاگری شەڕ لە نێوان موسوڵمانان هەڵگیرسا و چوارسەد ساڵی خایاند، ئەنجا ئەوروپا پشتی سەفەویەکانی گرت. هێندەی تر ئاگری شەڕەکەی خۆش کرد. شا ئیسماعیلیش بۆ داسەپاندنی مەزهەبی شیعە ڕەحمی بەکەسدا نەدەهات. کەوتە گیانی سەرداران و پیاو ماقوڵانی شاری تەورێز، سەریبڕین و سوتاندنی. دوای گوڵ بژێرکردنی لاوانی شار و، تەجاوز پێکردنیان هەموویانی کوشت . فەرمانی بە خەتیباندا کە (أشهد أن علياً ولي الله و حي على خير العمل) بۆ بانگ دان و پێش نوێژان زیادبکەن . شا ئیسماعیل بڕیاری خۆی دابوو، حازر نەبوو یەك هەنگاو پاشەکشە بکات، ئاخونە شیعەکان لەو هەموو جورم و جینایەت و بێئەخلاقیەی شا ئیسماعیل واقیان وڕمابوو، ترس و خۆفێکی زۆریان تێنیشت، لەوە دەترسان کە هەستی تۆڵەی خەڵکی شار —کە زۆر بەی هەرە زۆری سونی بوون — بخرۆشێ و لافاوی خوێن وڵات بگرێ. لەبەر شا ئیسماعیل پارانەوە و پێیان گوت: دەسەر سەرت گەڕێین، لە چوار بەش سێ بەشی ئەو دووسەد سێسەد هەزارەی خەڵکی تەورێز گشتیان سونین، تا

---

[1] کورد و باکوری کوردستان، ل156 .

[2] التأريخ الاسلامی، ج8، ص101

[3] تأريخ ايران، حسن پيرنيا، عباس اقبال، ص666 .

[4] دراسة عامة عن ايران، محمد وصفی ابو مغلی، ص247.

ئێستا کەس بە ئاشکرا نەیوێراوە بەو نێوە خوتبە بخوێنێ لەوە دەترسێن خەڵکەکە بڵێن ئێمە پاشای شیعەمان ناوێت. نەعوزو باللە هاتوو خەڵکەکە هەڵگەڕانەوە، ئەو کات وەزعەکە چی بەسەر دێت؟).

شا ئیسماعیل وەڵامی دانەوە: (من ئەمرم پێکراوە ئەو کارە بکەم، خوای گەورە و ڕێزدارانی دوانزە ئیمام لەگەڵ منن، منەتم بۆ کەسی دیکەش نیە، بە یارمەتی خوای مەزن، بێتو ڕەعیەت مرتەقیان لێوەبێت. شمشێر هەڵدەکێشم و تاقیان لێدەبڕم).

بەزەبری شمشێر (لا الە الا اللە اسماعیل ولی اللە) برەوی پەیداکرد.[1] شا ئیسماعیل بەوندەش قەناعەتی نەهێنا. بە پێی نوسراوێکی ئەو سەردەمە کەلە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامیدا بەجێمابوو، شا ئیسماعیل دەستوری بە قزڵباشان دا تەور بگرنە دەست و بچنە ناو شەقامەکان، هاوار بکەن لەعنەت لە عومەر، لەعنەت لە ئەبوبەکر. هەرکەس گوێی لێبوایە و لەگەڵیان نەیگوتایە (لەعنەتی زیاتریان لێبێت) زۆر دڕندانە بەردەبونە گیانی و زگیان هەڵدڕ هەڵدڕ دەکرد. شا ئیسماعیل بۆ لاواز کردنی دەسەڵاتی عوسمانی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ عەلەویەکانی ئەنادۆڵی ناو خاکی عوسمانی دامەزراند و زەمینەی هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕینی لەناو عەلەویەکاندا ساز کرد، دەیویست بەوە شیعە بباتە دەرەوەی ئێران و لە لایەکی تریشەوە بە داگیر کردنی ئەومەڵبەندە (ئەنادۆڵ) سوڵتانی عوسمانی بەتەواوی تەنگەتاو بکات.[2]

لونگریك دەڵێت: بە گەشتنی شا ئیسماعیل بۆ عێراق سەریدا لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، چوە بەغداد هەموو مەرقەدەکانی پێشەوایانی سونی کاول کرد و کۆمەڵێك لەزانایانی سەربڕی. لەوکاتەدا لە وڵاتی تورك بڵاوبویەوە کە قەسابخانەیەکی گەورە بەسەر سونیەکانی بەغداد هاتووە . ئەنجا چوە شوێنە پیرۆزەکانی فورات، لقە ڕوبارێکی چاك کردوو مەرقەدی موسا کازمی کردە بینایەکی زۆر مەزن.[3]

### ڕێکەوتنی میرە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی

ئەوانە هەموو هۆبوون بۆئەوەی سوڵتانی عوسمانی شەڕی ئەورووپای خاچپەرست بوەستێنێت و سوپا ئامادەبکات بۆ تەمێکردنی سەفەویەکان، عوسمانیەکان بەرەو ئاسیا چەند نەخشەیەکیان هەبوو، سەرەتا دەیانویست سەفەویە شیعەکان لەناویەرن کە دڵی جیهانی ئیسلامی سونیان بریندار کردبوو، پاشتر بەیارمەتی مەمالیکی میسر پورتوگالیە فەلەکان دەربکات لەکەنداوو نیوە دورگەی عەرەب، کە هەڕەشە لە هەڵکەندنی مەرقەدی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ و بردنی دەکەن، پاشان دەیەوێت دەسەڵاتی مەمالیك نەهێڵێت کە هاوپەیمانیان لەگەڵ سەفەویەکاندا مۆرکردوە دژی دەوڵەتی عوسمانی. ئەوسا بەهەموو هێزی ئەوانەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا وجەنگی خاچ پەرستان دەست پێبکاتەوە و، وەخەلافەتی ئیسلامی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. سوڵتان سەلیم (1512–1520ز) یەکەم سوڵتانی عوسمانی بوو کە ئیدیعای خەلافەتی دنیای ئیسلامی دەکرد . بە پەرەسەندنی مەزهەبی شیعە لە ئەنادۆڵ و ئێران زۆر سەغڵەت بوو. سوپایەکی زۆری کۆکردەوە بۆ شەڕی شیعە. جارێ لە گەرم کردنی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتیدابوو لە دژی شیعە. چەند لیژنەیەکی نهێنی دروست کرد، ناردی بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ و کوردستان بۆ سەرژمێری ئەو شیعە و قزڵباشانەی کە دەستیان چەك دەگرێ و دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی و سونە دەکەن. ئەنجا مەلا و ووتارخوێنانی هانا کە بەردەوام باسی خراپەی شیعە و ڕەگ و ڕیشەیان

---

[1] کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، بەشی یەکەم، ل79–86، هەولێر 2000، ئەویش لە کتێبی (ریشە اختلافات ایران وعراق، د. منوچهر پارسادوست، ص28–29) و (زندگی شاە عباس اول، نصراللە فلسفی، ج1–2، ص216) وەریگرتووە.

[2] کوردستان و ئیستراتیجی دەوڵەتان، ل87، ئەویش لە (تشیع علوی وتشیع صفوی، عللی مزینان ص58) وەریگرتووە.

[3] أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، المستر ستیڤن همسلی لونگریك ص32.

و پەیوەندیان بەفەلەو ئیسلامەوەو کارو ڕەوشت و پیشەو نیەتیان لەگەڵ موسوڵمانانی سونەو دەوڵەتی عوسمانیو بڕواو عەقیدەیان بکەن و خەڵکیان لیهان دەدان. پاشان سوڵتان سەلیم هێرشی یەکەمی دەست پێکردو هەموو ئەو شیعانەی کوشت کە هاتبونە ئەنادۆڵ و ڕۆژ هەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەیان کە ژمارەیان لە چلهەزار کەس زیاتر بوو،[1] ئەوجا سوڵتان خۆی بۆ قۆناغی دووەم ئامادەکرد، سوپایەکی زیاد لە 120هەزار سەربازی ڕێك خست بەتفەنگ و تۆپخانەی قورسەوە.

شا ئیسماعیل بەلایەکی دیکەدا خەریك بوو، بە شیعەکانی ئەنادۆڵ و فەلەکانی ئەوروپا پشت ئەستور دەبوو، لە دایکەوە دەمارەکانی بەخوێنی مەسیحیەت دەجولا و هەستێکی لاگیری بەرامبەر ئاینی مەسیحی هەبوو، نامەیەکی بۆ شارلی پێنجەم –پاشای مەجەرستان– نارد، داوای لە وولاتانی ئەوروپا کرد بۆ شۆڕش دژی سوڵتان سەلیم پشتی بگرن و هاوکاری بکەن.[2]

ئەو نامەیە گرنگیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، چونکە یەکەم جار بوو پاشایەکی ئەو مەڵبەندە، پەیوەندی بەوڵاتان دەکرد، دیویست لە کێشە ئاینیەکانی دنیای مەسیح و وولاتانی ئیسلامی سود وەرگرێ، تەنگ بە سوڵتان سەلیم و مەزهەبی سونی هەڵچنێ، ئەو نزیکایەتیە و ڕێك کەوتنە لە نێوان ئاینی مەسیح و لقێکی ئیسلام دا، ڕەوتێکی تازە لە نێوان دنیای مەسیح و جیهانی ئیسلام سەری هەڵدا، شا ئیسماعیل دەستی دابویە یاریەکی زیرەکانە لە عالەمی دیبلۆماسیەتدا، بەلاّم درەنگ دەستی پێکرد کە کارلەکار ترازابوو، فیتنەو دژایەتییەکی درێژخایەنی دروست کرد، کە ماوەی چەند سەدە تەمەنی بوو، وولاّتانی ئەوروپی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەریەکدا ڕاگرتبوو. ئەو ئاڵۆزیە کەوتە نێوان شیعە و سونە، بەجۆرێك ناو ناتۆرەی ناشرینیان لێك دەنا..

پەیدابوونی دوو زلهێزیسەفەوی و عوسمانی، هەلومەرجێکی تازەیان بۆ کورد خولقاند، جەمسەری تێوە گلانی ئەودوو ئیمپراتۆرە لە کوردستاندا دەگەیشتەوە یەکتر، ئەمارەت و فەرمانڕوایان و سەرەك هۆزانی کورد وەکو هێزی سێهەم لەو نێوانەدا قوت بووبویەوە، قورسایی دەسەڵات دارانی سوننەتی کورد لە کێشەی ئاینی نێوان ئەودوو ئیمپراتۆرەدا، یەکجار گرنگ و چارەنوس ساز بوو، هیچ لایەك بۆیان نەدەکرا بەسەرکورددا باز بدەن، دەبوولەشەڕیقودرەتی دوو ئیمپراتۆریدا کوردستان ساغ بکەنەوە، لەگەڵ ئەمیرانی کورد پێك بێن، یان بە شەڕ تەسلیمی خۆیانیان بکەن . شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕاست بە پێچەوانەی سوڵتان سەلیم، لەباتی ڕاکێشانی دڵی کوردەکان –بە حوکمی دەمارگیری مەزهەبی– نەك هەر لەگەڵ میرە کوردەکان ڕێك نەکەوتن، بەڵکو هێزی قزلّباشی بۆ ناردن و کردنیە دوژمنی کاسە سەری خۆی، کە 20میری کورد بە نیازی وەفاداریان بە شا ئیسماعیل چونە هاوینە هەواری خوی، بەڵام ئەو بێ عوزرو بیانو فەرمانی کۆت و زنجیرکردنی دان و زیندانی کردن . دوایش خاکی کوردستانی بەسەر سەرکردە قزلّباشەکاندا تەخشان و پەخشان کرد، کە میرە کوردەکان وەزعەکەیان ئاوادی، تای تەرازویان بەلای دەوڵەتی عوسمانیدا شکاندەوە.[3]

مامەڵەی شا ئیسماعیل دەرهەق کورد، وەکو مامەڵەی ئاق قۆینلوکان زۆر ستەم کارانە بوو. کورد سونی بوو، قەد بڕوای پێیان نەبوو، مەیلیان زیاتر بەلای تورکەکاندا هەبوو، چونکە شیعە رافزی و توند ڕەو بوون، شا ئیسماعیل هەر دەرفەتێکی دەست کەوتایە هەوڵی بۆ ئەزیەت وفەوتانی کوردەکان دەدا.[4] سیاسەتی شا بریتی بوو لە لەناوبردنی حکومەت و ئەمارەتی

---

[1] کوردستان و ئیستراتیجی دەوڵەتان، ل88. کورد و باکوری کوردوستان، ل156. التأریخ الاسلامی، ج8، ص101.

[2] هەمان سەرچاوە، ل88.

[3] هەمان سەرچاوە، لا 91، ئەویش لە (بارودۆخی کوردستان لەسەدەی شانزەدا – شمس الدین و ئەسکەندەر – وەرگێڕ شوکور مستەفا –ص13) وەریگرتووە.

[4] کورد و کوردستان، محمد امین زەکی، ج 1–2–3، ص160، مهابات.

کورد، لە جێی ئەوان دامەزراندنی نفوز و قوەتی قزڵباش. ئەم مامەڵەیە بەتەواوی پێچەوانەی سیاسەتی عوسمانی بوو لەو کاتەدا.[1]

مارتین فان برونسن زۆر ورد دەست دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کەوای کردووە سەفەوی توند ڕەو دەرچن بەرامبەر گەلان و بەتایبەت کورد، وای کرد کوردە میرەکان ناچارین بدەنە پاڵ عوسمانیەکان دەڵێ: هەر کە جونەید بوە ڕێبەری سەفەوی، گۆڕانکاری لەو تەریقەتە سۆفیگەریەدا کرد، ئەم شێخە سەوبا سەری سەرەڕۆیی و شەرانیە، زیاتر سەرگەرمی گەران و سوڕاندنەوە بوو، سەرکەوتوانە هەوڵی دا لایەنگر لەناو ئەو هۆزە تورکە کۆچەریانەی کەبە سەرزارەکی بووبونە موسوڵمان و، زیاتر مەیل و ئارەزویان بەلای لادان و تالان و گومڕایدا دەشکا، هەر ئەو توندڕەویەبوو، کە شێخ جونەید و شێخ حەیدەری کوڕی تیا کوژران و شا ئیسماعیلی کوڕەزاشی بەهەمان جۆری لادەرانەی هەڵبژاردو پەروەردەی کرد. ئەو توندڕەویەی لە ڕێزلێنانی عەلیدا دەیان نواند، تەنها یەکێکە لە شەقڵەکانیان، هەتا ئەو پلەیەی کە هێدی هێدی شێخەکانیشیان لەلای لایەنگرەکانیان گەیاندراونەتە پایەی یەزدان.

شائیسماعیل زۆر ئاسان ئازربایجانی کەوتە مشت، ئەنجا مڕی خۆش کرد لە کوردستان، بەڵام کوردستانی بەو ئاسانیە بۆ ژێر دەست نەخرا. چونکە زۆر لە میرە کوردەکان دەیان ساڵ بوو سەربەخۆ و ئازادبوون. سیاسەتی شا ئیسماعیل بەرامبەریان دڵرەقانەبوو. ڕاپەڕینی ئەو سەرەك هۆزە کوردانە دژی ئەو سیاسەتە هێجگار دڵڕەقانە سەرکوت کران. هەڵبەت هۆکاری ئاینیش لەو مەسەلەیەدا کایەیەکی گرنگی هەبوو، ئەوەبوو ڕکەبەرایەتی نێوان کوردو سەفەوی لێکەوتەوە.

لەجێیەکی تردا ﴿مارتن﴾ دەڵێت: شا ئیسماعیل کە خۆی بە خوا دەزانی و تەواوی خۆرهەڵاتی داگیرکردبوو، پیاوە دڵ ڕەقە دڵ ڕەشە دەهۆبازەکەی محمد بەگی ئوستاجلوی زاوی کردە حوکمڕانی ئەرمینیا، ڕایسپارد هەر میرێك لە ڕویدا ڕاست بوویەوە بیکوژێت. هەر شارێك لە دژی وەستایەوە وڕاپەڕی، خاپوری بکات. میر شەرەفی جزیرە سەری نەوی نەکرد و دیاری نە نارد، محمدخان وولآتی داگیر کرد و ژمارەیەکی بێشوماری لە خەڵکە ڕەشەکە کوشت، قەشە و منداڵ و جوتیار و پیشەکار و لاوو پیری هێجگارسەربڕی. گوندەکانی سوتاند کلێسە وپەرستگای وێران کرد، کوردستانی داگیر کرد، کە گەلی ئوزبەگی تەپلەکەپەنگ بەسەر پەلاماری خۆراسانی دا، شا سوپای برد و چوو، کوردەکانیش لە کێوەکان هاتنە خوار و دابارین و قزڵباشەکانیان بەزاند. پاشان سەفەوی بۆیان هاتنەوە، شار و دێیان تالآن کرد بێ جیاوازی فەلە و موسوڵمان خەڵکیان پەل پەل دەکرد، ئەوەی نەکوژرا یەخسیر کران و ئەوەی توانای هاتنی نەبوایە، دەکوژرا . ئەوانی تریشیان هەر هەمووی لە دورگە و وولآتە دورەکان بە کۆیلەیی فرۆشران.[2]

لونگریك دەڵێت: سوڵتان سەلیم هەواڵی سەیری سەفەویەکانی پێ دەگەیشت، قەسابخانەکەی بەغداد کە بۆ سونیەکان دانرابوو لەلایەن شا ئیسماعیلەوە کاری زۆری تێکرد. زۆر هۆ هەبوو بۆ ئەوەی شەڕی عوسمانی و سەفەوی بتەقێنێتەوە، بەڵام کێشەی سونیەکان یەکەم هۆبوو کە سەلیم گرتی بە دەستیەوە و شەپوری جەنگی پێلێدا. بە تایبەت کە شا ئیسماعیل عێراق و کوردستان و ئەرمینیای گرت و مۆری خۆی لێدان و لەوێوە یاریدەی دوو برا هەڵهاتوەکەی سەلیمی دەداو هانی دەدان لە عوسمانی و، بەربوە سونیەکانی ئەو وولآتانە. هەر بۆیە سوڵتان سەلیمیش هەر لە مانگە یەکەمیەکانی دەسەڵاتیدا هەموو شیعەکانی سەربڕی و ترسی خستە دڵی سەفەویەکان، ئەنجا هێرشی کرد و سەرکەوت.[3]

---

[1] ئاغا و شێخ و دەوڵەت، مارتن ڤان برونسن، وەرگێڕ کوردۆ، لا194–196، چاپی سێیەم، 1999 سلێمانی.

[2] هەمان سەرچاوە، لا196–198.

[3] (اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ستيفن همسلي لونكريك، ترجمة جعفر خياط، بغداد، ص33).

## ڕێکەوتنی میرە کوردەکان و عوسمانیەکان و هەڵوێستیان لە جەنگی چاڵدێراندا

مارتین دەڵێت : کە مرۆ لە سیاسەتی شا ئیسماعیل دەڕوانێت، هیچ سەیری پێ نایەت، گەر کورد یاخود گەورە پیاوە دەسەلاٌت دارەکانی، هانا بۆ زلهێزێکی دی بەرێت، کە ئومێدی ئەوەی لێ بکرێت لەدەست ستەم و زۆری سەفەویەکان قوتاریان بکات، دیارە تاقانە ئیمپراتۆری ئەو سەردەمەش عوسمانی سونی)بوو. ئەمە قسەی لێکۆڵەرەوەیەکی ئەوروپی فەلەیە، کە زۆر خراپیان پێکراوە بە دەست عوسمانیەکانەوە وەك پێشتر باس کرا . پێم سەیرە لێکۆڵەرەوەیەکی لەو جۆرە بە ئینساف قسەکان دادەڕێژێت و بێلایەنانە قسەدەکات بەمەرجێ دایکی شا ئیسماعیل فەلەیە و لە میرزادە بەتەریارکەکانی تەرابزونی یۆنانیە و بە هەموو هەقێك ئەگەر نوسەر بێلایەن نەبێت، دەبوو مارتن ڤان پشتی شا ئیسماعیل و سەفەوی بگرتایە لە دژی عوسمانیەکان، چونکە لەو کاتەدا ئەوروپا بەدەست عوسمانیەوە گیردرابوو، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ئەو سەرچاوانەی کە تاکە چاوگەن بۆ لێهەڵگۆزینی ئەو باسانەی نێوان عوسمانی و کورد، تەنها شەرەفنامە وئەولیا چەلەبی و ئەمین زەکییە، کە هەرسێکیان، ناهەقی سەرکردایەتی ئەوکاتەی کوردیان نەگرتووە، کە داویانەتە پاڵ عوسمانی، بەڵکو بە شتێکی زۆر باشیان لەقەڵەم داوە، بۆ بەرژەوەندی کورد، چونکە گەر وا نەکرایە، هەموویان تیا دەچوون، یان دەبونە شیعە و وازیان لە مەزهەبی سونی پێدەهێنرا، کە ئەوەیان بۆ ئایندەی کورد زۆر خەتەرناك تر بوو.

میر شەرەفی میری بەدلیسی کە مەزنترین و ماقول ترین پیاوی ناوداری ئەوکاتەی کورد بوو، نرخێکی مەزنی هەبوو لەلای میری میرنشینە کوردیەکان و لای سەفەوی و عوسمانیش . حیساب بۆ قسە و دەسەلاٌت و هێزی دەکرا، دوای ئەوەی لە بەندیخانەی شا ئیسماعیل هەڵهات و میرنشینەکەی لە قزلباشان سەندەوە، دوای ئەوەی کە شیعەکان هێرشێکی مەزهەب گەری توندیان بۆ ناو کوردە سونیەکان هێنابوو، هۆزە کوردەکان بەدەست سوکایەتی کردن بە مەزهەب و خەلیفەکان سەغڵەت بووبون، داد و بێدادیان دەهێنایە بەردەم میری میرنشینەکانیان و لەسەروی هەموویانەوە میر شەرەف میری بەدلیس، میر شەرەف هات بە خەیاڵیدا کە ئێستە عوسمانیەکان مەزنترین هێزی سەر زەمینن و وەك ئەمان سونی مەزهەبن و وەك ئەمان بەگیرهاتوون بەدەست قزلباشە شیعەکانەوە، وە عوسمانیەکان سوپایەکی بێژمارەیان لە خەڵك کۆکردوەتەوە و لە قۆناغی یەکەم دا هەموو شیعەکانی ئەنادۆڵیان لەناو بردووە، کەدەستیان بەخوێنی کورد سور بوو، شیفای دڵی کوردەکانیشی پێداوە، لە قۆناغی دووەم دا نیازی وایە بچێتە سەر سەفەویەکان، ڕێگەش نیە هەر دەبێ بە خاکی کوردا بچن، چونکە کوردستان لە نێوانی هەردوو دەوڵەت دایە.. هێزی کوردی کەم و بێ هێزو پارچە پارچە ناتوانێ ڕێ لە هێزی عوسمانی بگرێ، کورد خۆشی بێو ترشی بێ ئەو هێزە بە خاکی ئەودا دەڕوات.. لەبەر ئەوە پاڵپشتی و ڕیکەوتن لەگەڵیدا لەبەرژەوەندی کوردە، ئەوەی سەیرە عوسمانیەکان تا ئەو کاتەی کورد خۆیان داوایان نەکربوو، هیچ پشتێکی بە کورد نەبەستبوو، بە خۆشی و ناخۆشی روی لە کوردستان نەنابوو، ناویان نەهاتوەو هیچ ڕێکەوتنو پێشنیارێکیان لەگەڵ دیار نییە.

میر شەرەف کەلەو هەلەی پێشودا بۆی نەڕەخسا بدلیس دەسخاتەوە، بەشوێنی چارەدا دەگەڕا. کاتێك زانی سوڵتان سەلیم بەنیازە سوپا بەرێتە سەر ئێران و داگیری بکات، میر شەرەف پرس و ڕایەکی بە خولناسی بدلیسی حەکیم ئیدریس و محمد ئاغای کلهوکی کرد. ئەگەر بدەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئەم هەلە بقۆسنەوە کە سوڵتان سەلیم نیازیەتی ئێران بگرێ و شیعە لەناو ببات، یان دووریان خاتەوە، ئەمە لەبەرژەوەندی کوردان دەبێت، ئەگەر بۆ پێش هێرش هاوپەیمانیەك لەگەڵ عوسمانیەکان مۆر بکەن، ئەوا دەتوانێت بۆ دوای سەرکەوتن داوای شتی گرنگتر بکەن و داوایان بەجێ دەبێت.

پێشتر میر شەرەف نا ئومێدبوو لەوەی کە ناتوانن بەهێزی خۆی بدلیس لە قزلباش بسەنێتەوە، لەوکاتەدا هەواڵی بیست کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی نیەتی هێناوە هێرش بکاتە سەر ئێران و داگیری بکات . وای بینی کە هەل لەبارە بیقۆسێتەوە، هەر بۆیە ڕێك کەوت لەگەڵ حەکیم ئیدریسی بەدلیسی و محمد ئاغای کلهوکی، کە ملکەچی و دڵسۆزی خۆیان

بۆ دەسەلاّتی ئال عوسمان دەربڕن . لەڕووەوە لەناو میرانی کوردا وتوێژ کرا، لەوکاتەدا زیاد لە 40 میری گەورەی کورد دەسەلاّتیان هەبوو، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەهەموویانەوە نامەیەك بنوسن، ملکەچی و دڵسۆزیان بۆ سوڵتانی عوسمانی دەربڕن، نامەیەکیان نوسی و بڕیاریاندا کە حەکیم ئیدریسی بدلیسی و محمد ئاغای کلهوکی ئەو نامەیە بەرن لەباتی هەموویان بچنە ئەستەنبوڵ و پێش کەش بە سوڵتان سەلیم بکرێت.

سوڵتان سەلیم کە ئەو کاتە لە نیوان ئەماسیەو ئەستەمبوڵ و ئەدرنە لە خۆسازدانی سوپادابوو، هەندێکی تر دەڵێن لە ڕێگە بوو بۆ چالّدێران دەچوو، بە کاروباری سەربازی و خۆ ئامادەکرنەوە بۆشەڕ خەریك بوو —لەوکاتەدا لە هەر جێیەك بوویێت، ئەو خەریکی نەخشەی سەربازی بووە، دیارە ئەو کاتە درێژەی دانیشتن نەبوبێ‌و کات بەدەستەوە نەبوە هەموو شت تاوتویّ‌و یەکلابکەن و ببڕێتەوە، ڕەنگە بڕیاری هەموو شتێکی پێدابن کەلە سەروی هەموویانەوە پاك کردنەوەی کوردستان بوو لە قزلّباشە شیعەکان. کوردەکان بەوبڕیار و پەیماندانە ڕازی بوون کە ڕەنگە هەر دەمی بوبێت و جارێ کاتی ئەوە نەبووە بخرێتە سەر کاغەز، ڕەنگە مەرجی ئەوەشی لەگەڵ کربن کە هەموو میرێك دەبێ خۆ کۆبکاتەوە و یاریدەی سوپای عوسمانی بدات لە پاك کردنەوەی میرنشینەکەیدا، کە زۆربەی میرنشینە کوردەکان بەدەست سەفەویەکانەوە بوو، میرەکانیان دەرکرابوو.

ئەو ڕێکەوتنە سەری گرت، هەموو میرێك سوپای خۆی کۆکردەوە و بەیارمەتی سوپای عوسمانی دوای شەڕی قورس هەندێك لە کوردستان لەبەشی باکور پاکرایەوەو قزلّباشەکان کوشتاری زۆریان جێهێشت و هەلّهاتن، ئەنجا بەرەو ئازربایجان و پایتەختی سەفەویەکان هێرش کرا. زۆر لەمیرانی کورد شان بە شانی عوسمانیەکان شەڕیان دەکرد و دوای باکوری کوردستان هەتا ناو خاکی ئازربایجانیش چوون، کوردەکان زۆر دلّسۆزانە و بە گەرمی دەکۆشان و شەڕی سەروماڵیان دەکرد، ئەویش هەموو ئەو زوخاوە تاڵ و ترشە بووە، کە بەناوی مەزهەب گەراییەوە دەرخوارد میر و خەلّکە کوردەکەیان دەدا. لەو بڕوایەدام دۆخەکە ئەوەندە ڕق هەلّگر بوە، کە ئەگەر بەشی کوردیشیان دیاری نەکردلیە، دوای سوپای عوسمانی دەکەوتن وئەو داخەیان بە سەفەوی دەڕشت (کە سوڵتان سەلیم لە ﴿ئاماسیە﴾وە شەڕی ئێرانی دەکرد، چەند جارێك شێخ حەکیمەدین ئیدریسی بەدلیسی ناردە کوردستان کە چاوی بە میرو سەرەك هۆزەکان بکەوێ و لەڕوی شیعە و شا ئیسماعیلیان ڕاست کاتەوە)[1].

(پێش شەڕی چالّدێران نێزیك بیست ئەمیری کورد وەفاداری خۆیان بە سوڵتان سەلیم ڕاگەیاند بوو. سوڵتان بە یارمەتی مەلا ئیدریس، لایەنگری پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری ئەمیرانی کوردی سونی مەزهەبی وەدەست هێنا. کاتێك عوسمانیەکان لە ساڵی 1514 چونە شاری (ئامێد)خەلّکە کوردەکە دەروازەی شاریان بۆ کردنەوە، لەناوچە شاخاویەکان کوردەکان لەژێر فەرمانی میرە کوردەکانیان هێزی قزلّباشیان ڕامالّی و قەلاّ و شورەکانیان لێ‌شکاندنەوە و وەکو هێزی داگیرکەر هەلّسوکەوتیان لەگەل دەکردن)[2].

(مامەڵەی خراپی شا ئیسماعیل بەرامبەر کوردەکان پێچەوانەی ئەو سیاسەتە بوو کە بە واستەی فازلی مەشهور (ئیدریسی بدلیسی) بەسەر کوردستاندا تەتبیق کرد، وە هەدەفیش عبارەت بوو لە بری ئیحاد و تعمیم کردنی ئوصولێکی باش بوو، وە حکومەتی عوسمانیەکان بەواستەی دامەزراندنی هەندێ حکومەتی محەلیەوە قەومی کوردی بەتەواوی لە خۆی ڕازی کرد. یاوز سوڵتان سەلیم لەسەفەری (چالّدێران)دا، لە ئۆردوگای (ئەماسیە) وە چەند جارێك مەولانا ئیدریسی

---

[1] شەرەفنامە، ل674.

[2] کوردستان و ئیستراتیژی نێو دەوڵەتان — لا90

بەدلیسی نادرە کوردستان بۆ ئەوەی کە عەشائر و سەرۆکەکانی کورد لە شیعە و شائیسماعیل هان بدات، لە ڕاستیدا ئیرشادات و تحریکاتی مەولانا ئیدریس کاریگەریەکی زۆر گەورەی هەبوو).[1]

مارتین دەڵێت: یەکەم هەنگاوی سوڵتان سەلیم گرتن و خنکاندنی ژمارەیەکی زۆر لە قزلْباشەکانی ژێر دەستەی بوون، بڕێك سەرچاوە باس لە 40 هەزار کەسێك دەکەن، ئیدی هەردوولا بیانوی شەڕیان بۆ دروست بوو، بۆ ئاڵۆزکردنی زیاتری حاڵ و بارەکە، محمد خان ئوستاجلو فەرمان ڕەوای دیاربەکر و سەرکردەی سوپای کوردستان کەزاوای شاسمایل بوو، بەجوێنی هێجگار دژوێنەر داوای بەرامبەرێتی لەسوڵتان سەلیم دەکرد. زستانی ساڵی (1513–1514) سوڵتان سەلیم خۆی بۆ جەنگ کۆکردەوە و لە بەهاردا بە لەشکرێکی 100 هەزارکەسیەوە بەرەو خۆرهەلات ملی نا. محمد خان ئوستاجلو لەبەردەم هێرشەکەیدا خۆی بۆ نەگیرا و ناوچەکەی بۆ چۆڵ کرد و گشت دانیشتوانی ناچارکرد بۆ ئازربایجان کۆچ بکەن . فەرمانی دا هەرچی بۆ خواردن دەشیا بیسوتێنن، بە نیازی ئەوەی بیاباتێکی چۆڵ و قات و قڕی تێنەپەڕ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا بونیادبنێت. لەگەڵ ئەوەدا سوڵتانی عوسمانی توانی بە کۆمەکی 60هەزار بار حوشتر ئازوقە ئەو مەودایە ببڕێت. لە مانگی ئابی 1514 سوپای هەردووك ئیمپراتۆر لە نزیك چالدێران کە دەکەوێتە سەروو خۆرهەلاتی گۆمی وانەوە، ڕوبەڕوی یەکدی وەستانەوە، شا ئیسماعیل خراپ شکێنرا و سوڵتان سەلیم تەبرێزی پایەتەختی گرت.[2] محمود شاکر دەڵێ: سوڵتان سەلیم لە ئەدرنەوە جولا.. پێش کەوت بەرەو تەورێز پایەتەختی سەفەوی، سەفەویەکان ویستیان سوڵتان سەلیم بخەڵەتێنن، بەنەخشەیەك شاریان چۆڵ کرد و کشانەوە بۆ دەرەوەی شار، هەتا عوسمانیەکان ماندو بکەن ئەوجا هێرش بکەنە سەریان و لەناویان بەرن، بەڵام سوڵتان سەلیم بێترس هەر پێش دەکەوت هەتا گرتنیەوە و لە دەشتی چالدێراندا جەنگێکی قورس ڕویدا، لە 2 رجب 920عوسمانی سەرکەوت و شاسمایل هەلات، دوای 10 ڕۆژ سوڵتان چوە تەورێز و خەزێنەکانی شاسمایلی گواستەوە بۆ ئەستەمبوڵ، پاشان دوای شاسمایل کەوت لەبەر سەرمای زستان نەیتوانی بیگرێتەوە، بەرەو شاری ئاماسیە گەڕایەوە.[3]

حسن پیرنیا دەڵێت: شا ئیسماعیل لە ئەسفەهانەوە سوپای هێنا و محمد ئوستاجلو حوکمڕانی دیاربەکر، بە سوپای قزلْباشەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا و کوردستانەوە پاشەکشەی کرد بۆلای شا ئیسماعیل و لە دەشتی چالدێران پێك گەیشتن و خۆیان دامەزراند، کە شەست هەزار سەرباز دەبون، سوڵتان سەلیم بە 120 هەزارەوە بە تفەنگ و تۆپخانەی قورسەوە پێك بەربوون، سوپای سەفەوی هەرچەند بەرەنگاریەکی کەم وێنەی کرد، بە تایبەت شا ئیسماعیل خۆی چەند جار بە شمشێر هێرشی بردە سەر تۆپخانەی عوسمانی، بەڵام بەهۆی زۆری عوسمانیەکان و بەهێزی تۆپخانە و چەکیان، شکستیان خوارد، محمد خان ئوستاجلو وە زۆربەی سەرکردە سەفەویەکان کوژران، شا ئیسماعیل بەپەلە پروزە و بەوەندەی لەسوپاکەی بۆی دەرچو بەرەو تەبرێز کشایەوە، لەوێش خۆی نەگرت و هەتا هەمەدان نەوەستا.[4] شا ئیسماعیل بریندار بوو، ژنەکەی ئەسیر کرا.[5]

کە سوڵتان دوای شا ئیسماعیل کەوت سوپاکەی زۆر ماندووبون و ناوچەکە زوقم و سەرمابوو، هەندێ ئەفسەر ناڕەحەت بوون و مانیان گرت و فەرمانی سوڵتان سەلمیان شکاند . ماوەیەك لەو کێوانە مانەوە، پاشان سوڵتان گەڕایەوە بۆ

---

[1] کوردو کوردستان، محمد ئەمین زەکی، ل160– 161.

[2] ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل198–199.

[3] التأريخ الإسلامي، محمود شاكر، ج8، ص101.

[4] تأريخ ايران از آغاز تا انقراض قاجارية، حسن بيرنيا، ص661.

[5] ايران دراسة عامة، محمد وصفى ابو مغلى، ص247.

ئازربایجان، لەو ناوەدا چەند قەڵایەکی دیکەی گرت، میرنشینی زولقادری تورکی لە ناوبرد کە لە پشتەوە پەلاماری کاروانی خۆراکی عوسمانیەکانیان دابوو، لەو ناوچەدا سوپایەکی بەرگری جێهێشت، چەند بڕیارێکی دا بەسەریاندا و خۆی گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، ئەنجا هەموو ئەو ئەفسەرانەی بانگ کرد کە قسەی سوڵتانیان شکاندو لە ڕاونانی شا ئیسماعیلدا مانیانگرت، لەو کاتە تەنگەتاوەدا بونە کۆسپ، هەموویانی کوشت.[1]

حسین مەدەنی دەڵێت: سوڵتان سەلیم قۆڵی لە شا ئیسماعیل هەڵماڵی بوو، لەو کاتەدا هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا، بەنێوبژیکەری مەولانا ئیدریسی بەدلیسی (46) میری کورد پاڵیان وە سوڵتان سەلیمەوە داو بونە جڵەو داری لەشکر بۆ شەڕی دژی شا ئیسماعیل لە چاڵدێران. شاسمایلیان بە توندی شکاند. تەبرێز گیرا، بەم جۆرە میرە کوردەکان، ڕقی خۆیان بە شا ئیسماعیل ڕشت. شایش لە خەفەتی ئەو شکستە، غروری لەدەست دا، توشی نەخۆشی ڕەوانی (دەروونی) بوو. ئیتر لەوساوە بزەی بەسەر لێویدا نەهات.[2] سەلیم تەورێزی داگیرکرد، وەلێ کێشەی لوجستیکی ئوردوی عوسمانی ناچارکرد بەر لە هاتنی زستان خۆ بکێشێتەوە، شا ئیسماعیل تەورێزی دەست کەوتەوەو سەرلەنوێ فەرمانڕەوایانی خۆی بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا ناردەوە.قەرەخان برای محمدخان ئوستاجلو کەلە شەڕی چاڵدێران کوژرا. گەیشتە دیاربەکر دیتی میرە کوردەکان یاخی بون و، دانیان بەسەروەری و مەزنی سوڵتان سەلیم داناوەو بۆ دەرپەڕاندنی سەفەویەکان هان و کۆمەکی بۆ بردون.[3]

سەرمای زستان و کەمی خواردنی سوپا لەبەر دووری و ناڕەحەتی ڕێگە وای کرد سوڵتان سەلیم بکشێتەوە.[4] وا دیارە زۆربەی میرە کوردەکان بەشداری جەنگی چاڵدێرانیان کردبێ. ئەوەتە شەرەفخان دەڵێت: میر شەرەف و چەند سەردارێکی کوردستان جڵەوداری کامیاری سوڵتان بوون . لەو شەڕەدا خان محمد ئوستاجلو حاکمی دیاریەکر کە زاوای شا ئیسماعیل کوژرا، سێ برای هەبوون قەراخان و عیوەزبەگ و ئولاش بەگ. قرە خان بویە جێگری و کرایە والی دیاربەکر، بەدلیس درا بە عیوەز، فەرمانڕەوای جزیرەش درابە ئولاش بەگ . باکوری کوردستان لە قزڵباش پاك کرایەوە، بەڵام ناوەڕاست و باشوری کوردستان هەر بە دەستیانەوە بوو دەبوو پاك بکرێتەوە، بەتایبەت کە سوڵتان ناوچەی تەبرێزی جێهێشت، شا ئیسماعیل گەڕایەوە و ناوچەکانی گرت و ترس بۆ کورد هاتەوە.

دوای گەڕانەوەی سوڵتان سەلیم لە جەنگی چاڵدێران، میرە کوردەکان حەکیم ئیدریسیان ناردەوە بۆ لای سوڵتان لە ئەستانە (ئەستەنبوڵ) و، وەك شەرەفخان دەگێڕێتەوە: (حەکیم ئیدریس بە سوڵتانی خاوەن شکۆی پێش نیارکرد کە میرەکانی کوردستان لەبەزەیی شاهانەتان چاوەڕێن، ولگەی باب و باپیرانیان پێببەخشی و یەکێکیشیان هەر لە خۆیان بۆبکەیتە سەرداری گشتی بە تێکڕایی هێرش بکەنە سەر قەراخان و لە دیاربەکر دەری بپەڕێنن، سوڵتانی هەموو دونیاگر لە وەڵامیاندا فەرمویان : هەر کام لەو میرە مەزنانەی کوردستان بۆ میری میران دەست دەدات، با بۆ خۆیان ناودێری بکەن و دابنرێ و میرەکانی تریش دەژێر فەرمانی ئەودابن و کۆشش بکەن و قزڵباشان لەناو بەرن).[5]

1 تأريخ الاسلامی، ج8، ص102.

2 کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، لا91.

3 ئاغا و شێخ و دەوڵەت، لا199.

4 هەفتەنامەی خەبات، ژمارە (949).

5 شەرەفنامە، لا746

تا ئێرە، سێ ڕاستی ڕونە، کە ئەویش لە سەرچاوەیەکی زیاتر لە 400 ساڵ لەمەوبەرەوە باس کراوەو بۆ بەرژەوەندی کورد نوسراوە، میرێکی کورد نوسیویەتی کەلەناو ڕوداوەکاندا ژیاوە و لەبەر دڵی کەس شێواندن و دەست تێخستنی تیا نەکردوە .

ــ یەکەم بیرۆکەی پەیوەندی کردنی کورد بە عوسمانیەوە لەلایەن دوو میری ناوداری کوردەوە بوە کە (میر شەرەف و محمد ئاغا کلهوکی)بون، ئەوان میرانی تریان هانداوە کە پێکەوە نامە بنوسن و مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەگەڵ محمد ئاغا کلهوکیدا بردویانە. واتە مەلا ئیدریس بۆئەوە براوە کە قسەزان و سیاسیەکی بیر تیژ و بەئەزمون بووە، هەتا بە شێوازی جوان داواکەی میرانی کوردستان بگەیەنێ، وە محمد ئاغاش وەك میرێکی کوردی نوێنەر، لەباتی میرانی کورد ئاگادار بێت کە چۆن داواکە دەگەیەنرێ و وەڵامی سوڵتان چی دەبێت، دەنا مەلا ئیدریس، میر و حاکمی هیچ میرنشینێکی کورد نەبوە، تەنها وەك دبلۆماسێکی بەتوانا و دڵسۆز بە کورد کاری ئەوانی گەیاندووە و نێوان گەری کردووە.

ـ دووەم لە داواکانی حەکیم ئیدریسدا داوای کردووە کە (یەکێکیان هەر لە خۆیان بۆ بکرێتە سەرداری گشتی)، واتە ئەو داوای نەکردووە کە سەردارێکی عوسمانی نزیك بە سوڵتان بکرێتە سەردار، بەڵکو تەئکیدی کردووە بە ووشەی (هەر) واتە هەر لە خۆیان، هەر لە میرە کوردەکان و بەس.

ــ سێیەم سوڵتانیش ڕازی بووە، کە هەرکام لەو میر و مەزنانەی کوردستانی بۆ میری میران دەست دەدات، با بۆ خۆیان ناودێری بکەن و دابنرێ و میرە کوردەکانی دەژێر فەرمانی ئەودابن.

هەندێك کە دەیانەوێ مێژوو بشێوێنن و بەمەبەست حەکیم ئیدریس تاوانبار دەکەن کە ئەو میرە کوردەکانی خەڵەتاندوە پەیوەندی بە عوسمانیەوە بکەن، یان (حەکیم) ئیدریس یان (مەولانا) ئیدریس بە (مەلا ئیدریس) ناو دەبەن بۆ ناشرین کردنی (مەلا) کە ڕەمزی ئیسلامە لە کوردستاندا دەنا لەو سەردەمەدا وشەی مەلا نەبوە و ئەمیش هەرگیز کاری مەلای مزگەوتی نەکردوە، ئەم لە حوجرە و لای باوکی خوێندویەتی چونکە خوێندن تەنها لە حوجرەکاندا هەبوە.. ئەوەی لەو بارەیەوە قسەبکات دەبێ هەل و مەرجی ئەو کاتەی لەبەر چاو بێت، لەخۆوە حوکم نەدات، کەس تاوانبار نەکەن، مێژوو ئەزمونە، دەرمانخانەیە، دەبێ ڕوداوەکانی ئەمڕۆی کورد بدەینە بەر ئاوێنەی مێژووی کورد و ئەزمون و عیبرەتی لێوەربگرین نەك هیچی تر، شەرەف خان زۆر بە مەزن باسی ئیدریسی بەدلیسی دەکات، میرە کوردەکان زۆر بڕوایان بە قسە و عەقڵ و سیاسەتی بوە، ئەو ئەرکەیان داوە بە ملیدا، ئەویش بە شاهیدی محمد ئاغا کلهوکی، ئەمانەتەکەی گەیاندوە، هەر بۆیە پاشتر میرە کوردەکان و سوڵتان سەلیم هەردوولایان دەیکەنە وکیلی خۆیان . دیارە کوردەکان لەسەر ئەوە سور بون، کە هەر میرە میرنشین و ناوچەی خۆی پێبدرێتەوە، کەلە باوو باپیرانیەوە بۆی بەجێماوە و ئێستە بەدەست قزڵباشەوەیە، دوای ئەوەش سەرۆکێکی گشتی کورد هەر لە خۆیان بۆ میرەکانی کورد دابنرێ، کە ئیدارەیان بکاو یەکێتیان بپارێزێ و کۆیان بکاتەوە و یەك قسەیان بکات. سوڵتان سەلیم بەو پێشنیارە ڕازی دەبێت، دوای ئەوەی مەولانا ئیدریس و محمدئاغا دەگەڕێنەوە.. وا دیارە مەلا ئیدریس هەموو میرو سەرۆکە کوردەکان، لە جێیەك کۆدەکاتەوە و ئەنجامی وتوێژەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە و تاوتوێی سەردانەکە دەکەن، ئەنجا داوا لە میرە کوردەکان دەکات کە سەرۆکێکی گشتی بۆ کوردستان لەنێوان خۆیاندا دەستنیشان بکەن یان هەڵبژێرن و، بەهەموویانەوە لەژێر سەرکردایەتی ئەو سەرۆکە گشتیەدا حوکمداری کوردوستان بکەن و ئاوەدانی کەنەوە و قزڵباشەکان لە کوردستان دەربکەن، نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەتا ئەمڕۆ نمونەی نەبووە پێك بهێنن، هەموو کوردستانی گەورە بگرێتەوە، لەناو کۆن فیدراڵی هەرێمایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت، بەڵام مەخابن دیارە میرە کوردەکان لەناو خۆیاندا لەو هەڵبژاردنەدا لەسەر شێواز و ڕایەك ڕێنەکەوتون کە ئەو کەسەی سەرۆکی گشتی دەسەڵاتی کوردوستان وەردەگرێت دەبێ کێ بێت ؟ دوای ماندوبون و شەونخونیەکی زۆر هەریەکە بەلای

خۆی یان هەرچەند کەسە ڕایان لەسەر کەسێکی جیاواز بۆ دروست دەبێت، هەوڵەکانی مەولانا ئیدریس و بەرژەوەندی گەورەی کورد لەو خاڵەیاندا سەری نەگرتوە، کاتەکە هەستیارو پەلەبوە, کوردەکان داوایان لە حەکیم ئیدریس کردوە: ئێمە ڕێك ناکەوین خۆت بڕۆ داوا لە سوڵتان بکە خۆی کەسیکی گونجاو دابنێ ئێمە گوێڕایەڵی دەبین, حەکیم ناچاربوە بگەڕێتەوە بۆ ئاستانە، هەتا کارەکە لە دەست نەچوە سوڵتان خۆی کەسێکی بڕوا پێکراوی خۆی دابنێ بەسەر سەرۆکە کوردەکانەوە.!! مەخابن بۆ ئەو هەڵوێستە لارەی سەرۆکایەتی کورد، کە هەتا ئەمڕۆی هەزارەی سێهەم هەر بەردەوامە.!! ئەوە نەخۆشیەکی کۆنی کوردەو لە ناخیدا چەقیوە، هەرە گەورەترین هۆی نەبونی دەوڵەتی کوردی بوە لە مێژوودا.!!

کاتەکە زۆر ناسك بوە، قزڵباش بە کەیفی خۆی بەناو خاکی کوردستاندا تەراتینی کردووە، زۆربەی میرە کوردەکان هەڵهاتبوون لە باکوری کوردستان کۆبونەتەوە، بەیەك دەنگ لە ژێر یەك دەواردا، یەك دەمراستی وەکو مەولانا ئیدریس قسەیان بۆبکات، یەك دوژمنی هاوبەشیان دانابێت، یەك زلهێزی جیهانیان —وەك ئەمریکای ئەمڕۆ— کە عوسمانیە کردبێتە پاڵپشت. دەبوو تەنازولیان لە زۆر دەردی دەرونی خۆیان بکردایە، هەتا خۆیان بەخۆیان بەپاڵپشتی عوسمانی خاکیان پاکردایەتەوە، نەك خۆیان بە ڕەوا نەبینن و تورکێکی عوسمانیان بەلاوە پەسەند تربێت لە برایەکی خۆیان هاو زمان و هاو ڕەگەز. ئەوە نەخۆشیەکی خراپە لە دەرونی کوردا، هەتا ئەمڕۆکەش لە کۆڵی نەبوەتەوە —ناو کرۆکی حکومەتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردوستانی خواردوە—.

لەسەرەتای ئەم باسەوە هێناومەتەوە کە کوڕانی پاشای چین و مەغۆلستان کە بارودۆخ تێك دەچێت و بەوان چار ناکرێت، ناچاردەبن هەر هەموویان داوا لە جەنگیزخان بکەن، کە ئەو کاتە چەتەیەك بوە، بەڵکو وولات یەك بخات، ئەویش نەك یەکیەتیەکی بەهێزیان بۆ دروست دەکات، بەڵکو مەزنترین ئیمپراتۆریەتیان لەسەر زەوی بۆ پێك دەهێنێ، وا دەزانم کورد سەرکردەیەکی توندی وەك جەنگیزخانی پێویست بووە لە مێژودا، بەلام مەخابن ئەمان چەتەیەکە دەکەن یەکیەتیەکە ناکەن، بەلام پێکهاتەی کوردی هێندە لاوازبوە هەرگیز جەنگیزخانێکی هەڵنەخستوە. کوڕانی پاشای چین دەزانن چاریان لای ئەو چەتە دڕندەیەیە، ئەو هەڵوێستە مەردانە دەنوێنن، بەلام کوردەکان کە خاکیان داگیرکراوە، سوڵتانی زەمانە ڕازیە خۆیان لە خۆیان سەرۆکێك هەڵبژێرن، خۆیان قزڵباشە سەفەویەکان لە کوردستان وەدەرنێن و خاکیان پاککەنەوە، هەر یارمەتیەکی لۆجستی سەربازیان بوێت دەوڵەتی عوسمانی حازر و ئامادەیە، بەلام سەدمەخابن لەبارچوو، کورد ئەو هەلە مەزنە مێژوییە کەوەك مێوو ڕۆن لەبەر دەستیدا بوە، سوڵتانی زەمانە بەپیریانەوە هاتوە، بەلام زەینی سود لێوەرگرتنیان نەبوە..

سەرچاوەکان دەڵێن ئەو کاتە کورد زیاتر لە 120هەزار سەربازی کاتی شەڕی بووە، گەر ئەو خاڵە سەری بگرتایە، لەو بڕوایەدابووم دۆخی ئەمڕۆی کوردستان جۆری تر دەبوو، گەر نمونەیەکی جوانیان لەو ڕۆژەدا بۆ ئایندە پێشکەش بکردایە و هەڵوێستی مەردانە و دڵسۆزانەیان بنواندایە، کاروباری ئەمڕۆ بەم جۆرە نەدەبوو، بەلام نمونەیەکی خراپیان پێشکەش کرد کە ئەوەتە ئەمڕۆش دووبارە و دەبارە بوەتەوە، کوردی زیندوی ئەمڕۆی مەئیوس کردوە و لەدوی ئەڵتەرناتیفێك دەگەڕێ دەرەکی بێت یا ناوەکی، ئەمریکا لەسەرەتاوە پاڵپشت بوو، پاڵپشتە کە ئەگەر کورد یەك بێت لە بەشی کوردستانی عێراقدا، شتی بۆ دەکات، چەند جار بۆ ئەو مەبەستە دایننیشاندون، بەلام خەتاکە هەر لە سەرکردایەتی کورد خۆیەوە بوو، کە هەر بە میرنشینی و تاك ڕەوی لەسنوری تەسکی خۆیدا و، ڕازی بوە کە هەر کەسە بەشی خۆی بخوات و بژی، ئەو دەرەبەگیە ناوچەییە نمونەی چاخەکانی ئەوروپای ناوەڕاستەو پێنجسەد ساڵە بەسەر چوە, لە دنیای سیاسەتی ئەمڕۆدا هەر لە زووەوە باوی نەماوە، دوای چەند دنیشتنێکی ئەمەریکا لەگەڵ سەرۆکایەتی سیاسی کورد کە بۆی دەرکەوت

لاوازن و کورت بیر دەکەنەوە وازی لێهێنان، لە شیعە بەناچاری ئەڵتەرناتیفێکی تری وەرگرت بۆ عێراق، ئەمەریکا دەیویست لە عێراقدا پاڵپشتێکی عاقڵی هەبێت وەك بنکەی بە هێز پشتی پێببەستێ و وای زانی کورد ئەوەیە، دوای دووساڵ هەوڵ و تەقەلاکە بۆی دەرکەوت عەقڵیەتی سەرکردایەتی کوردی بۆ ئەو ئەرکە ناشێت، نەك هەر وازی لێهێنا، بەڵکو پشتگوێشی خست! !

ڕەنگە ئەو پەندەی کورد کە دەڵێ: (کورد کورتە و هیچیش بە هیچ ناکات)، لەو ڕۆژەوە حەکیمانی کورد دروستیان کردبێت و بۆ باڵای کوردیان دوری بێت، کورد ئەزمونی جوانی حوکمداری لەبەردەستدا نیە هەتا نەوەکان وەك ئەو بکەن.

مەولانا ئیدریس بە تەریقیەوە ناچاربوە بگەڕێتەوە بۆ لای سوڵتانی عوسمانی و ئەو ناکۆکیەی نێوان سەرکردە کوردەکان بە جۆرێکی تر پینە بکات.

شەرەفخان دەڵێت: حەکیم ئیدریس لای سوڵتان سەلیم ووتی: ئەو کوردانە زۆربەیان هێندە خواپەرستن هیچیان سەریان بۆ ئەوی تر ناچەمێنێ، ئەگەر تۆ چاوت لەوەبێت قزلْباشان لەناوبەریت، واباشە نۆکەرێکی بەر بارەگای دنیا بێنی و ئەم پلەیەی پێ بسپێری تا سەرداره کوردەکانیش زوو بێنە بەرفەرمانیەوە و ئەم کارە زوو کۆتایی بێت! !

وادیارە عوسمانیەکان بە مەبەستی خۆیان گەیشتوون، سەفەویەکانیان دوور خستۆتەوە و شەڕی چاڵدێرانیان بردوەتەوە، بەڵام کوردەکان هێشتا سەرەتایانە و ڕێکنەکەوتون دەست بەپاك کردنەوەی کوردستان بکەن لە قزلْباشان.

هەر بۆیە مەولانا ئیدریس پەلەیەتی، هەر وەکو میرە کوردەکان ڕایان هاتووەتە سەر یەکیەتی، نەبادا دۆخ بشێوێ و کوردستان ببێتەوە لانەی شەڕ، شیعەکان بگەڕێنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبیان لە کوردستاندا، داخۆ مەولانا ئیدریس چەند ماندو بووەو خەفەتی خواردوە بە دەست (50) میری کوردەوە تا یەکیان بخات و ڕایان بێنێ گوێی لێبگرن وگوێیان لێ بگرێ، ئەمریکا و بەریتانیاش لەسەرەتاوە ئەوەندە ماندوو بون لە دوو میرە کوردەکە، حەلێك نەما پێشکەشی نەکاو شێواز نەما نەیگۆڕێ هیچی دەستنەکەوت. بەڵام مەلا ئیدریس مەبەستێکی گەورەی بووە".

یەکەم: ئەوە بوو کە کورد دەست بەرداری مەزهەبی شافعی سونە و جەماعەت نەبێ و ئاین و بڕوای سەلامەت بێت و، لەگەڵ ئەوەی کە کورد خۆی دەرونی تن و ڕەق وشەڕانیە، نەبێتە شیعەی توندڕەو و ڕافزی و خراپتر بەسەر خۆی نەهێنێ.

دووەم: کوردستان پاك بێتەوە لەو لادەرە ڕافزیە داگیرکەرانە کە زۆر دژی کورد و مەزهەبەکەی بوون.

سێیەم: پشتگیریەکی گەورە لەسەر هەمان ئاین و مەزهەبی سونە و جەماعەت بۆپەیدابکات، کە ستەمی لێنەکرێ و ڕقی پێشینەی لە دڵدا نەبێ بەرامبەری و نیازی پوکانەوەو لەناوبردنی نەبێت، چونکە تا ئەو کاتە کورد و عوسمانی شەڕ و هەرایان نەبووە و هیچ ئەزمونێکی تاڵ و ترشیان پێکەوە نەبووە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە لە باسەکاندا ئەوە دیارە کە عوسمانیەکان لە هێرشیان بۆسەر سەفەویەکان هیچ مەبەستێکی دژایەتی و داگیرکردنیان بۆ کورد نەبوە. بەگەلێکی جیاواز و خاکێکی جیاواز و دوور لە خۆیان بۆیان نواڕیون، چونکە هەتا ئەو کاتەی میرە کوردەکان ئەو بیرە دەکەنەوە کە بدەنە پاڵ عوسمانیەکان و مەولانا ئیدریس بنێرن، هیچ نزیك بونەوە و باس کردن و شەڕ یان دۆستایەتیەك نەبووە، وە قزلْباشەکان لە سنوری کوردستانەوە بە کورد نەیانداوە لە عوسمانی، بەڵکو بە زۆری پاڵپشتیان لەناو خێڵە تورك و کۆچەری و نیشتەجێکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دابووە و بەوان داویانە لە عوسمانی. لەبەر ئەوە پێشنیاری پەیوەندی کورد و عوسمانی، کورد بووە نەك عوسمانی، وە پێشنیار و بیرۆکەی ڕێك کەوتن میر شەرەف و محمد ئاغای کلهوکی بووە نەك مەولانا ئیدریسی بەدلیسی.

مارتن دەڵێت: (شایانی باسە کە بەگەر بەگی (میری میران) (کەنیاز بوو بدرێ بەکورد گەر ئامادە بونایە) لە دەوڵەتی عوسمانیدا قوماندانی سوپاو حوکمداری ئیالەت بوو، کەلە ویلایەت گەورەتر بوو، ئەو پایە تەنها بەکوڕانی سوڵتان و

ژەنەراڵە پایە بەرزەکان دەدرا، سولتان وتی : کام میر شایانی ئەو پلە بەرزەیە، ئیدریس بلیمەت وتی: گشتیان، هەڵبەت بەکەمێك جوداوازیەوە..)[1] .

## پاکردنەوەی کوردستان لە قزڵباشان

دوای ئەوەی 46 میری کورد دانیشتن دەکەن و بە ئامادەبوونی مەولانا ئیدریس ڕێك دەکەون کە هەر کەسە میری میرنشینی خۆی بێت، بەڵام ڕازی نابن کەسێکی دیاری کراو ببێتە سەرداری گشتی و وەکو خۆیان پێشنیاریان کردبوو بۆ سولتان، ڕەنگە لە کۆتایدا هەمویان ڕازی بوبن سولتان خۆی کەسێکی خۆیان بۆ بکاتە سەرداری گشتی هەر بۆیە ئیدریسی بدلیسی دەچێتەوە لای سولتان و داوادەکات کەسێکی خۆی دانێ هەتا سەرداره کوردەکانیش زوو بێنە بەرفەرمانیەوە (واتە نایەنە بەر فەرمانی کەسێکی لە خۆیان) و پاکرنەوەی کوردستان زوو کۆتایی بێت و قزڵباش دەست نەخەنە ناویانەوە، سولتان لەسەر پێشنیاری مەولانا ئیدریس (چاوەش باشی محمد ئاغا) کە بە ﴿بیغلو محمد﴾ ناسرابوو کرا بەمیری میرانی دیاربەکر و سوپا سالاری کوردوستان و، بۆ گرتنی دیاربەکر ڕەوانە کرا.

هەر میرە کوردێك بە سوپای خۆیەوە بەیارمەتی عوسمانی بۆ گرتنەوەی مەڵبەندی خۆیان جوڵان. نیاز بوو میرشەرەف یان مەلیك خەلیل بکرێتە میری میران و سوپاسالاری کوردستان و سەرداری گشتی، وا دیارە میرێکی زۆر ڕازی نەبوون و سەری نەگرت. میر شەرەف بە هاوکاری میرانی حەزوەیی و خێزان وشیروەیی و مەکس و نیسپایرد هێرشیان کردە سەر قەڵای بەدلیس، دوای ڕێکەوتن گیرا و میر شەرەف بویەوە بە میری بدلیس.

مەلیك خەلیل حاکمی حەسەن کیف و سعرد لە سوپای قزڵباش ڕاپەڕی و قرەخانی برای محمد ئستاجلوی دەرکرد. ئەمیری صاصون محمد بەگ (هەرزن) ی سەندەوە. سەید ئەحمەد بەگی زرقی (ئەتاق و میافارقینی) گرتەوە. قاسم بەگیش (ئەکیل)ی گرتەوە. مردیس جەمشید بەگ (یالو)ی سەندەوە.. بەختی بەگ جزیرەی ئیبن عومەر و بۆتانی سەندەوە. سەید بەگی میری سۆران، کەرکوك و هەولێری گرتەوە. جگە لەمانە شانزە میری کوردی تر پاڵپشتی عوسمانی بوون. لەولاوە شا ئیسماعیل قرەخانی بەهێزەوە ناردەوە سەر دیاربەکر و گەمارۆیدا، سولتان سەلیم سوپای نارد و گەمارۆیان شکاند، شا ئیسماعیل هێزی تری نارد، بەڵام مەولانا ئیدریس هێزی بتلیس و خێزان و مەکس و ساسۆنی کۆکردەوە و لێی دان و لەناوی بردن، بەڵام گەمارۆی دیاربەکر درێژەی هەبوو، سولتان سەلیم بیقلی محمدی بەلەشکرەوە نارد و داوای لە مەولانا ئیدریس کردبوو ئەمیرە کوردەکان یەك بگرن، مەولانا ئیدریس لەو میرانە، دەهەزار کەسی کۆکردەوە و لەگەڵ سوپای بیقلی محمد یەکیان گرت و پەلاماری سوپای سەفەوی (قودرەت بەگ) یان داو شکاندیان، ئەنجا ڕویان کردە دیاربەکر، قەرەخان زوو شاری جێهێشت و هەڵهات بۆ ماردین، بەڵام سوپای کورد و عوسمانی چونە دیاربەکر و لەوێوە چون بۆ ماردین، قەرەخان لەوێش هەڵهات بۆ سنجار، ئەمان لێرەوە خەریك بوون، قزڵباش لەلایەکی ترەوە چونەوە ماردین و حەسەنکیف، بەردەوام یارمەتی عوسمانی و سەفەوی دەهات و شەڕ لە خاکی کوردا زۆر گەرم بوو، بەڵام کورد هەموو لەبەرەی عوسمانی دابوون .
دوو سوپای کورد و عوسمانی بەرامبەر سەفەوی وەستان لە قوچ حەسار نزیك نسەیبین، کە هەموو میرە کوردەکان و مەلا ئیدریس و بیقلی محمدی عوسمانی لەبەرەیەکدا و، قرەخانی سەفەوی لەبەرەی قزڵباشان دا. لە ئەنجامدا سوپا پێشڕەوی کرد، ئەرغەنی و سنجار و چرمیك و بیرەجك و ماردینیان گرتەوە، پاشان چونە سەر سوپای قزڵباش و بەیارمەتی تۆپی قورس، حەسەنکیف و ڕەها و ڕقە و موسڵیان لێسەندنەوە. قرەخان کوژرا. کە ئەو قەڵا بەهێزانە گیران، شارەکانی تریش

---

[1] ئاغاو شێخ و دەوڵەت، لا 201

تەسلیم بوونی خۆیان ڕاگەیاند و خێڵە کوردەکانی ڕۆشەنی و حەریر و سنجار و ئەستاجلی و جزیرە هاتنە ژێر فەرمانەوە. ئەو کوردە خێڵەکیە جەنگاوەرانەی بە فەرماندەی میرەکانیان دابویانە پاڵ بیغلو محمدو ژەنەڕاڵە نێردراوەکانی دیکەی سوڵتانی عوسمانی. گەلەك زەبری گورچك بڕیان لە قزلباشان وەشاند. کوشندەترینیان ئەو مستە بەهێزە بوو کە هێزە کوردەکان لە قوچ حەسار تێیان سرەواندن، زۆربەیان کوژران و ئەویش کە گیانی دەرکرد هەڵهات بۆ ئێران، ئیدی لەو دەمەوە پشکی هەرە زۆری خاکی کوردستان بوە هەرێمێك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڕاستی لەم هەلەدا کورد تۆڵەی خۆی لە قزلباش چەند قات کردەوە. ئەو میرانەی کەلە شەڕی دژە قزلباشدا کۆمەکیان کرد، کردنیە حوکمڕانی سنجەقە بە میرات جێماوەکانی خۆیان. هەرچەندە ئەمە لادان بوو لە یاسا گشتیەکەی ئیمپراتۆریەتەکە، چونکە ئەو پلەو پایانە تەنها بە کار بەدەستانی سوپا دەدران و، نەدەشیا وەك میراتی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەو میرانەی مەولانا ئیدریس دایمەزراندن، گشتیان لەو خانەوادە کۆنانە بوون کە سەدان ساڵ بوو پاشا ئاسایی فەرمان ڕەواییان دەکرد. ئاق قۆینلو و سەفەویەکان سیاسەتی داڕماندنی دەسەلاتی ئەو خانەوادانەیان گرتبوە بەر. بەلام سەرکەوتوو نەبون..

شەڕی چالدێران بۆ میرانی کورد، هەر خاسیەتی تۆڵە سەندنەوەی نەبوو ! بەلکو لە مێژوودا ئەوە یەکەم جاریان بوە لە دژی دوژمنێکی هاویەش، لەگەڵ زلهێزێکی دیکە یەکیان گرتبێ . لە مەیدانی تاقیکاریشدا بۆیان دەرکەوت، ئەگەر وا لە کێشەی ناوخۆیی بێنن و یەکگرتوو بن، دەتوانن ببنە فاکتەرێکی بەهێز و، شوێن لەسەر پارسەنگی هێزەکانی نێوان ئێران و عوسمانی دابنێن . پیلانەکانی دژ بە خۆیان تێك بشکێنن، وەکو ڕابردوو لەسەر خاکی باب و باپیرانی خۆیان حوکمڕانی بکەن .

کوردەکان دەرفەتێکی زێڕینیان لەسەر یەك دەست بوون و بەدەستەوە گرتنی دەسەلات دارێتی کوردستان بۆ ڕەخسا، سوڵتان سەلیم لەپاڵ ئەو سەرکەوتنەیدا کە بەیارمەتی میرە کوردەکان وەدەستی هێنابوو، ئامادەبوو پاداشتی چاکیان بداتەوە، داوای لە میر و مەزنانی کوردستان کرد، بە دیاری کردنی میری میران، خۆیان دەسەلاتی کوردستان بەدەستەوە بگرن . مەلا ئیدریس چونکە شارەزای دۆخ و ناخی میرەکان بوو، باش دەیزانی هیچ کامیان لەبەر ڕۆح زلی و خۆپەرستیان، سەر بۆیەکتری دانانەوێنن، بۆ ئەو کارە زۆری هەولداو چەند شەوی لەگەلدا ڕۆژ کردنەوە و چەند نمونە و ئەزمونی بۆ گێڕانەوە و چەند شێوازی بۆ گۆڕین، زەرەری ئەو کاری یەك نەگرتنەی بۆ شیکردنەوە، بەلام میرە کوردەکان هیچ نەچوو بەگوێیاندا. هەربۆیە بە ناچاری گەڕایەوە ئاستانە و داوای لە سوڵتان سەلیم کرد نۆکەرێکی بەربارەگای خۆی بۆ ئەو پلەیە دیاری بکات باشترە، بەو کارە میرە کوردەکانیش چاکتر دێنە بەربار وفەرمانبەریەکەی قبوڵ دەکەن. بەڕاستی گەورەترین هەلی زێڕین هاتە بەردەرگای ماڵی کورد، نەك نەیویست، بەلکو زۆر ناشرین ڕەدی کردەوەو وتی من پیاوی ئەو پلە مەزنە نیم.. ! !

### ڕێکەوتننامەی کورد و عوسمانی

پەیمانێکی دوو قۆڵی لە نێوان عوسمانی و میرە کوردەکاندا بەسەرپەرشتی مەولانا ئیدریس بەستراو، ئەم خالانەی تیا دیاری کرا :

1ـــ سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردەکان پارێزراوبێت .

2ـــ بەپێی داب و دەستوری کۆن و پەند و باوی باب و باپیرانیان، هەرکام لە میرانی کورد لە خودی قەلەم ڕەوی چوارچێوەی میرایەتی خۆیدا دەتوانێت حوکم بکات و نوێنەر بۆ کن میرانی دیکە بنێرێت. واتە میرنشین لە باوکەوە بۆ کوڕ دەبێ، وەیان بەگوێرەی ئصولی محەلی ڕێك دەخرێ، سوڵتان بە فەرمانێك تەعینی پشتا و پشت تصدیق دەکات .

3 – کورد لەهەموو شەڕێکدا یارمەتی عوسمانی بدات .

4ـــ عوسمانیش له هه‌موو شه‌ڕێکی دوژمن بۆ سه‌ر کوردستان یارمه‌تی کورد ده‌دات.

5ـــ کورد ڕسومی شه‌رعی به به‌یتولماڵی خه‌لیفه ده‌دات .

ئه‌م ڕێکه‌وتنه له (920ك –1514ز)دا جێبه‌جێ کرا.[1]

به‌ڕاستی پێداگری میره کورده‌کان له‌سه‌ر خاڵی یه‌که‌م و دوه‌م گه‌وره‌ترین و پشت شکێنترین گورز بوو که له‌به‌رژه‌وه‌ندی باڵای کورد درا، به‌رژه‌وه‌ندی تاکی باڵا کرد به‌سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی گشتی کوردا و، پێنج سه‌د ساڵی تر ده‌سه‌ڵاتی تاك ڕه‌وی و خێڵه‌کی له کوردوستاندا درێژ کرده‌وه. ئه‌مه ئه‌و خاڵه‌بوو که میره کورده‌کان زۆر پێیان له‌سه‌ر داده‌گرت و هه‌ریه‌که ده‌یویست له‌و بسته عه‌رزه‌ی که له‌باوك وباپیریه‌وه بۆی جێماوه هه‌ر به‌رده‌وام بێت و بیخوات، ڕازی نیه که‌س وه‌ك سه‌رۆکی کورد، یان ڕێکه‌وتنی باڵا بۆ به‌رژه‌وه‌ندی هه‌موو کورد، یان هه‌ر شتێك که که‌مترین ده‌ستێوه‌ردانی بۆ سه‌ر چه‌م وباخ و له‌وه‌ڕی ئه‌و هه‌بێت ڕازی نیه‌و به‌پاشای ڕومی ناگۆڕێته‌وه، ئه‌م خاڵانه عوسمانی فه‌رزی نه‌کرد، به‌ڵکو داوای سه‌ره‌کی میره‌کورده‌کان بوو، هه‌میشه ئاوا که‌م و کورت و بچوك و لاواز بیریان کردوه‌ته‌وه، بۆیه هه‌ر به هوهایه‌ك ته‌خت و به‌خت و تاراجیان لێك ترازاوه‌و هه‌ڵوه‌شاوه‌ته‌وه, گه‌ر چل وشه‌ش میرنشین و زیاتری کورد دڵسۆزو یه‌کگرتوو بونایه‌و یه‌ك سوپاو بیرو به‌رژه‌وه‌ندیان ببوایه، بۆ سه‌ندنه‌وه‌ی خاکیان له سه‌فه‌وی هه‌رگیز پێویستیان به عوسمانی نه‌ده‌بوو.

مه‌ولانا ئیدریس که‌زانی له‌و چه‌ند ساڵه‌دا کوردستان چه‌ند شپرز بووه، بۆ سولتانی پێش نیارکرد که یاریده‌ی کورده‌کان بدرێ و دڵیان به عوسمانی خۆش بکرێت. داوای لێ کرد که ئیداره‌ی کورده‌کان وه‌ك وولاتانی تری عوسمانی نه‌بێت و، هێندێك له دۆز و ئاواتی کورد نێزیك بێته‌وه، هه‌رچی ئه‌و پێشنیاری کرد، سولتان سه‌لیم ڕازی بوو، زۆری بڕوا به مه‌ولانا ئیدریس هه‌بوو، گه‌لێك فه‌رمانی سپی بۆ ناردوه و مۆری پێوه‌ناوه و گوتویه حه‌کیم ئیدریس بۆ خۆی چۆنی ده‌وێ پڕی بکاته‌وه، حه‌ڤده ئاڵا و پێنج سه‌د خه‌ڵاتی جل وبه‌رگی بۆنارد که‌له‌ناو میره‌کانی کوردستاندا به‌شی بکات . 25هه‌زار دۆکه‌ی زێڕیشی بۆ ناردن.[2] ئه‌م یاسایه له هیچ جێیه‌کی تری ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا پیاده نه‌کراوه، به‌زیره‌کی حه‌کیم ئیدریس بۆ کورد ده‌سته‌به‌ر کرا.

کوردستان به‌گوێره‌ی میر و ئاغاکانی کرایه چه‌ند ده‌وڵه‌ت و چه‌ند سنجاقێکه‌وه، به‌پێی ڕێکه‌وتنه‌که ده‌بوو به‌شی هه‌موو که‌س بدرێ، هه‌رچه‌ند به‌شێك ئالایه‌کیان هه‌بووه، سه‌ربه فه‌رمانڕه‌وایه‌ك بون . ده‌وڵه‌ت بۆ میره ناوداره گه‌وره‌کان وه‌ك میر شه‌ره‌ف و و مه‌لیك خه‌لیل، سنجاقه‌کانیش بۆ ئه‌و میره بچوکانه‌ی که بنه‌ماڵه‌یان سنوردار بووه و ڕازی نه‌بون بچنه ژێر ڕکێفی که‌سی تره‌وه، پێشتر هه‌میشه میره گه‌وره‌کان ناوچه بچوکه‌کانیان ده‌خوارد و میره‌کانیان ده‌ربه‌ده‌ر ده‌کرد، ئێسته سنوری کاری هه‌ریه‌که دیاری کراوه و هه‌ریه‌که له‌سنوری خۆیدا سه‌ربه‌خۆیه و به‌پێی په‌یمان نامه‌که کار ده‌کرێت، ئه‌مه نه‌خشه‌یه‌کی گرنگ بوو که هه‌موو که‌س له کوردستاندا به‌شی هه‌بوو، پارێزراوبوو، هه‌تا دڵی خۆش بێت و لانه‌که‌ن به‌لای قزڵباشه‌وه‌و کاریان تێ‌نه‌کات، ئه‌مه هه‌رچه‌ند زه‌ره‌ری گه‌وره بوو له‌یه‌کیه‌تی کورد درا که هه‌رگیز نه‌یان بوه، ئه‌و سوده‌ی هه‌بوو که هه‌موو ناوچه‌یه‌ك داب و نه‌رێت و کلتورو زمانی خۆی بپارێزێ و له عه‌وله‌مه‌و فراوانخوازی عوسمانیدا نه‌توێته‌وه. به‌پێی ئه‌و نه‌خشه‌یه دیاربه‌کر کرایه نۆزده سنجه‌ق و پێنج حکومه‌ت. خاپور و ئالشکورده پێنج حکومه‌ت بوون. سه‌رۆکی ئه‌و حکومه‌تانه پله‌ی میری میرانیان هه‌بوو، له‌کاروباری ناوخۆیاندا سه‌ربه‌خۆ و ده‌سه‌ڵات داربوون. (وان) کرایه سی و حه‌وت سنجه‌ق و چوار حکومه‌ت. ئه‌و دابه‌شکردنه ته‌واو ده‌گه‌ڵ باری کورده‌واری ئه‌و ڕۆژه‌دا پێك ده‌هاته‌وه، جگه

[1] کوردستان و ئیستراتیژی ده‌وڵه‌تان، لا93. کوردو کوردستان، م. ره‌سول هاوار، ل193. کوردو کوردستان، محمد ئه‌مین زه‌کی به‌گ، ل166. شه‌ره‌فنامه ل650.

[2] شه‌ره‌فنامه، ل650– 651.

لەوە ئیدارەکردنیشی ئاسان بووە، دەبوو بە منافەسە لەسەر حوکمی جوان و پەیوەندی ڕێك و پێك و خۆش بەختی خەڵکەکە. پاشان (موسڵ و ڕەها) شیان بەو جۆرە ڕێکخست. تایبەتمەندی باری ناوچەی کوردستان و باری سەربەخۆیی لای کوردان، شەڕ و شۆڕی هەمیشەییان لەگەڵ یەکتردا، یاریدەی ئەوەی نەدەدا ئیدارە و حکومەتێکی ڕاستە و ڕاستیان هەبێت، چونکە مەولانا بەزەحمەتێکی زۆرو هەوڵێکی درێژخایەن توانی ئەو وڵاتانە بەناوی عوسمانیەوە ساغ بکاتەوەو دەستی خستبوو. دەیویست بەحوسنی تەدبیر و مامەڵەیەکی باش بە حکومەتیانەوە ببەستێ، ئەویش پێوستی بە شێوازێکی تری جیا لە وڵاتانی تری عوسمانی دەکرد[1] کە هەر ئەم جۆرەی بۆ دەشیا کە کردیان .

سوڵتان سەلیم بەتایبەت بڕوای بەمەولانا ئیدریس هەبوو، زۆر فرمانی خاڵی بۆ نارد کە بەئارەزوی خۆی پڕی بکاتەوە و بۆ هەرکەسێ ئارەزوی ئەکا ئەنجامی بدات. ئەم شێوازە تەشکیلاتە نوێیە کە پاشماوەی زیرەکی و ژیری و سیاسەتی مەولانا ئیدریس بووە، بەڕاستی زۆر گونجاوو پێویستی ناوخۆ بوو، وڵاتێکی وەکو کوردستان سەخت، خەڵکێکی واشەڕکەر و سروشت جیا، بەهیچ جۆرێکی تر ئیدارە نەدەکراو ناکرێ. بەم جۆرە ئەو 46 میرنشینە کوردیەی کەپێش سەردەمی سوڵتان سەلیم هەبوو، قزڵباش هەموویانی داگیر کردبوو، سەندرایەوەو بەشە گرنگەکانی بەشێوەیەکی فەرمی (ڕەسمی) و قانونی هێڵرایەوە.

مەولانا ئیدریس لەدوای تەواوکردنی کاروبار، بەدەستی خۆیو بەناوی سوڵتانەوە، بە حاکمان و میرانی کورد، تەپڵ و بەیداخی پێدان، کە نیشانەی بەفەرمی بوونی میرنشینەکانیان بوو. سوڵتان سەلیم مەولانا ئیدریسی بە شێوەیەکی لائق و لوتفەوە ڕێز دەگرت و بە حورمەتێکی مەزن سەیری دەکرد. لەگەڵ خۆی بردی بۆ سەفەری ئێران و، پاشان لەگەڵی بوو بۆ سەفەری میسر .

بەوجۆرە هەوڵ و تێکۆشانی زیرەکانەی مەولانا وڵاتێکی زۆر سەخت و عاسی بەبێ شەڕ و شۆڕ چارکردو، بە داوای خەڵکەکە بە دەوڵەتی عوسمانیەوە تەئمین کرد، ئەم کارە لە مێژوودا بێوێنەیە.[2] پێم باشە لێرەدا نامەی سوڵتان سەلیم بۆ مەولانا ئیدریس بهێنمەوە، کە زۆر کەسی وەکو جەمال نەبەز و هەژار موکریانی و ڕەسوڵ هاوار و هی تر، بە سوك سەیری دەکەن و هەندێك شتی لێ دەڵێن کەلە نامەکەدانیە و بێ ئینصافن بەرامبەر مێژووی کورد، کوێی بە خۆیان وبیرە چەپەکانیان بگونجێ، ترش و خوێی دەکەن و، کوێی زەرەری بیرو هەستیان بێت، دەیکوتن و دەیشێوێنن. بەڕاستی لە هەموو مێژووی کوردا نەم دیوە پیاوی مەزنی وەك ئیدریسی بەدلیسی سیاسەتمەداری وا، کە قەناعەت بە سوڵتان سەلیمی عەسکەرتار و دەوڵەتی عوسمانی مەزن بهێنێ، دان بەمافی کوردا بنێ و ئەوەی بۆ خەڵکی تری نەکردووە، بۆ کورد بیکات. وە ئەگەر میرە کوردەکان خۆیان بەیەك ڕازی بونایە و کوردێك ببوایەتە سەرۆکی گشتی کوردستان، لەو بڕوایەدابووم عەقلیەتی کورد تا ئەمڕۆ پێش دەکەوت و هەنگاوی مەزنی دەنا و لە بیری یەکیەتی و سەربەخۆیی زیاتر نێزیکتر دەبویەوە، بەڵام بەیەك ڕازی نەبوون، هەتا سوڵتان خۆی پیاوێکی سەربەخۆی بۆ ناردن.

### دەقی نامەی سوڵتان سەلیم بۆ مەولانا ئیدریسی بەدلیسی

دوای ئەوەی حەکیم ئیدریس سەرکەوتوو بوو لە هەوڵەکەیدا لە کوردستان و یەکخستنی بیروڕای میرە کوردەکان و ڕێکەوتن لەگەڵ عوسمانیەکاندا دژی سەفەوی، مەولانا ئیدریس نامەیەکی ڕێکەوتنەکەی بۆ سوڵتان سەلیم نوسی کە سەرپشك کرابوو چۆن کوردەکان ڕێك دەخات سەرپشك بێت، سوڵتان سەلیمیش ڕەزامەندی دەربڕی و نامەیەکی بەرزی بۆ حەکیم نوسی، کە ڕێزو حورمەت و مەزنی حەکیم ئیدریس دەردەخات لای سوڵتانی عوسمانی، ئەمە دەقی نامەکەیە:

---

[1] کورد و کوردستان، ئەمین زەکی، ل167 – 169.

[2] کورد و کوردستان، ئەمین زەکی، لا169 – 170.

"سەرداری شت زانان، پێشەوای ئاکار جوانان، ڕێبواری شا ڕێی تەریقەت، شارەزای دەستوری شەریعەت:

... مەولانا حەکیم الدین، خوا بۆ کرداری چاکت بێڵێ .

بەگەیشتنی فەرمانی بەرزو پیرۆزتان، لێت ڕون بێت کەنامەکەت گەیشت و، مژدەی پێداین کە بەبۆنەی ئێوەوە و لەسایەی دەست پاکی و خواپەرستی و ڕاستی و دروستیتانەوە هەموو لیوای دیاربەکر گیرا. منیش هەروام لە تۆ ڕادەبینی. ڕوت سپی بێت. ئەگەر خوای گەورە حەزبکات دەبێتە هۆی گرتنی هەموو لیواکانی تریش، ئەگەر چاوێری بەرزی شاهانەمان ڕوی لە تۆیەو دەربارەت دەکرێ. دەگەڵ موچەی تا دوای شەشەکانی ممبارەگدا دوو هەزار فلوری و کەوڵێکی سمۆرویەکی وشەك و دوو پارچە فاسۆن و دوو چۆغ و کورکێکی خوری و ئاستەر کەوڵە سمۆر و کورکێکی بەرکەوڵە و شەك و شیرێکی کالان زێڕ و کیمخایەکی فەرەنگیمان بۆ ناردی. لەخوا دەخوازم بە دڵخۆش و لەش ساغی وەریان بگری و لە خۆتیان بەخت بکەیت . بەرامبەر بەخزمەت کاری و دڵسۆزی و ڕاستیت. شیاوی ئاوڕوێدانەوەی شاهانەی شکۆدارمان بی.

چونکە ئەو میرانەی لە دیاربەکرەوە هاتوون و دوای تۆ کەوتون، تۆ دەزانی چۆنن و کام نازناویان پێ ڕەوایە و چەندیان لێدەوەشێتەوە، لە سنجەقان چییان پێ ببڕێ باشەو لەدابەشدا گەرەك هەرکەس بەپێی خزمەت و دڵسۆزیەوە لێی بڕوانن. ئەوا چەند فەرمانێکی سپیم بۆ ناردی و تورە (ئیمزا)ی شاهانەی بەسەرەوەیە کە بدرێتە دەست: جێ شانازی میرە گەورەکان و پشتیوانی زل مەزنەکان و جێگەورە و لە پێش پایەبەرز و بەڕێز لە خودای بێنیازەوە یاری دراو. میری میرانی دیاربەکر : محمد هەمیشە بەختیار بێ .

پێویستە هەر پارچە هەرد و ئاوێك، هەر موچە و دراوێك و هەر نازناوێك بە میرێك لەو میرانە دەدرێ و هەر نوسراوێك لەباتی سوڵتان دەنوسرێ. هەمووی لە دەفتەری تایبەتیدا بنوسرێ و بۆ سەردەرانەی پیرۆزمانی بەڕێبکەن. تا لێرە هەڵبگیرێ و هیچ شتێك وون نەبێت .

بەدرێژی باسی ئەو سنجقانە بنوسن کەبەو میرانە دەدرێن و، بشنوسن چۆنتان داونێ و چنازناوتان بۆ دیونەتەوە و چەندتان بەخشش بۆ داناون. مەرج ئەوەیە ئەم دابەشە لە ماکی کار زیان نەداو لە ناویاندا نێوان تێك نەدات. هەروەها چەند کاغەزێکی سپیم بۆ ناردی تورە(مۆر — ئیمزا)ی شەریفیان لەسەرە. بۆ ئەو میرانەی بنێرە کە نیازمانە بیانکێشینە لای خۆمان. دەبێ نامەی لاواندنەوە بەڕێك و پێکی بنوسرێ و دەگەڵ خەلاتی شاهانە بۆیان بنێرە. ئەو فەرمانە شاهانانەش دەگەڵ ئەندازەی بەخشش و هۆی چاوەدێریەکە لەدەفتەری تایبەتیدا ڕونوس بکەن و بۆ ئاستانەی منی بنێرن کە پەنای جیهانە. تا هەموو شتێکمان لەبەر چاو بێ. لەو بابەتەوە کاروباری شاهانە بە مەیلی من پێك هاتوە، خودای بەرز حەز بکات هەوساری بەزەیم بۆ ئەو لایە وەردەچەرخێنێ و پتر چاکەی شاهانەیان پێ ڕەوا دەبینم.

وا ئێستاش کوڕی ئەردەوێڵی: ئیسماعیلی گومڕا. حوسەین بەگ و بارام بەگ ناوی ناردوەتە خزمەت بەختیاریمان، بە زمان و بە نوسین هەموو جۆرە بەندەیی خۆی دەنوێنێ و دەپاڕێتەوەو بەزمانی لوس دەیەوێ دەگەڵی ئاشت بم و گوتویە: هەرچی من بمەوێ و ئارەزوو بکەم بەبێ خۆگرتن دەیکات. بەڵام بەڵێن و دڵسۆزی جێگای باوەڕنیە، لەبەر ئەوە هەردوو ڕاسپاردەم گرتن و خستمنە قەلای (دیمقوتە) و پیاوەکانیشم هاویشتنە قەلای (کلید البحر). لەسەر تۆش پێویستە: دەربارەی ناوبراوی بارکەوتوو زۆر باش بیر بکەیتەوەو هەر ئێستا بیری لێ بکەوە، بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی پایەدارو لەگەشەمان تێکۆشەریە.

لە کۆتاییدا بەهومێدم کە زۆر ئاکاری باش و ئاسەواری جوان لە تۆ دیار بدا. ئەوەش بزانە پشتی خۆت بە تورە (مۆر)ی پیرۆزمان ببەستە.

"نێوه ڕاستی شەشەکانی ممبارەك  ساڵی 921کۆچی  بارەگای خەلیفه ئەدرنه".[1]

کاتێك ئەم ڕێکەوتنه کراوه که عوسمانی کاری بەکورد نەماوه. بەم نامەیەدا دیاره ڕێکەوتنی عوسمانی و کورد دوای چاڵدێران بوه، دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، لەم نامەیەدا بەدەر دەکەوێت که مەولانا ئیدریس چەند هەوڵی داوه دڵی میرانی کورد کۆکاتەوە، سوڵتان زیاتر هەوڵی داوه و داوای له مەلا ئیدریس کردوه بەسۆز ترو، ئاگاداری زیاتری دڵی میره کوردەکان بێت و ڕازیان بکاو کارێك نەکات زویر بن، سوڵتان سەلیم داوا له ئیدریسی کورد دەکات که نەرم ونیان بێت لەگەڵیان و دڵێیان ڕابگرێت, بەڕاستی زۆر سەیره ئەم سوڵتانه توند سروشته بۆ کورد هاتوەته دۆشین.

سوڵتان له دەستور و فەرمانەکانیدا هەمیشه وشەی (جەناب)ی بۆ میرانی کورد بەکاردێنا، بێجگه له پلەی میرایەتی، نێزیك چوار سەد سەرۆك عەشیرەت به ناوی (میری عەشیرەت) هەبوون، له پله وپایەی فەرماندارد‌ا موچەیان بۆ بڕابویەوە، میره عەشیرەتەکان له کاتی شەڕدا بۆ شەڕ دەچون، میران و سەرۆك عەشیرەته کوردەکان شێوەی حوکمداری و بەڕێوەبەریان لەو سەدەیەدا، ڕێك وەکو شێوەی حوکمداری فیدراڵ و ئەشرافه خود موختارەکانی ئەوروپا دەچوو.

میرانی کورد لەناو چوار چێوەی سازمانی ئیداریو مەملەکەتداری ئیمپراتۆری عوسمانیدا خۆیان قایم و توند و تۆڵ کرد. دابەش بونی دەسەلات لەناو نیزامی ئیمپراتۆریدا جێی گرت. بەو مانایه. له تەنیشت دەربارو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەمارەته کوردیەکان ڕەنگی (شێوه دەوڵەت) یان بەخۆوه گرت.[2]

نموونەیەکی تر له فەرمان نامەی سوڵتان سەلیم که بۆ دڵنیایی کوردان به ئیدریسی بەدلیسی داوه بەم جۆرەیه:

"مەولانا حەکیمودین ئیدریس، خوداوەندی گەوره درێژه به کەماڵات بدات، ئەم فەرمایشته پادشاهانه بڵندەمت دەگاتێ، دەبێ بزانی، نامەکەت بەدەرگای بەختەوەریم گەیشت، ئەوەی لەتۆ چاوەنۆڕ دەکرێ و ئەوەی له ئەستۆت بوه به جوانیت جێبەجێ کردووه، بوی وەمایەی دەستگیرکردنی سەرلەوەری گەڤەری دیاربەکر و هەر خۆشت پارێزگاکانی دیکه سەرویەر دەنێی، نوازشت و دڵاوایی بڵێندم له هەقت زۆر و زەوەندەن، دەویاری ئەوڕۆی تێدایان. تا دوای شەشڵان دوو هەزار فلوری دراوی فەرەنگی و کەوڵه سامورێك و شەکێکی تیسکن و دوو شیری بڕای زێڕ کفتی کالان کەمخای فەرەنگیت لۆ به دیاری ناردران. وەتەمای خوای فره دڵاوا، که ئەوانەت دەگەنێ بەلەش ساغی وەریان دەگری و لەبەریان دەکەی وخەرجیان دەکەی، لەپای خزمەت و پاداشتی سەر ڕاستی و نیهاد پاکیتدا، بەبڕێك له نوازشتی هەمەڕەنگی فەرمان ڕەوایی پرشنگدارم لەقەڵەم دران . بەرخوردار و بەختەوەر بیت و. هتد".[3]

ئەم نامه ڕەنگه نوقسان بێت و مابێتی. ئەگەر یەکێك سەرنجی ئەم نامانه بدات بەوردی، نهێنی زۆریان لێ دەردەکێشێت له ڕێز و شان وشەوکەت و مەزنی مەولانا ئیدریس کەلە ناوداری کورد، دەردەکەوێ که مەولانا ئیدریس کێشەیەکی فره گەورەی له کۆڵ عوسمانیەکان کردوەتەوە، وه کیشەیەکی گەورەتری له کۆڵ میرنشینه کوردەکان کردوەتەوە، لەلایەکەوه دەستی له سەفەوی بەرداون و لەلایەکی ترەوه وولاتی کوردی ڕزگار کردووەو، به کەیفی خۆی و بەدڵی میره کوردەکان میر و فەرمانداری هەر له خۆیان بۆ میرنشینەکان دانا‌وەو هیچ دەستی عوسمانی تیانەبوە، وه سوڵتان هیچ سەرپەرشتیاریکی له تورك بەسەرەوە دانەناوه نەوەك خیانەت بکات و بەلای کوردا دایکێشێ، بەڵکو سوڵتان ڕازیبوه چۆن دایدەکێشێ کەیفی خۆیەتی، بەڵکو له نامەکەدا دەڵێت چیان دەوێ بیان دەرێ‌و زۆر بەتەن دڵیانەوەبه، لەلایەکی ترەوه له شەڕی مەزهەب

---

[1] کورد و کوردستان، ئەمین زەکی، لا167–168، ئەویش له (تأریخ هامەر، جلد 4، وەریکرتووه).
[2] کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، حسینی مەدەنی، لا93–94.
[3] ئیدریس بدلیسی، محمد بایقدار، وەرگێڕ شوکور مستەفا، ل 103، هەولێر 1999.

گەرایی پاراستونی، لە لەناوچونی خاکو دەسەڵات دەری کردوون و، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا وەك کۆنفیدڕاڵی تا ئەوەندەی هەردوو لا پابەندی بڕیارەکان بووین ماونەتەوە.

ناردنی نامەی سپی مۆرکراو کە حەکیم ئیدریس خۆی پڕیبکاتەوە بۆ میرە کوردەکان، لەمێژودا نمونەی نیە، سوڵتان دەڵێ من میرە کوردەکان ناناسم، تواناو کەفائەتیان شارەزانیم، خۆت بەکەیفی خۆت بە گوێرەی توانای میرەکان دەسەڵات و خاکیان بەش بدە و چۆنی پڕدەکەیتەوە من ڕازیم، ئەگەر کوردەکان ژیر و یەکگرتوو بونایە و بەیەکتر ڕازی بوونایە سەرکردەو ژەنەراڵی تورکیشیان پێویست نەدەبوو، دەیانتوای هەر خۆیان حوکمی خۆیان و ناوچەیان بکەن، بەپێی ئەو پێنج خاڵە تەواو لە بەرژەوەندی کورد بووە، زیاد لەوەی کەلە بەرژەوەندی عوسمانی بووە، بەو سەرچاوانەدا دیارە کە عوسمانی حەزی کردووە کە کورد دامەزراوبێت لە خاکی خۆیداو کەس دەست نەخاتە کاروباریان، هەر بۆیە حەکیم ئیدریسی سەرپشك کردووە کە چی دەکات ئەوە فەرمانی ئاستانە و سوڵتانە. بەڵام هەندێ لە مێژوونوسە کوردەکان کە هەمیشە بەعاتیفەو دوور لە واقیع بەباش و خراپدا بە هەڵە و نەزانین بە زەینی خۆیان بۆ کوردیان پێواوە، نوسیویانە، ڕاستیەکانیان ئاوەژوو کردوەتەوە، دەڵێن هەتا پانزە ساڵ کوردستان هێمن بووە پاشان عوسمانیەکان لە پەیمان پەشیمان بونەتەوە. بەڵام ئەگەر دەچێتە سەر ئەرزی واقیع وانیە. بەڵکو مەخابن تاوانەکە لە کورد خۆیەوە بووە، بائێمە ئەو مێژووە دورە وەك خۆی بخوێنینەوە، خۆڕوداوی ئەمڕۆ نیە هەتا چاولە هەندێك شت بپۆشین، ئەمە ڕوداوی (500) سەد ساڵ لەمەوبەرەو بوەتە مێژوو ئەزمون بۆ کورد، با کورد چەواشە نەکەین و بەهەڵەیاندا نەیانبەین، خۆ سوڵتان سەلیم وحەکیم ئیدریس و میرە کوردەکان هیچیان نەماون تا بۆیان پینە بکەین، یان بترسین ئەگەر هەق بڵێین، من حەز دەکەم دوور لە عاتیفە ڕوداوەکەتان بۆ بگێڕمەوە، تۆش سەر پشك بە من تاوانبار دەکەیت یان سەلیم یان ئیدریس یان میران کەیفی خۆتە، خۆیشت ئەوە سەرچاوەکان کەمن باسیان دەکەم بڕۆ بگەڕێو بخوێنەرەوەو هەڵبسەنگێنە، با درۆ لەگەڵ خۆمان وکوردا نەکەین.

مەزنترین میرە کورد کە میر شەرەف دەبێت، لەبەر ئەوەی کە میرە کوردێکی تر زویر دەکات، میرەکوردەکە دەچێتە ئاستانەو شکات لە میرشەرەف دەکات، لەباتی ئەوەی میر شەرەف خۆی یان نوێنەر بنێرێتە ئاستانە و حەقیقەت زیاترڕون کاتەوە، کە بە مەرجێ هەق لای میر شەرەف بووە و ئەوانی تر ناهەقیان پێ کردوە، میر شەرەفی مەزن دەست بەجێ دەترسێ، یان خۆی حەز دەکات، خۆی دەگەیەنێتە لای شا تەهماسبی سەفەوی لە تەورێز و داوای هێز دەکات دژی ئەو میرەو ئەوەشی یاریدەی دەدات کە عوسمانیەکانەو ڕێکەوتنیان مۆر کردوە، تەهماسبی کوڕی شاسمایل بەهەلی دەزانێت بێتەوە کوردستان، سوپایەکی بێ شومار ئامادە دەکات بەسەرکردایەتی خۆی، لەشەڕێکدا عوسمانیەکان دەشکێنێ ساڵی 1532ز. پێشتر شا تەهماسب لە شکستیدابوو، کوردەکان بە جۆرێك یەکیەتیان بووە، بە هیچ جۆرێك شا نەیتوانیوە پێ بخاتە ناوچەکانیانەوە، بەڵام هەمیشە لە بۆسەدا بووە چۆن میرێك بخەڵەتێنێ و دزەبکاتەوە ناوچە کوردیەکان، بێ ئەوەی شا تەهماسب ئاگای لە خۆی بێت، میر شەرەفی بەدلیسی مەزنترین میری کورد کە پالێوراوبووە ببێتە میری میرانی کوردستان و سەرۆکی گشتی سوپای کوردستان، لەبەر ڕقی لە ﴿تۆڵە﴾ کە هەمیشە پیاوی خەتاو خراپ بووە، ئەو پەنەی بەخۆی و گەلی کوردادا، جگە لەوە هەرچی ماڵ و سامانی هەموو خێڵ و شار و لادێ و ناوچەکەی بوو، بە زۆر کۆکردەوە و کردیە دیاری شا تەهماسب و سەرباز و ئەفسەرەکانی، پاشان عوسمانی هات و شاری بتلیس و شوراو قەڵای بە تۆپ خاپور بوو هەزاران کەسی لێ کوژران.[1] لەوێوە بڕوانە بۆ زەحمەت و ماندوبونی مەولانا ئیدریس، دەبێ چەندە لەلەیی و

[1] شەرەفنامە، ل752– 753.

مامەحەمەیی بۆ میران کردبێ‌و ماندوبوبێ‌ میرە کوردەکان یەك بخات، کە بەمەرجێ‌ میرشەرەف مەزنترین و شەریفترینیان بوە..

لەلایەکی تریشەوە ئەو قسەیە ڕاست نیە کە زۆربەی سەرچاوەکان باسی دەکەن کە گوایە لە دوای شەڕی چاڵدێران کوردستان لەباری سیاسیەوە کرا بەدوو بەشی لێك جیاواز بەنێوی کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران دەناسرا.[1] چونکە جەنگی چاڵدیران هیچ ڕێکەوتنێکی بەدوادا نەهات، هەتا سنوری سەفەوی و عوسمانی جیابکەنەوە و دیاری بکەن، لەو شەڕەدا عوسمانیەکان سەرکەوتن و ناوچەیەکی زۆریان بە تەبریزی پایتەختەوە گرت و سەفەویەکانیان شکاند و زۆربەیان کوژران و هەڵهاتن. کە زستان هات سوڵتان سەلیم گەڕایەوە وڵاتی خۆی و، شا ئیسماعیلیش لە هەمەدانەوە گەڕایەوە پایتەختی خۆی، نامەی بۆ سوڵتان سەلیم نوسی و بچوکی خۆی نیشان دابوو، بەڵام سەلیم قبوڵی نەکردوو چەند جاریتر پەلاماریدایەوە، ئیتر بەهیچ شێوەیەك سنور دیاری‌نەکراو کوردستان نەبوە دوو بەشەوە، بەڵکو هەر لە پێش زاینەوە لە شەڕەکانی مید و ئاشور و، ئاشور و بابل و، بابلو هەخامەنشین و، هەتا فارس و ڕۆم و هاتنی فتوحاتی ئیسلامی و هەتا جەنگی جیهانی یەکەم، سەدان جار لە خاکی کوردستاندا شەڕ بووە و سنورەکان گۆڕاون. بەڵام دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لە ڕێکەوتنەکانی سیڤەر و لۆزان و پاریس و ئەوانی تردا، بەڕەسمی و لەسەر ئەرزی واقیع و نەخشە وڵاتانی ئەوروپا کوردستانیان دابەش کردوو هیچ مافێکیان بۆ کورد دابین نەکرد. لە دوای جەنگی چاڵدێران کورد هەڵوێستی سیاسی بەرز بوو، پیاوی مەزنی هەبوو بەشداری کارە سیاسی و سەربازیەکانی دەکرد، خۆی بەو بارە سیاسیە ڕازی بوو، قوربانی بۆ دەدا، بەسەریدا فەرز نەکرا، بەڵکو پێشنیاری خۆی بوو، زۆر باشی کرد و قازانجی کرد، بەڵام هیچ ڕێکەوتنێك نیە هەتا سەر بەردەوام بوبێت، لایەك کەباری باش بووە لەخۆی بایی بووە، یان بە دەست تێ‌وەردانی لایەکی سێهەم شکێنراوە و شەڕ و هەرا سەری هەڵداوەتەوە.

حوسەینی – لە هەڵسەنگاندێکی بۆ عوسمانی و سەفەوی بەرامبەر بە کورد – دەڵێت : سەلاتینی عوسمانی ئەوەندەی بۆیان کرابا لەگەڵ میرانی کوردستان بەتەبایی دەژیان، حەزیان نەدەکرد لە خۆیانی بوروژێنن. تەنانەت شتێکی کە نەیدەهێشت کوردستانێکی یەکپارچە لە ژێر ناوەندێکی دەسەڵات داری کوردا دروست ببێ‌، فەرهەنگی دواکەوتوو بەرچاو تەنگانەی نیزامی خێڵەکی کوردەکان بوو کە بەتوندی پێشی بەم مەسەلەیە گرتبوو. سروشتی کوردستانیش یارمەتیدەری ڕژێمە خێڵەکیەکە بوو، واحیدە جوگرافیەکان پارێزەر و پاڵپشتیان بوون، ڕێگەیان بە خێڵەکان نەدەدا هزر و بیریان لە چوارچێوەی ژیانی بەرتەسکی دەوروبەری خۆیان بەولاتر بڕ بکات، ئەمەش دیاردەیەکی تەمەن درێژ بوو. کەلە بەستنی مێژووی تایبەتی پێنج سەدەی دوایش دا، پێشی بەهەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ئابوری کۆمەڵایەتی کوردەکان گرتبوو لەهەق نەگوزەرێن، میرانی کورد بەو حاڵەش جار و بار بۆپاراستنی بونی خۆیان لەسەر دوو تەنافی عوسمانی و ئێرانی زۆر باشیان یاری دەکرد، لەپێناو پاراستنی ئەو بونەشدا مەسەلەی ئاینیان بەلاوە گرنگ بووە، لە نێوان دوو هێزی گەورەی عوسمانی و سەفەویدا باش لەنگەری خۆیان ڕادەگرت. بۆ وێنە میر شەرەف کەبەیارمەتی میرە کوردەکان و لوتفی سوڵتان بەسەر قزڵباشەکاندا سەرکەوت و بتلیسی لێ‌ئەستاندنەوە، بەو حاڵەش نەبوە بەندەی تەواوی سوڵتانی عوسمانی، بەڵکو دڵی شا ئیسماعیل و سوڵتان سولەیمانی وەك یەك ڕاگرت و نەیدەهێشت هیچ لایانی لێ‌ برەنجێ‌. بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی

---

[1] کوردستانو ئیستراتیژی دەوڵەتان، ل96.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ‌ ، کەسێك بابەتێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (جەنگی چاڵدێرانو یەکەم دابەشکردنی کوردستان) منیش لە ژمارە (2686)ی هەمان ڕۆژنامەدا وەڵامێکم بۆ نوسیەوە بەناوی (جەنگی چاڵدێران یەکەم دابەشکردنی کوردستان نەبوو) دەتوانی بۆی بگەڕێیتەوە.

ئەو تۆ لەو سەردەمەیدا کە عوسمانیەکان شیعەکانیان بەکافر و ڕافزی دادەنا، ڕاگرتنی ئەو لەنگەرە ژیری و غیرەت وئازایەتی دەویست.

بابان هەرچەند سونی بون و سەربە عوسمانیەکان بوون، لەدواییدا دانویان هەر لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی سەفەوی دەکولا. بەلام ئەو هاوکێشانە هەمیشە لە هەڵکشان وداکشاندابوو ( مەدوجەزر)، کورد سیاسەتێکی توندوتۆڵ و بڕیارێکی جەماوەری دڵسۆز بۆ بەرژەوەندی کورد و خاکی کوردەواری نەبوو، بڕیارەکان هەمیشە تەسك وشەخسی بوە، چۆن میرەکە خۆی ئارەزوو حەزی بوە وای کردوە، نەك بەرژەوەندی گەل و خاك چۆنی ویستوە، هەرگیز سەرکردەی گەورە و مەزن و خاوەن بڕیاری ژیرانەیان نەبوە، میر شەرەف مەزنترینیان بوە، میرەکانی تر سەریان بۆ دانەنەواندوە و خۆیشی هەر زوو پەیمانەکەی عوسمانی دەشکێنێ بەبێ هیچ گرفتێکی وا گرنگ لادەکاتەوە بەلای سەفەویدا..

شا ئیسماعیلی سەفەویش بناغەی دوژمنایەتی بەرامبەر کوردە سونیەکان داڕشتبوو، میرە کوردەکانی برادۆست و موکری و ئەردەلان هەر بەڕواڵەت لەژێر دەسەلاتی سەفەویدا مابونەوە، هەتا زەمانی شا عەباسی یەکەمیش نەهاتبونە ژێر قەلەم ڕەوی حکومەتی سەفەوی، زوڵم و زۆرداری شایانی سەفەوی لەسەر کوردەکان لە زۆربارەوە جێگای سەرنج و لێوردبونەوەیە. کوردەکان چاری حکومەتی شیعەی سەفەویان نەدەویست، لە ڕوی سۆزی ئاینیەوە زیاتر لایەنگریان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، چونکە پاشایانی سەفەوی زۆریان تێن بۆ هێنان لە مەزهەبی سونی وەریانگێڕنەوە، بەلام بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری ئێران کەبە زەبری شمشێر کرابونە شیعە، کوردەکان لە گەڵ ئەو قەتڵ وعام و کاولکاریەی شاسمایل وقزڵباشان پێیان کردن، دەستیان لەمەزهەبی سونە هەڵنەگرت و لەبەرامبەر شمشێری شا ئیسماعیلدا ڕاوەستان و بە چۆکدا نەهاتن، لەلایەکی ترەوە پاشایانی سەفەوی لەئاست ئەو نیمچە سەربەخۆیێیەی کە ئەمارەتە کوردەکان هەیانبوو، تاقەتیان نەهێنا بۆ ڕام کردن و دەستە مۆکردنیان، پەیتا پەیتا هێرشی نیزامیان بۆسەر دەکردن، شا ئیسماعیل دەیویست میرنشینی کوردی کەیەکەم دۆخی هێرشیان بوو، ڕقی کۆنیان بەسەردا برژێنن، شا ئیسماعیل بەو ڕقەی لە میرنشینی موکری هەڵیگرتبوو، لەدەرفەتێك دەگەڕا. میر سارمیش بۆ پوچەڵ کردنەوەی هێرشی سەفەوی ساڵی (1505)ز دایە پاڵ ئیدریسی بەدلیسی و عوسمانیەکان. ئەنجا پەلاماری تەبرێز و قزڵباشانیدا. شا ئیسماعیل چەند هێرشی کرد لە هەموویاندا خراپ شکا.[1]

## هەڵسەنگاندنی کارەکانی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی لای مێژوونوسان!

بابەتی ڕۆژهەلاتناسێکم خوێندەوە لەسەر کورد، دەیگوت کورد کۆمەڵێك ڕەوشتی جوانیان هەیە و ژماردویەتی، پاشان هەندێك سیفاتی خراپی ژماردوە لە خۆخۆری و پوازێتی و گوێبۆیەك نەگرتن و بەیەك ڕازی نەبوون، لەناو ئەوانەدا دەڵێت: کورد ڕێز لەمەزنانی خۆیان ناگرن بەتایبەت ئەوانەی کە مردوون.

سەرەتا پێم سەیر بوو، چونکە گەلان بەزانا و مەزنانیانەوە ناسراون و شانازیان پێوەدەکەن و پەیکەریان بۆ دەتاشن، کۆڕ و سیمینارێان بۆیاد و بەرهەم و کارەکانیان دەگێڕن . کەچی لە کتێب و نوسین و کۆڕو بلاوکراوەو دەنگ و ڕەنگە کوردیەکانەوە دەیان جار بیومانە بستومانە کە چی بە سەلاحەدینی ئەیوبی دەوترێ وباسی دەکرێ و تەنانەت دەیبەنە ئاستی خیانەتکار و کورد فرۆش و دوژمن بە کورد. ووتم ڕەنگە ئەو ڕۆژهەلات ناسە ئەمانەی بیستبێت بۆیە وادەڵێت. وە دەبیستین کە چەندە بەرامبەر شێخ محمودی نەمر و مستەفا بارزانی و مەلای خەتێ و مەولانا ئیدریسی بەدلیسی و دەیانی دی دەکرێ و دەوترێ، دەردەکەوێ کە قسەی ئەو ڕۆژهەلاتناسە ڕاستەو هەیە، هەڵەی خەڵکی کورد لەوەدایە کە میزاجیە،

[1] کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، لا100.

کێی بوێ بۆ ماوەیەك پیا هەڵدەدات، وە لەبەر شتێکی کەم و هیچ هەر ئەو کەسەی بۆ ماوەیەکی دی لەبەرچاو دەکەوێت و تا دوا ترۆکی چۆڕین قسەی پێ دەڵێ ودەیشکێنێ، خەڵکی کورد دێن بەحیسابی ئەمڕۆ بۆ عەقڵیەت و سیاسەت و واقعی سەردەمی سەلاحەدین دەپێون، نایەن خۆیان بگەیەنە ئەو سەردەمانەی ئەوان، کە گیانی نەتەوە پەرستی نەبوەو کەس بۆ گەل هیچی نەکردوە، ئەو هەستی نەتەوایەتیە و ڕەگەز پەرستیە لەو سەردەمانەدا نەبووە، ئەگەر سەلاحە دین لەم ڕۆژەدا بوایە بەدڵی ئێمەی دەکرد، گەر ئێمەش لە سەردەمی ئەودا بووینایە، دەبوینە سەربازی بیر و بۆچوون و جیهادی ئەو. نازانین سەلاحەدین لای فارس و عەرەب و تورك چەند مەزن سەیردەکرێ، نازانین ئەورووپیە خاچ پەرستەکان چەند مەزن، بەسەرکردەی بیویّنەو سیاسەت مەداری گەورەو باس لە سەلاحەدین دەکەن. تەنانەت دوژمن پێی سەرسامە، بەڵام هەر لەبەر خاڵێك و دوری سەردەمەکەی، بەخەڵکی ئەمڕۆ ناخوات، هەموو هەوڵ و چاکەو ناودارییەکەی ڕەد دەکەنەوە، گەلانی تر لە ڕوی مێژوویانەوە ناسراون، مێژووش پیاوی مەزن هەڵی دەخاتەوە، ئەگەر ئێمە مەزنانی خۆمان بەکەم سەیر بکەین، ئەگەر بەشداری کورد لە شارستانی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و فارسیدا بکوژێنینەوەو نەنرخێنین، کورد بەدەست بەتاڵ دەمێنێتەوەو هەموو شانازیەکە دەچێتە خەزێنەی فارس و عەرەب و تورك، جگە چەند شەڕو شۆڕێکی دۆڕاو، هیچ بۆ کورد نامێنێتەوە، ئەمەش بەڕای من یان کەم زەینی وعەقڵ پێ‌نەشکانە، یان دەستێکە و دەیەوێ کورد بەبێ مێژوو شارستانێو سەروەری و ناودار بمێنێتەوەو، بەکێوی و بچوك و نەزان بناسرێ، یان هەندێك دەرون نزم هەر لەبەر مەبەستێکی بچوکیان، زەرەرێکی گەورە لە کورد دەدەن، لە سەلاحەدین و مەلای خەتێ و مەولانا ئیدریس و مەلا مستەفا و شێخ مەحمودو زۆری تر دەدەن، هەر لەبەر ئەوەی موسوڵمان بوون و مۆری ئیسلامی بە کار و ناوو کردەوەیانەوە هەیە، دەیانەوێ لە کوردیان دابڕن، کەئەمەی دواییان بیرۆکەیەکی دوژمن کارانەی دۆگما پەرستیی خەتەرناکە، دەبێت بەرەنگاری ببینەوە.

شتێکی باشە ئەگەر لە هەوڵێکی زانستیانەدا کارەکانی مێژوی دێرینمان هەڵبسەنگێنین و، سوود لە ئەزمونە باش و خراپەکانمان وەربگرین و، نیشانی نەوەکانمانی بدەین، زۆر گرنگە ئەگەر سیمیناری زانستی و لێکۆڵینەوەو کۆڕۆ کۆبونەوە لەسەر کەسایەتیەکانمان بگرین و، دوور لە هەر مەبەستێکی نزم، تاوتوێی کارو کردەوەیان بکەین، چاکەکانیان بنرخێنین وهەڵەو نەپێکران و کاری تریان بخوێنینەوەو بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی دوبارە نەبێتەوە. ئەوە هەموو کاری مەزنەو پێویستە، گەلانی ئەورووپا 350 دەزگای توێژینەوەی ئەکادیمیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی مێژوو ئەفسانەیان، بەڵام مەخابن ئێمەی کورد هیچمان نیەو خراپ بە مێژوومان دەکەین.

هەر کەس بەدڵی دڵسۆزی کوردانە، خەمخۆرانە، بۆکارەکانی مەولانا ئیدریس بڕوانێ، بە کەسێکی ناوداری سیاسەت مەداری بەتواناو دڵسۆز بە کورد دێتە بەرچاوی، دەینرخێنێو دەبینێ ئەوەی لەتوانایدا بووە بۆ کوردی کردوەو زۆر چاکی کردووە، هیچ غەل و غەشێکی تیا نەبوە، ئەگەر تاوانێك یان نەگونجانێك بوبێت لە میری میرنشینە کوردەکانەوە بوە، هیچ خەتایەکی مەولانا ئیدریسی تێدا نەبوە، ئەوەتە شەرەفخانی بەدلیسی کە خۆی نزیکی بارودۆخ و سەردەمەکە بووە، کارەکانی مەولانا ئیدریسی دیتووە، زۆر بە دڵسۆز و مەزن بۆ کورد هاتوەتە بەرچاوی.

بۆچونی شەرەفخان، پاك و بێلایەنانەیە، هیچ مەبەستێکی خراپی تێدانیە، ئەو لایەن پەرستی نەبوەو بۆ شتێکی هیچ نەهاتوە شتێکی گەورە بشێوێنێ، ڕاست و دروست نوسراوەو چی دیتوە نوسیویەتی و دەڵێت: (ئەویش وێڕای شۆڕە سواری دنیا دیدە و پەسەند دیدەی هونەروەران و سەرتەریدەی بەختەوەران و شارەزای هەمەڕێ و شوێنان مامۆستای سپی وەخوێنان، لە کڕنوشی دینداریدا تەونگەی کرژ ڕیس و نەوەی خواناسی بدلیس، حەکیم ئیدریس و، دەگەڵ ئامۆژگاری هەڵبژاردەی خانەدانی خواناس و دیاردەی چیاوالدین: محمد ئاغای کەلهوکی. پەیمان و گفتی دڵسۆزی و سۆزی دور لە گەرد و تۆزیان بەئاسانەی دەوڵەتخانەی بەرەی عوسمانی ڕاگەیاند و بۆ ئەم مەبەستە بیست کەسیان لەمەزن و میری کوردستان

دەگەڵ خۆدا کردە هەمدەست و نامەی بەندەواری خۆیان بەهۆی مەولانا ئیدریس و محمد ئاغای کەلهوکی بۆ ئاستانەی هات هێلانەی سوڵتان ڕەوانەکرد). [1] پاشان چونە بەردەم سوڵتان و داواکاری کوردیان گەیاند و بە سوڵتانیان ووت: حەکیم ئیدریس بە سوڵتانی خاوەن شکۆی پێشنیار کرد کە، (میرەکانی کوردستان لەبەزەیی شاهانەتان چاوەنێرن. ولگەی باب و باپیرانیان پێببەخشی و یەکێکیشیان هەر لە خۆیان بۆ بکەی بەسەرداری گشتی) [2].. دوای پێش کەش کردنی پێشنیاری مەولانا ئیدریس کە داوای هەموو خاکی کوردستانی کرد بۆ کورد خۆی و، میرەکان ببیەن بەڕێوە و، یەکێکیش لە لە خۆیان واتەکورد نەك تورك بکاتە ﴿سەرداری گشتی﴾ واتە سەرۆکی کوردستان و هەموو میرنشینەکان سەرپەرشتی بکات، دەبینی مەولانا ئیدریس باسی دەسەلاتی عوسمانی نەکرد بەسەر کوردستانەوە، تەنها خاکی کورد بۆ کورد خۆی ببیات بەڕێوە، ئیتر کامەیە خیانەتەکەی، ئەمانە قسەی شەرەفخانە لە پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر نوسراوە. هیچ باسێکی عوسمانی تێدانیە و سەربەخۆییەکی تەواو داوا دەکات، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا. بابزانین وەڵامی سوڵتان چییە.؟

شەرەفنامە دەڵێت: (سوڵتانی هەموو دنیا گر لەوەرامیاندا فەرمویان: هەر کام لەو میرە مەزنانەی کوردستانێ بۆ میری میران دەست دەدات با بۆ خۆیان ناودێری بکەن و دابنێ و میرە کوردەکانی تریش وەژێر فەرمانی ئەودا بن). [3] ئەوەش وەڵامی سوڵتان بووە کە بە هەموو پێشنیارەکانی میرانی کورد ڕازی بونە، ڕازی بوونە خاکی کورد بەدەست کوردەوە بێت، سەرۆك هەر لە خۆیان بێت، دەستی هیچ فەرماندەیەکی عوسمانیان بەسەرەوە نەبێت، ئەم نوسینە وەك وتم نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەمەوپێش نوسراوە، هیچ کینەیەك لە دڵی نوسەرەکەی دانەبووە، بەپاکی گوازراوەتەوە، پاشان مەولانا ئیدریس ئەم ڕێکەوتنە دەهێنێتەوە بۆ ناو کوردان، هەموو میران ڕازی دەبن بە هەموو خاڵەکان، بەڵام لەسەر ﴿سەرداری گشتی﴾ ڕێك ناکەون، ڕەنگە مەولانا ئیدریس زۆر خەریك بووبێ لەگەڵیان، کاتەکەش ناسك بووە، هەر بۆیە پەنایان بردووەتەوە بەر سوڵتان خۆی سەرداری گشتی دابنێ، ڕەنگە میرەکان ناچاربووبن بە ئیدریسیان ووتبێ: کاکە خۆت بچۆ لای سوڵتان بیبڕێنەوە، ئەوە یەکێکە لە هەرە نەخۆشیە ترسناکەکانی کورد، هەرگیز کەسیان سەر بۆ ئەوانی دیکە دانانەوێنن، بەڵام زۆر ئاسان گوێ لە مستی غەیرەبوون و چی ووتوە لە گوێیان کردووە، ڕەنگە هەر خۆیان داوایان لە مەولانا ئیدریس و وەفدە کوردیەکە کربێ کە بچێتەوەو داوابکات خۆی کەسێ دابنێ، کە سوڵتان پرسیویەتی بۆچی ئەی خۆیان عەیبیان چییە؟ مەولانا ئیدریس ووتویەتی: ئەوانە زۆریەیان هێندە خواپەرستن هیچیان سەریان بۆ ئەوی تر ناچەمێنێ. [4] کە کوردستان هەموو ڕزگار دەبێ، سوڵتان نامە دەنوسێ بۆ مەولانا ئیدریس و سەر پشکی دەکات چی دەکات و چۆن ئیدارە دادەمەزرێنێ لە کوردستاندا بیکات و ئەوان ڕازین، وا دیارە مەولانا ئیدریس لەگەڵ میرانی کوردا پێکەوە شتی زۆر گرنگیان بۆ کورد کردبێت، بۆیە هەتا ماوەیەکی باش هەموو میرنشینەکان وەك براو بەتەبا پێکەوە لەخۆشی و دوور لە قزڵباشان دەگوزەرێنن، لە نامەکەدا ڕوو لە حەکیم ئیدریس هاتووە (ئەو میرانەی لە دیاربەکرەوە هاتوون و دوای تۆ کەوتوون، تۆ دەزانی چۆن و کام نازناویان پێ ڕەوایە چەندیان لێ دەوەشێتەوە و لە سنجەقان چیان پێببڕێ باشە و لەدابەش دا گەرەکە هەر کەس بەپێی خزمەت و دڵسۆزیەوە لێی بڕوانن، ئەوا چەند فەرمانێکی سپیم بۆ ناردی و مۆری شاهانەی بەسەرەوەیە، هەروەها چەند کاغەزێکی سپیم بۆ ناردنی مۆری شەریفیان بەسەرەوەیە، بۆ ئەو ئەمیرانەی بنێرە). [5]

---

[1] شەرەفنامە، لا746

[2] هەمان سەرچاوە، لا746

[3] هەمان سەرچاوە، لا746

[4] هەمان سەرچاوە، لا746

[5] هەمان سەرچاوە، ل 653 – 655.

ئەوە ئەو پەڕی بەرزیە بۆ کورد، کە سوڵتانی عوسمانی بڕوای بە کوردێکە و، سەرپشکی کردووە لە کار و کردار و بڕیاردا، تەنانەت کاغەزی سپی لە فرمان بە مۆرکراوی، لەنامە بە مۆر کراوی بۆ ناردووە، هەتا خۆی بە کەیفی خۆی پڕیبکاتەوە و بینێرێت بۆ میرەکان و فەرمانەکان دەربکات.

– لە شەرەفنامەدا باس و خواسی زۆر لەو بارەوە هەیەو ئەوەندە بەسە، وە تاکە سەرچاوەیە کە ئەو ڕوداوە و هاوپەیمانیەی کورد و عوسمانی باس کردوە و، خۆی لەناو ڕوداوەکاندا ژیاوە و ئەویش یەکێك بوە لە میرەکان، هەموو سەرچاوەکانی تر لەویان وەرگرتوە، هەرکەسەو هەر نوسەرە بەئارەزوی خۆی لێدەرهێنان و شیکردنەوەو ڕون کردنەوە یان دەستێوەردانی تیا کردوە.

بابزانین ئەمین زەکی چۆنی بۆ مەولانا ئیدریس پێواوە:

(سیاسەتی شا سمایل بە تەواوی پێچەوانەی سیاسەتی عوسمانی بوو، کە بە واستەی فازیلی مەشهور ئیدریسی بەدلیسی بەسەر کوردستاندا تەتبیق کرا، وە هەدەفیشی، بریتی بوو لە بری ئیجاد و تەعمیم کردنی ئصولێکی باش بوو. وە حکومەتی عوسمانی بەواستەی دامەزراندنی هەندێ حکوماتی محەلیەوە گەلی کوردی بەتەواوی لە خۆی ڕازی کرد).[1]

ئەمە وتەی بەهێزترین مێژوو نوسی کوردە کەباس لە ڕێکەوتنی کورد و عوسمانی دەکات بە هۆی مەولانا ئیدریس، تەمەنی ئەم وتەیە حەفتا ساڵ زیاترە، نووسەر ئەمین زەکی بەگ بە دڵێکی ساف و پاك و دوور لە ڕق و کینە دەڵێت: عوسمانی گەلی کوردی بەتەواوی لە خۆی ڕازی کردووە.

پاشان دەلێ: "خولاسە ئەم وولاتانی کوردستانە بە هیمەت و درایت و سیاسەتی مەولانا ئیدریس بۆ عوسمانی ساغ بووەوە. مەولانا ئیدریس لە پاش ئەمە دەستی کرد بە تەشکیلاتی ئیداری و ڕێکخستنی کاروباری ئەم وولاتانە وە ئیجرائات و تەدابیری لە تەرەف سوڵتان سەلیمەوە مناسب بینراو فرمانی بۆهات. مەولانا بۆ تەسهیل ئیدارە دیاربەکری کرد بەچەند سنجاقێکەوە. خصوصیەتی ئەحوالی ئەم مەملەکەتە و فکری سەربەخۆیی ڕوئەسای عەشائری و مەیلی شەڕ و شۆڕی دائمی یان مساعیدی ئیدارەیەکی حکومەتی ڕاستە و ڕاست نەبوو، چونکە مەولانا بەعەزیەتێکی زۆر و بە هەوڵێکی درێژخایەن ئەم وولاتانەی بە ناوی عوسمانیەوە دەست خستبوو، ئیویست بە حوسن تەدبیر و معامەلەیەکی باش ڕەبتی حکومەتی بکات ئەمەش پێویستی بە تتبیقی ئوسولێکی جیا لە وولاتانی تری عوسمانی بوو، سوڵتان سەلیم لەو ڕووەوە زۆر بڕوای بە مەولانا هەبوو، تەنانەت زۆر فرمانی خاڵی بۆ نارد کە بە ئارەزووی خۆی پڕی بکاتەوە و بەهەرکەس ئارەزوو دەکات بیدات).[2]

ئینجا کوردستان هەر خۆی کردی بە ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت و میرنشینەوە و بە گوێرەی میرە کوردەکان دابەشی کرد، هەتا کەسی لێ زویر نەبێت، کورد خۆی حوکمی خۆی کردووە، سوڵتانیش ڕازی بووە و دەستی نەخستوەتە کاروباریانەوە.

پاشان ئەمین زەکی دەڵێت: (ئەم نەوعە تەشکیلاتە کە ئەسەری دەهاو سیاسەتی مەولانا ئیدریس بوو بەراستی زۆر موافق ئیحتیاجات و ئیجاباتی محەل بوو، وولاتێکی وەکو کوردستان سەخت، وە ئەهالیەکی وا شەڕ کەر و ئەختەلال وجودا بە جۆرێکی تر ئیدارە نەدەکراو ناکرێ، و بەم تەرحە ئەو چل و شەش میرنشینە کوردانە کە لەپێش دەوری سوڵتان سەلیم دا لە کوردستاندا هەبوو، بەشی گرنگیان بەشێوەیەکی ڕەسمی و قانونی هێڵرایەوە. مەولانا ئیدریس لە دوای تەواو کردنی تەشکیلات و بەدەستی خۆی و بە ناوی سوڵتان سەلیمەوە، بە حاکمان و ئومەرای کورد تەپڵ و بەیداخی دا، کە ئەمانە نیشانەی ڕەسمیەی ئەمارات بوو. سوڵتان سەلیم مەولانای بە صورەتێکی لائق تەکلیف کرد. وە حورمەت و ئیعتبارێکی زۆری گرت، هەتا لە دوای سەفەری ئێرانیشدا لەگەڵ خۆی بردی و لەسەفەری میسریشدا لەگەڵی بوو، بەم تەرحە مزەکەرات

---

[1] کورد و کوردستان، محمد ئەمین زەکی، لا161.

[2] هەمان سەرچاوە، ل166 – 167.

و مەساعی ماهرانەی مەولانا، مەملەکەتێکی زۆر سەخت و عاصی تەقریبەن بێشەڕ و شۆڕ و ئارەزوو ئیختیاری خەڵکەکەی بۆ حکومەتی عوسمانی تەئمین بوو . ئەم ڕوداوە لە مێژوودا وێنەی نەبووە. چونکە کوردستان لە دەوری ئاشوری تا ئەمڕۆ بەرامبەر هەموو دوژمنێك وەستاوە، هیچ وەخێك بەتەواوی بۆ کەس ساغ نەبووەتەوە هەر وەك مەولانا ئیدریس بۆ سوڵتان سەلیمی ساغ کردەوە).[1]

مێژوونوس و ناوداری کورد جەمیل ڕۆژ بەیانی زۆر جوان باسی مەولانا ئیدریسی هەڵسەنگاندووە و دەڵێت: حەکیمی هەستیاری نوسەری خەباتکاری کورد مەولانا ئیدریسی بەتلیسی. مەولانا ئیدریس چ بەهرەوەرێك چ خاوەن بیر و هۆشێك، چ کارامە و کارزانێك بووە، نەك هەر شارەزای ئەدەبی فارسی و عەرەبی و تورکی (تازە پەیدابوو)ی ئەو حەلە بووە، بەڵکو لە مۆزیکاو مەقام ناسیدا دەستێکی باڵای بووە. بەڵام زۆر داخ، سەرانی ئەو حەلەی کورد، کە تەنیا خێوی ڕم و خەنجەر بوون، بەوەڕازی نەبوون کە یەکێك لە خۆیان سەرداریێتی گشتی بکات و، ئەو شانزە دەسەڵاتەی کە بەهۆی مەولاناوە، سوڵتان سەلیم ددانی پیاناوە و مۆری کردووە، فەرمانی بۆ نوسیبوون، هەموویان لەیەك سازماندا قاڵ بکات. مەولانا ئیدریس خۆیشی لەبەر ئەوە کە نەڵێن هەوڵەکەی بۆ ئەوە بووە دەسەڵات بگرێتە دەست، هەرگیز باسی دەسەڵاتی بۆ خۆی نەکردووە).[2] خۆ ڕەنگە ئەو پێشنیارەش کرابێت، چونکە کورد بووە قبوڵ نەکرابێ، دەنا ئەگەر ئەو بکرایە، سوڵتانیش ڕازی دەبوو ئێمە چونکە ئاگاداری ئەو دۆخەی شەڕی چاڵدێران و ڕێکەوتنی کورد و عوسمانی نین، ئێستە تەنها ئەو سەرچاوانەمان هەیە (شەرەفخان و ئەمین زەکی) هەق وایە لەوانەوە هەڵگۆزین و بڵێین و شیبکەینەوە، یان هەر کردمان ئەوەندەی مامۆستا ڕۆژ بەیانی بکەین، نەك هەر بەعاتیفانە و لەخۆوە وەك مامۆستا هەژار کە شاعیر و ئەدیبێکی عاتیفانەیە و هاتوە مێژووی کوردی وەرگێڕاوە، پڕی کردووە لە عاتیفە و سۆزکاری و هەڵچون بۆ کورد، بەجۆرێك کە زۆر جار قسەی نەگونجاوی ووتوەو لە ڕاستە شەقام لایداوە، لە نرخی بابەتەکەی کەم کردووەتەوە، چونکە لێکۆڵەر ڕاستە ڕێ دەگرێ و سۆز و عاتیفە ئەملاو ئەولای پێناکات، شتێ ناڵێ لە بابەتەکە دابەزێنێ، یان ڕای پێبگۆڕێ، مامۆستا هەژار دەڵێ: (سوڵتان سەلیم گوتویەتی، مێش کێشەیان دەناو کەوێ پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ. دەیزانی کەوڵی خەون و کیسە لیرەی هەڵمساو، مامۆستا مەلا ئیدریسی بۆ تاو دەکات و لێی دەپاڕێتەوە کە، ترکێك بکە بە میری میرانی کوردستان. ئەوسا کوردەکان قزڵباشانت بۆ لە کوردستان دەردەکەن، ڕەنگە مەلا لەو کاتەدا کە فلوریەکانی خستبێتە ناو گیرفانی کەوڵە خەزەکەوە فەرموبێتی (بەریکی من شیرین باربێ بابەشی کورد ژەهری مار بێ)[3] .. ئەمانە هەموو قسەی مامۆستا هەژارە نەك شەرەفنامە، لە شەرەفنامە فارسی و عەرەبیەکەدا ئەم قسانە نیە، کەسێك بیەوێت نیازی خۆی تێکەڵ بە تەرجەمەکانی بکات خیانەت دەکات، نەخوازەلا کە هەژار هاتوە قورئانی تەرجەمە و تفسیر کردوە، هەژار هەق بوو شیعر بڵێ یان چێشتی مجەوەر بنوسێت، نەك کاری تەفسیر و مێژوو بکات .

ئەو حەکیم ئیدریسەی کە هەموو کوردێکی هاوچەرخی بە پیاوێکی پایەبەرزیان زانیوە، (هەژار) دەنوسێ: (ئەگەر بە شیری کۆیلەیی پەروەردە نەکرابا و هەروا تۆزکالێك دەماری کوردایەتی تێدابا. کوردەکانی تێدەگەیاند کە ئێوە عەجەم لە کوردستاندا دەردەکەن مەبنە نۆکەرو نان خۆری عوسمانی و وەرن خاوەنی نیشتمانی خۆمان بین. ئەگەر خان بۆ خان و بەگ بۆ بەگ سەرناچەمێنێ، بامن کەیخودا و ڕیش سپیتان بم و بەکارتان ڕابگەم و مامۆستایەکی بەناو بانگی کوردستان، لە دەرکەوانێکی تورك و بێگانە باشترە. بەڵام وای نەکردووە تا بزانین دەیانکرد؟ یان هەرگیز نەیان لە ترکی دەرکەوان

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل169ـ 170.

[2] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (145). بەرواری (تشرینی دووەم 2000)، ل24، محمد جمیل ڕۆژبەیانی (پێشەکی مەولانا ئیدریس بدلیسی).

[3] شەرەفنامە، پێشەکی مامۆستا هەژار، ل37.

دەگرت).[1] پێم سەیرە هەژار ئاوای بۆ کوردی ئەو کاتە پێواوەو، لەو جۆرەشی بە حەکیم ئیدریس کردووە، کە بە مەرجێ خۆی ئەوەندەی مەلا ئیدریس کورد و سەرەك کوردەکانی ناسیوە، زەکاتەکەشی داوە.. !! کوردستان هەموو دابەش بووە بەسەر میرەکاندا و هیچ کەس بستێکی لیٚزیاد نەبووە، گەر داوای میری میرانی بکردایە ئەو میرانە لیٚیان دەکردە هەڵا و دەیانگوت کە کار بۆ خۆی دەکات، ئیمەش ئەمرۆ دەمانگوت دیارە کەپیاوی عوسمانی بوە, بەلاّم چاکی کرد کەنەیکرد، یان وەکو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: (مەولانا ئیدریس خۆشی لەبەر ئەوەی کە نەڵێن هەوڵەکەی بۆ ئەوە بوە دەسەلاّت بگرێتە دەست، هەرگیز باسی دەسەلاّتی بۆ خۆی نەکردووە..)،[2] گەر کورد یەکی بگرتایە هەرگیز لە سەفەوی و زولقادرو مەمالیك بەهێزتر نەدەبوو، کەلە دوو ساڵدا سەلیم هەرسێکیانی تێك شکاندو پایتەختەکەیانی گرت و لەناوی بردن، بۆ مانەوەی کورد هەر ئەم شێوازە چاك بوو، بەمەرجێ تاکتیکیانە بوایەو یەکیەتی خۆیان بپاراستایەو لەهەوڵی بەهیزکردن و ئاوەدان کردنەوە وچاکردنی ماڵی داڕوخاویاندا بونایە بۆ فرسەتێکی تر، بەلای منەوە چاکترین سیاسەتی ئەو کاتە بوە، ئەگەر ئایندەشیان لەبەرچاو بوایە.

مامۆستا ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: (گرنگترین پرسیار لەو ڕووەوە ئەوەیە، ئایا بۆچی ئەمیرەکانی کورد لەناو خۆیان ئەگەر بە شێوەیەکی دەوریش بووە، لەبەرئەوە ڕێك نەکەوتون، یەکێکی کارامە لە ناو هەموویاندا، وە یا بەنۆرە هەر جارەی یەکێکیان سەرکردایەتی هەمووو لایەکی بکردایە، لام وایە مەولانا ئیدریسی بەدلیسی ئەگە ئەو تواناو لێهاتوەی لە خۆیدا نەدیبێ، لام وایە ئەوەندە دەبەنگ و گەمژە نەبووە کە نەتوانێت میرەکانی کورد وەکو چۆن ڕازی کردن بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە. بە زمانە لوسەکەی دەیتوانی داوایان لیٚبکات بیر لە دواڕۆژێکی خۆیان و میللەتەکەیان بکەنەوە، هەوڵ بدەن دەزگایەکی تایبەتی دامەزرێنن بۆ ڕێکخستنی هەرکار و بارێك کە پەیوەندی بە هاوکاری کردنیانەوە بوویێت).[3]

هەروەها دەڵێت: (سەرچاوە شارەزاکان زۆر بە ووردی لەو ڕاستیە کۆڵیونەتەوەو چونەتە بنج و بناوانی، هۆی ئەو نەخۆشیەی وەکو ژێر پەنجە لەدێر زەمانەوە لە کورد کاریگەر بووە و نەتوانراوە ئەو دەمارە بمرێنرێت، کەوای لە کورد کردووە کەسیان بە سەرکردایەتی کوردێکی تر قایل نەبێت و ئامادەبێت لە ژێر سایەی بێگانەیەکدا بێت، نەك لە ژێر دەسەلاّتی برایەکی کوردی خۆیدا و ئەگەر جار وبار هەل و دەرفەت بۆ سەرکردەیەکی لێهاتووی کورد ڕەخسابێت، زۆری پیٚنەچووە گەرای میکرۆبی ڕق و کین و خۆ بەزل زانی کارێکی وای کردووە لە ناسك ترین کاتی مێژوویدا بە هۆی خۆ فرۆش و خیانەتەوە ئەو هەل و دەرفەتەش لە کیس چووە، وەکو لە ئەنجامی هەموو شۆڕشەکانی کورددا ئەم ڕاستیەمان بۆ ئاشکرابووە).[4] ئەم قسانە هەموو ڕاستن، لەهەمان کاتدا بە قسەکانی شەرەف نامەدا دیارە کە مەولانا ئیدریس هەموو هەوڵێکی خۆی داوە یەکیان بخات، بەلاّم وەك بە سوڵتان سەلیمی ووتوە: (.. بەلاّم هیچیان ئامادەنین سەر بۆ ئەوی تر دانەوێنن).

حەکیمەدین ئیدریس هەموو تاقیکردنەوەیەکی لەسەر میرەکوردەکان کردوە، بەلاّم دیارە ماندویوەو بڕوای وابوە لەو لایەنەوە هەرگیز ناگاتە ئەنجام، چاك وایە تاکار لەکار نەترازاوەو ماوە بەدەستەوە هەیە، ئەمەی کەکراوە دەستی پێوە بگیرێ بۆ دەرفەتێکی تر، ئێمە ئەمرۆ چەند نائومێدین لە ئەمرۆمان و پاشەڕۆژمان بەدەست سەکردایەتیمانەوە، کە بەمەرجی ئەمرۆ ئێمە دنیایەك لە ئەزمونی تاڵمان لە بەردەستدایەو ئازادترو مۆدێرنەترو دیموکراسیانەتر مامەڵە دەکەین و،

---

[1] شەرەفنامە، پێشەکی هەژار، ل 37.

[2] گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژمارە (145).

[3] کورد و باکوری کوردستان، لا198

[4] هەمان سەرچاوە، ل199.

خەریکە عەولەمە نرخ بۆ خاك و نەتەوەو کولتورو کەلەپورو زمانیش ناهێڵێتەوە، ئێستەش من لەو بڕوایەدام بەو هەموو زانیاریەی لەبەردەستدایە، لە کەمترین پاراستنی بەرژەوەندی تاکی و حیزبی و بنەماڵە پارێزیدا، گرنگ نیە ئەزمونەکە لەبەین بەرن، تاکی خۆیان بپارێزن و ملکەچ نەکەن بۆ خاڵێك کەزەرەری خۆیان و بەرژەوەندی گەلی تیابێت و، وەکو چەندین جار بینیمان هەر خۆیان تورکو فارسو عەرەبیان هێنایە سەرمان دژی برایەکی تریان.

مەولانا ئیدریس وەك نەیتوانیوە لای سەلیم خیانەت لە کورد بکات، نەشی وێراوە لە مەجلیسی میرە کوردەکاندا قسەیەك دژ بە عوسمانی و سەلیم بکات، کە دەیزانی هەر بۆ سبەینێ میرێکی چەپاوخۆر بۆ خۆنێزیککردنەوە لە سوڵتان، قسەکەی دەدا بەشانیداو ڕێی دوور دەگرێتە بەرو دەیگێڕێتەوە بۆ سەلیم، حەکیمەدین ئیدریس لەوە زاناترو بەسیاسەت تر بوە ناجۆرێك بدرکێنێ و هەوڵە پیرۆزەکەی بۆ نەتەوەکەی بەقسەیەك بە زایە بدات، ئەو ڕاستگۆبوە لەگەڵ میرەکوردەکان و لەگەڵ عوسمانیش، ئەو سیاسەتمەدارێکی لەگەلەگی و نزم نەبوە وەك سیاسیەکانی ئەمڕۆ، کەدەچنە تورکیا شتێك دەڵێن و، دێنەوە بەغداد شتێك و، بۆ کورد جۆرێ ترو، بۆ میدیاکان گاڵە گاڵێکی تر دەچنن، ئەمەریکاش قسەیەکی تری دەوێت، بەئاشکرا ئێمە لە کەناڵەکانەوە ئەم جیاوازی ڕاو وتن و دەربڕینە مەزاجیانە دەبینین.

ئەوە ماکە و هەوەو کوشندەیەو سامناکە، بەناخی کوردا چوەتە خوارەوە. لەلایەکی تریشەوە پێك هاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەوسای کورد لەسەر بەرژەوەندی خێڵەکی و دەرەبەگی و ئارەزوی میر دروست بووە، نەك لەسەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد، لەسەدایەکی کاری میرەکان ئەوەی تیا نەبوە کە ئیش بۆ کورد بکرێت، بەڵکو هەر لە سنورو دەسەڵاتی خۆیاندا بوون، زیاتر مانەوەی خۆیان لامەبەست بووەو سەروەری خێڵەکەیان، ئەگینا هەر هەموو میرەکان دەرەبەگێکی تەمام عەیار بوون و خەڵکی پاڵە و سەپان و پاسەوانی مولکی ئەوان بوون. وە حەکیم ئیدریس هەوڵی داوە چونکە لەناو نزیك دەسەڵاتەکانی ئاق قۆینلوی و سەفەوی عوسمانیدا ژیاوە، ویقاری خۆی ڕاگرتووە و نەدۆڕاوە، حەزی کردووە هەمان هەست لای میرە کوردەکان دروست بکات، کە کورد چەند قاتی بنەماڵەکانی ئاق قۆینلو (حەسەن ئوزون) و سەفەوی (شا ئیسماعیل) و عوسمانی (سەلیم بەگ) خاوەن خاك و میللەتی ئازان، بەڵکو قۆینلو وسەفەوی و عوسمانی خێڵێکی کۆچ کردو بون لەنزیك کوردەوە هەڵیان داو بونە حکومەت، وەلێ کورد خاوەن ماڵ و گەل و نەتەوە و دەسەلات بووە، بەڵام هیچی نەبوە لەسیاسەتداری و هونەری بەڕێوەبردن و خۆسازان، هەمیشە پیاوی میوانەکە بوە، پیاوی ئاق قۆینلو و سەفەوی و عوسمانی بووە.

مەولانا ئیدریس کە سیاسەتمەدارێکی کارامەو بەتوانابوە، میرەکانی قەرەقۆیۆنلۆو ئاققۆیۆنلۆ سودیان لە بیری تیژو زەینی کراوەی وەرگرتوە، دوای لە ناوچونی ئەوان و هاتنی شاسمایلی شیعە مەزهەب، ئەو وەکو زانایەکی سونە مەزهەب نەیتونیوە ئەو سوکایەتیە بەدینەکەی قبوڵ بکات، دەسەلات و ماڵی جێهێشتوە و هەڵهاتوە، سوڵتان سەلیم کەزانیویەتی کەسێکی بەتوانایە و سیاسیەکی بیر تیژە بانگی کردوە و کردویەتی بە ڕاوێژکاری سیاسی خۆی لە کارو باری کوردو ناوچەکەدا. مەولانا ئیدریس ویستویەتی بەسیاسەتێك کورد لەمە بگات، لەو سێ دەسەڵاتە دوربێ و خۆی بۆ خۆی بژی، بەڵکو وردە وردە فێری سیاسەت و حوکمداری ببن ویەزەینی کراوە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕوداوەکان بکەن و بەرژەوەندی دووری کورد لەبەرچاوبگرن، بەڵام مەخابن کەسیان سەریان بۆ ئەویتری نەوی نەکردووە و بەرژەوەندی گشتی کوردیان نەزانیوە وکوردایەتیان لە ناخدا نەبووە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی تێك نەچن ولەیەك نەبن، مەولانا ئیدریس کەسی تری بۆ هێناون تا کۆیان بکاتەوە و سەفەویان لێدور بخاتەوەو نەچن بە گژ یەکتردا.

### ژیاننامەی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی

ناوی مەولانا حەکیمەدین ئیدریس کوڕی مەولانا شێخ حوسامەدین عەلی بەدلیسیە. وشەی مەولانا و حەکیمە دین نازناوەو، هەندێ سەرچاوەش بە کەمالەدین ناوی دەبەن، نازناوی لە شیعرە تورکی و فارسی و عەرەبیەکان دا

(تەخەللوس)ە.[1] خوێندنی لە ئێران تەواوكردوە، بوەتە میرزاو جاریٚ كاتب و جاریٚ سكرتێری سولتان یەعقوبی كوڕی حەسەنە درێژ (حەسەن ئوزون) پاشای ئاق قۆیۆنلو. لەپاشان كرا بە وەزیر لەو حوكمەتەدا.[2] مێژووزانێكی پایە بەرزو سیاسەت مەدارێكی زیرەك بووە،[3] دیبلۆماتێكی كارامە بوو.[4]

باوكی مەولانا ئیدریس خەلیفەی (محمد نوربەخش)ی سیاهپۆش بوە، كە تەریقەی سۆفی نوربەخشی لە كوردستاندا بلاوكردوەتەوە، لەپاشان شاهرۆخی كوڕی تەیموری لەنگ بەتۆمەتی ئەوەی دەلێت من مەهدی مونتەزیرم ! ! سزای داوە.[5] دیارە پاگەندەی ئەو پاشایەی ڕەدكردوەتەوە، مەولانا حسامەدین موریدی شێخ عەماری كوڕی یاسری بەدلیسی بووە كە سەر بە ڕێبازی سوهرەوەردیەو زانای پیری بەرمالٚ بووە سالی 582ك –1186ز مردووە، ئەویش پیری شێخ نەجمەدین ئەحمەد كوڕی عومەر خەیونی سەر تەریقەی كوبرەوی بوە، شێخ عەمار موریدی شێخ نەجیبی عەبدولقادر سەهروردی بووە 490 – 567ك.

حسامەدین عەلی باوكی مەولانا ئیدریس لە تەریقەی نوربەخشیدا خەلیفە بووە —نور بەخش باپیری سەیدی بەرزنجەیە— شەرحێكی باشی لە (اصلاحاتی صوفیەی عبد الرزاق كاشانی) كرد، تەفسیرێكی بە دوو بەرگ هەیە بەناوی (اشارە منزل الكتاب). دەستنوسێكی لە كتێبخانەی سولتان سەلیم لە ئاستانە هەیە، شەرحێكی بە فارسی لەسەر (گولشەن ڕاز) هەیە.[6] محمد بایرقدار كتێبێكی لەسەر ژیانی ئیدریسی بدلیسی نوسیوە مامۆستا شوكور مستەفا كردوویە بە كوردی، مامۆستا ڕۆژ بەیانی دەلێت: محمد بایرقداری تورك زمان نەیوێراوە باسی ئەوە بكات كە حەكیمی ئیدریس بەچەندین مەرج هاوكاری لەگەلٚ سولتان سەلیم كردووە، پاشان سولتان سولەیمانی كوڕی و نەوەكانی پشتیان كردە مەرجەكان و دەسەلاتە كوردەكانیان پوچ كردەوە.[7]

محمد بایرقدار دەلێت: توركەكان مەولانا ئیدریسی كوردیان بە زۆرە ملیٚ بە ڕەگەز تورك، وە عەرەب بە بنەچە عەرەب، وە ئێرانیەكان بە ڕەچەلەك ئێرانی نێوبردوە، هەر لەبەر ئەوە كە بە توركی و فارسی و عەرەبی نوسیویەتی.[8] لەگەلٚ ئەو هەموو سەروەریەی بۆ كوردی تۆمار كردووە، هەندیٚ لە چەپ و نەتەوەپەرستە وشكەكان بە خیانەتكار ناوی دەبەن، دەلێن هەر دوو نەخشەی قۆناغی یەكەم و دووەمی جەنگی چالدێران، نەخشەی مەولانا ئیدریس بووە، كە فارس و ئێرانی تیا بە تەواوی شكێنرا، لەگەلٚ ئەو زەرەرەی بە فارس گەیی، كەچی فارسەكان هەر بە ئێرانی ناوی دەبەن دەلێن لە (خۆمانە).. ! !

وەك ڕۆژهەلاتناسەكان دەلێن: كورد هەر ڕەخنە لەسەروەران و ناودارانی خۆی دەگرێت، چی بە سەلاحەدین دەكرێت..؟ كاتێك كورد بەرگری باش لە سەلاحەددین ناكات، ئەوەتا عەرەب ناو بەناو بەهی خۆیانی دادەنێن و لە كۆنگرەكانیاندا باسی دەكەن.[9]

---

[1] ئیدریسی بەدلیسی، ل9–10

[2] شەرەفنامە، ل646.

[3] كوردستانو ستراتیژی دەولەتان، ل90.

[4] ئاغاو شێخو دەولەت، ل200.

[3] گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژمارە (145)، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

[6] شەرەفنامە، ل644ـ 645.

[7] گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژمارە 145.

[8] ئیدریسی بدلیس، ل10.

[9] لەم بەینەدا سالی 1999 كۆنگرەیەك بۆ صلاح الدین بەسترا لە تكریت، ئەو كەسایەتیە كوردەیان بە عەرەب لەقەلەمدا.

عەبدولقارد قەرەخان لە کتێبەکەیدا بەناوی (کتێب دانیارانی عوسمانی) مەولانا ئیدریسی لەناو تورکەکاندا داناوە[1]، دەبێ کەی ئێمەش بگەینە ئەو بیرەی بەرگری لەمەزنانمان بکەین، ڕەگەزپەرست و نەتەوە پەرستە وشکە بێ سودەکانمان بۆ ڕق و قینێك بە ئارەزوو ئەم و ئەو دەکوتن، مەزنانمان بەکەمزەین و خائین و دۆڕاو ناوزەد دەکەن، کورد زۆری ماوە لە کۆمەڵگەی کراوەو ئازادو ڕۆشنبیر نێزیك بێتەوە، تا ئێستەش ڕۆشنبیر و سیاسیەکانمان بەرتەسکانە و خۆپەرست و ماکیافیلیانە کاردەکەن، هیچ ڕوگەیەکی شارستانیانەیان لە هەڵسوکەوت و بڕیارو چالاکیدا دیارنیە. کاتی هاتوەو درەنگە بیرێك بکەینە و گرنگی بەو کوردە ناودارانە بدەین و کەسمان لێ زیاد نەبێت. ئەوەی تۆ لەبارنەی خۆتی دەردەکەیت، لە خۆمان و لە مێژومان کەم دەبێتەوە و خەزێنەی خەڵکانی تری پێ پڕدەبێت.

حسامەدینی باوکی لە خزمەت حەسەن ئوزون پاشای ئاق قۆیۆنلودا بوە، ئەو کاتە پایتەختی ئاق قۆیۆنلۆ ئامێد (دیاربەکر) بوو، پاشان کە پایتەختیان گواستەوە بۆ تەورێز، ماڵی حسامەدینیشیان لەگەڵ خۆیان برد، چونکە مامۆستای کوڕەکانی ئۆزون حەسەن بوە، ئەو کاتە ئیدریسی بەدلیسی منداڵ بووە، حسامەدین ساڵی 900 ك–1495ز لە تەورێز کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەنێژێ.

ساڵی 876ك لە تەورێز مەولانا جامی دیبو کە بۆ حەج ئامادوبوو.بەو حیسابانە، مەولانا ئیدریس ساڵی 1452ز لەدایك بووە لە شاری بدلیس[2]..

مەولانا ئیدریس لەخزمەت باوکیدا خوێندویەتی، باوکی کتێبخانەیەکی مەزنی هەبوە، زانستی حەدیس و سۆفیایەتی تەواو کردووە، فارسی و عەرەبی باش زانیوە، زانستە عەقڵی و نەقڵیەکان بەوردی فێر بووە، بەدەوروبەری بەدلیس و دیاربەکردا فەقێیەتی کردووە. چونکە بەهۆی زانستەکەیەوە لەبنەماڵەی دەسەلاَت دارانەوە نێزیك بوە و خاوەن ڕای خۆی بوە و کاریگەری هەبوە، لەبەر ئەوە وەزیفە و کاری ئەو بوەتە بیریارو سیاسەت و لە خزمەت دەوڵەتی ئاق قۆینلو و سەفەوی و عوسمانیدا کاری کردەوەو ژیاوە.

کە ئوزن حەسەن مرد، یعقوب بەگی کوڕی (1478ز) چووە جێی کە هاوڕێی ئیدریسی بەدلیسی بوو، بویە میرزای (واتە بویە مامۆستای یەعقوب) پاشایانی ئاق قۆینلو حەکیم ئیدریسیان بە (میرزا– پێگەیەنەری منداڵەکانیان –نوسەری پاشا – وەرگێڕ –پاشتر سکرتێری کۆشکی یەعقوب باشا دانا) کەپێشتر ئەم کارە لە ئەستۆی باوکی ئیدریس دابوو، کە باوکی پیر دەبێت خانە نشین دەکرێت، ئیدریسی کوڕی دەچێتە جێی، مەولانا ئیدریس هەتا مردنی یەعقوب پاشا 896ك–1491ز لەو پۆستەدا ماوەتەوە. سەرەتا مامۆستاو پاشان هاوڕێ و نزیکی یەعقوب بەگ بوە، لە کتێبەکەیدا (رسالە خزانیە) بە درێژی گەشتەکەی بۆ ئازربایجان لەگەڵ یەعقوب بەگدا باس دەکات، کە یەعقوب بەگ مردوە، سوڵتان ڕۆستەم دێتە جێی. پاشان ئەڵوەند بەگ چووەتە جێێ ئەویش. مەولانا ئیدریسی بەدلیسی لە خزمەتی ئەو پاشایانەدا کاری سیاسی کردوە و ڕێزی لێگیراوە بە میرزایەتی و سەرەك دیوانەوە خەریك بووە، ئیدریسی بەدلیسی تا دوا دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئاق قۆینلو کە ئەڵوەند بەگ ساڵی 1501لەبەردەم شا سمایل داشکا، هەر لە کۆشکی شاکانی ئاق قۆیۆنلودا ماوەتەوە، واتە نزیکەی 20 ساڵ مامۆستا و هاوڕێ و کاتبیان بوە، دەرسی منداڵی پاشاکانی داداوە و لەلەیی زاڕۆڵەکانی کردوون، فێری ڕێو ڕەسمی پاشایی کردوون، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێت کە خولجە سعدالدین، مەولانا ئیدریسی

---

[1] ئیدریسی بەدلیسی، ل10.

[2] هەمان سەرچاوە.

به (مامۆستای پیرۆز) ناوبردووه، قازی سەیفەدینی ساوجبلاغی و نەجمەدینی مەسعود و مەولانا شهیدی و قازی عیسا کە وەزیرو بریکاریان کردووه، لە قوتابیانی پێگەیوی دەستی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی بوون.[1]

لەو ماوەیەدا ئەوە بەدیار دەکەوێ کە ئیدریسی بەدلیسی و باوکی لەگەڵ ئەوەی مامۆستای منداڵانی پاشا و وەزیران بوون، متەرجمی پاشاکان و نوسەریان بوون، بەڵام هیچ خراپەیەکیان نەبووە و دوژمنایەتی دوژمنەکانی ئەو حکومەتەیان نەکردووە، هەر بۆیە کە ئاق قۆینلو دەروخێن، شا سمایل زۆر ڕێزی لێگرتوون و لە تەورێزدا ژیاوون و ماونەتەوە، هەتا ئەو کاتەی کە شاسمایل دژایەتی سونە و مەزهەبی سونی دەکات لەتەورێز، ئیتر مەولانا ئیدریس ناتوانێ بێلایەن بوەستێ و لەدەست ئەو کارانە بێدەنگ بێت، هەر بۆیە حکومەتی سەفەوی جێدێڵێ و دەچێتە زیارەتی حەجی ماڵی خوا.

مامۆستای ناودار و بەتوانا شوکور مستەفا لە مێژوونوس بایراقدارەوە وەریگێڕاوە دەڵێت: کاتێك شا ئیسماعیلی سەفەوی ساڵی 1501 دەوڵەتی ئاق قۆینلوی لەناو برد، هەموو وڵاتەکەی خستە ژێر دەستی خۆی، وە شا ئیسماعیل سەختگەرانە دەستی دایە شیعەگەری، مەولانا ئیدریس کەبۆی دەرکەوت هەڵناکات، یەك ڕاست لە تەورێزەوە هەر لەو ساڵەدا (907ك–1501ز) بەرێی مەککە و مەدینەدا بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ. سوڵتان بایەزیدی دووەی عوسمانی بە ڕێزگرتن و قەدرزانینێکی زۆرەوە پێشوازی لێکرد. سوڵتان بایەزیدی دووەم لەوەوە ئیدریسی بەدلیسی ناسیوە، کاتێك کۆمەڵێك سەرکەوتنی مەزنی بەسەر فەلە ئەورووپیەکاندا بەدەست هێناوە، یعقوب بەگی سوڵتانی ئاق قۆینلو نامەیەکی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنانەی بەمەولانا ئیدریسی کاتب پێنوسیوە، مەولانا ئیدریس پەسنێکی زۆر نایاب و تابی لە تاریفی تەرزی نوسینی بۆ نوسیوە، سوڵتان بایەزیدی دڵشادکردووە زانیویەتی ئەوە قەلەمی ئیدریسە، بۆیە بە هاتنی دڵ خۆش بووە کە کەسێکی وا دێتە پایەتەختەکەی.

سوڵتان بایەزید ئیدریسی لە نزیك خۆیەوە دامەزراند و موچەی شیاوی بۆ بڕیوەتەوە و خەڵاتێکی زۆری کردووە، ئەو کاتە سوڵتان کەڵکەکەی وقعەنوسی (مێژوونوس)ی عوسمانیانی وەسەر کەوتبوو ئەو کارەی لە مەولانا ئیدریس ڕادەبینی. سێ ساڵی خشت بەو کارەوە خەریك دەبێ، کتێبێکی بەناوی (هەشت بەهەشت) پێشکەشی سوڵتان دەکات.

ئیدریسی بەدلیسی تەواو دەبێتە نزیکان، سوڵتان بایەزید دەیکاتە (مۆردار)ی خۆی، وە لە بریتی سوڵتان فرمانی مۆر کردووە و هەر خۆی حیساب بووە.[2]

وەك خۆی باس دەکات لەبەرئەوەی نێوانی لەگەڵ هەندێك لەوانەی دەوروبەری شای عوسمانی جۆر نەبووە، نەیتوانیوە ئەوەندەی کە هەیە ڕێزی خۆی نەدراوەتێ، زۆر سەرچاوەکان باسی ناکۆکی ئەم و خادیم عەلی پاشای سەرەك وەزیران دەکەن، ترساون بە توانایی خۆی جێیان پێلێژبکات، هەر لەبەر ئەوانە داوای چونە حەج دەکات ساڵی 1511، بەڵام ڕێگە نادرێ . دوای مەرگی صەدری ئەعزەم (خادیم عەلی پاشا) لە تەموزی 1512 دا ڕێگەی حەجی دەدرێ و بە دەریادا دەچێتە حەج، مانگێکی خایاندووە لە قاهیرە لەگەڵ برازاکەیدا کە ئەمیری حاجیان بووە چونەتە مەککە. نزیکەی ساڵێك ماوەتەوە، نامەیەك بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنوسێ و دەڵێت کە ئارەزوی چونە ئەستەنبوڵی نەبوە، چونکە ئەوەندەی لێی وەشاوەتەوە ڕێزی نەگیراوە وەزیرەکان نەیان هێشتوە ڕێزی بگیرێ . ئەمەش هەڵوێستە بۆ کەسێك کە بیەوێ سروشتی ئەو کەسە بناسێ، گەر دەریاری بولیە بە هەموو شت ڕازی دەبوو. بدلیسی هەرلە مەککە بوو کە بایەزیدی دووەم ساڵی (1512ز) مرد و سوڵتان سەلیمی کوڕی چوە جێگەی. سەلیم داوای سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئیدریسی کرد بۆ ئەستەنبوڵ. خەرج و پول و بانگهێشتنی ڕەسمی بۆ دەنێرێ. ئەویش دوای ئەوەی کە زانایەکی زۆری قاهیرە و شام و حەڵەب دەناسێ،

---

1 هەمان سەرچاوە، لا 12– 13.

2 هەمان سەرچاوە، ل14.

دەگاتە ئەستەنبوڵ. سوڵتان سەلیم ڕێزی زۆری لێدەگرێ و دەیکاتە ڕاوێژکاری خۆی و خەریك بونی بە نوسینەوەی کتێب و چیرۆك.

لەم کاتەدا ئیدریسی بەدلیسی دەورێکی سیاسی بەکار دەگێڕێ لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ژیانێکی زانست و سیاسی تازەنەفەس و پرشنگدارتر وەخۆ دەبینێ.[1]

مەولانا ئیدریس زۆر بەگەرم و گوڕی لەو شەڕەدا بەشداری کرد کەلە نێوان عوسمانی و سەفەویدا قەوما لە 23ی ئابی 1514دا لە شیوی چاڵدێران..[2] کە شەڕەکە لە قەومان نێزیك بوویەوە، مەولانا ئیدریس بەداوای چەند میرێکی کورد کەوتە نێوانی عوسمانی و کوردەوە، هەتا لەو نێوانەدا نەفەوتێن و میرە کوردەکان سود لەو هەلە زێڕینە وەربگرن، هەرچەند ئەو سەرکردە کوردیە خێڵەکیانە لەو کاتەدا هەرگیز مەبەستیان کوردانە نەبووە، جگە مەبەستی تاکە کەسی و خێڵەکی و پلە و پایەی ناوداری و دەرەبەگی خۆیان.[3] لەوەوپێش سەفەوی هەرای بەکورد کردبوو، شا ئیسماعیل هەمیشە دەیویست کوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە چونکە ئەم خاکە گۆڕی جەنگی نێوان سەفەوی و عوسمانی بوو.[4] مەولانا ئیدریس دەیویست لەدەست شیعەگەری ڕزگاربن و مەزهەبە سونیەکەیان پارێزراوبێت و عوسمانیەکان بیان پارێزن، چونکە سەفەویەکان نیەتی قڕکردنی کوردە سونیەکانیان هێنابوو، سوڵتان سەلیم ئەو کارەی پێخۆش بوو، مەولانا ئیدریسی سەرپشك کرد کە چی باشە بۆ کورد و لەبەرژەوەندیانە، ئیدریس بڕیاری دەداو، سوڵتان سەلیم تەنها مۆر ئیمزای لەسەرە. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێك فرمانی سپی بە مۆرکراوی ئیمزاوە دایە کە خۆی بۆکێی بە شایستە دەزانێ پڕیبکاتەوە. لەو شەڕەدا کورد دەبیاتەوە و هەموو خاکی لە قزڵباشان پاك دەکرێتەوە. مەولانا ئیدریس لەگەڵ سوڵتاندا دەچێتە تەبرێز، لە مزگەوتی ئولۆ جامع ووتارێك دەخوێنێت، دڵخۆشی خەڵکەکە دەداتەوە کەلەسەر سونیەتی خۆیان بمێنن و یاریدەی عوسمانیەکان بدەن، ماوەیەکی چاك لە تەورێز دەمێنێتەوە، دەبێتە سەرکردەی هێزە عوسمانیەکان لە تەورێز. ئاسایش دادەمەزرێنێت. ئەنجا کە سوڵتان تەورێز بەجێ دەهێڵێت، ئەمیش دەچێتە کوردستان بۆ ڕێکخستنی کاروباری میرە کوردەکان، سوڵتان سەلیمیش بڕیار دەدات کێشەی کوردستانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ هەڵاتی باشوری تورکیا لە بنەڕەتدا چارەسەر و بنە بڕپکرێ. بەو جۆرە (25) میرنشینی کورد (بەدلیس و ئورمێ و عتیاق و ئامێدی و جزیرە و ئەگیل و هۆزان و گارزان و پالۆ و سعیرد و حەسەن کیف و میافارقین و جزیرەی ئیبن عومەر) بە ئاشتی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە دەبەسرێن و ڕێکەوتن لەگەڵ میرە کوردەکان تۆمار دەکەن، سوڵتان سەلیم لەبەرامبەر ئەم سەرکەوتنە گەورەدا ئیدریسی بە پاداشتی شایستە سەر بڵند دەکات و فەرمانێکی بۆ دەنێرێ و ناوچەی دیاربەکر و دەوروبەری لەسەر تاپۆ دەکات، هەروەها (قازی عەسکەری) کە پایەیی عەسکەری هەرە بڵندی دەوڵەتی عوسمانی پێ خەڵات دەکرێ لە (992–1516)دا فەرمان ڕەوایی هەموو کوردستان دەدرێت، نەك هەر ئەوە، پاشان فەرمان ڕەوایی ئورفە و موسڵ دەسەنێت و دەیخاتە سەر قەڵەم ڕەوی عوسمانی، حەسەن کیف دەدات بە خەلیل بەگ (مەلیك خەلیل). ئەنجا لەگەڵ سوڵتان دەچێت بۆسەفەرەکانی شام و میسر و لە شەڕەکانی (1516–1517) دا بەشدار دەبێت، بیروڕا و سەرنجی لەمەڕ ئەو وولاتانە بە سوڵتان سەلیم دەڵێت: بەتایبەت لەمەڕ میسر، سوڵتان زۆر سودی لە سەرنجەکانی داوە و تا ئێرە (20) ساڵ لە نزیك سوڵتانەکانی عوسمانیەوە دەبێت.[5]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل15.

[2] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (1857)، 1999/5/11، هەوڵی جیابونەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان.

[3] ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە(250)، 1999/8/13، کورد لەجەنگی چاڵدێرانەوە.

[4] مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد، ڕەشید باسەمی، ل109.

[5] ئیدریس بدلیسی، ل24.

پاشان لە ئەستەمبوڵ خۆی بەکاری نوسین و زانستەوە خەریك دەکات، هەتا لە زی الحجە 926ك ماوەیەك دوای مردنی سوڵتان سەلیم لەتەمەنی شەستساڵیدا دەمرێت. لە نزیك مەرقەدی ئەبو ئەیوبی ئەنصاری لە جێیەك کەبە (کۆشکی ئیدریس) ناسراوەو سەر (چەشمە) شی پێدەڵێن لە مزگەوتێکدا کە زەینەب خاتونی خێزانی بە وەقف گڵگۆ دەکرێت دەنێژرێت .

مەولانا ئیدریس کەسێکی زمان پاراوو ڕەوشت بەرز و قسە خۆش و بەدین بووە، کەسێکی یاسایی بوە، زەینەب خاتون خێزانی بووە. یەك منداڵی هەبووە بە ناوی (ئەبو فەزڵ مەولانا محمد ئەفەندی) کە سیاسەت مەدار و زانست ویست بوە. نازناوی (چەلەبی) بووە، عەرەبی و فارسی و تورکی چاك زانیوە. لە 26–2–1579 لە ئەستەنبوڵ مردووە، لە حەوشەی مزگەوتی دەفتەردار لە تۆپخانە نێژراوە. لە ساڵی 912ك دابووە بە زانستمەنی موئەید زادە، لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا بووە بە ئەندامێتی دیوان، لە مانسیا مامۆستایەتی کردوە، پاشان کراوە بە قازی تەرابلوسی شام. ساڵی 949ك لە ئەستەنبوڵ کراوە بە دەفتەرداری ڕۆمەڵی، تا دواساڵی ژیانی لەو کارەدا ماوەتەوە. وەك باوکی خاوەنی کتێبی زۆرە. شیعری بە تورکی و فارسی و عەرەبی نوسیوە، نازناوی شاعیری (فەزڵی)یە. زیاتر بە چیرۆك نوس ناودارە ئەم کتێبانەی هەیە :

1– پاشکۆی هەشت بەهەشت, بەفارسیە، باسی سەلیمی یەکەمی کردووە و خستویە سەر کتێبەکەی باوکی .

2– سەلیم شاهنامە، بە هۆنراوە و پەخشان .

3– تواریخ ئالعوسمان، بەفارسی نوسراوە، نۆ بەرگە، باسی نۆ سوڵتانی عوسمانییە .

4– تأریخ ئالعوسمان، بە تورکی ناوی تری (تأریخ ابو الفزل)ە 12بەرگە، لە میسر ناوی (جریدە الاسار و خریدە الانصار) یان (خریتە الاخبار)هەر لەسەرەتای بوون هەتا سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی نوسیوە لە ئەیلول 1520

5ـــ وەرگێڕان (أخلاق محسنی)ی حسین واعز الکاشفی بە فارسی.

6ـــ مدارج الاعتقاد، وەرگێڕانی (مناهج العباد)ی کەلامییە .

7– خولاصە تأریخ وصاف وەرگێڕی تورکیە

8ـــ ترجمە ڤاهرە، وەرگێڕاوی تورکیە، پزیشکیە .

9ـــ المواهب العالیە، وەرگیراوە، لێکدانەوەی قورئانە .[1]

(شا ئیسماعیل ئاخوندی شیعەی دەناردە سنوری خاکی عوسمانی، بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەری، هەڵپەی ئەوەی دەکرد خەڵکی ئەو وڵاتە گولیە شیعەن و عەلەوین دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی گاڵ بدات، یاوز سەلیم ئەم دۆخەی لە تەرەبزونەوە بەبابی گەیاند و ئاگاداری کردبوو، کە بۆ خۆی چوە سەر تەختی سەڵتەنەت سوپای زۆری برد، ساڵی 1514 شا ئیسماعیلی لە شەڕی چاڵدێران بەزاند).[2]

کە شیعە وای کرد، کۆمەڵێکی زۆر زانای سونی مەزهەبی ئێران لە تەك بڕێ زانا و میری ئاق قۆیۆنلوان کۆچیان کردە وڵاتی عوسمانی لە خزمەت دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزران. ئەمەش بێگومان تێکەڵیەکی نەریتی مشت گەورەی لە ژیانی زانست و سیاسەتدا بووە، ئیدریسی بەدلیسیش یەك لە پیاوانی ئەم چینە زانایانەیە، کەواتە سیاسەتی عوسمانی لەسەرو بەندی ئیدریسی بەدلیسیدا بەهەموو ڕوکار و بەریانێکەوە سیاسەتێکی گەشەدار و زیندو و پێشکەوتوو بووە.[3]

[1] ئیدریسی بەدلیسی، ل 19- 22.

[2] ئیدریسی بەدلیسی، ل24.

[3] ئیدریس بدلیس، ل26.

کۆبونەوەی ئەو هەموو زانایە لە ئاستانە بناغەیەکی زانستی مەزنی بۆ عوسمانیەکان دروست کرد، زانایێکی زۆر پەیدابوون لە فەلسەفە و کەلام و تەسەوفداو بە سەدان کتێبی بەنرخیان نوسی، پاشان شیعر و ئەدەبیات ڕوی لەفراوانی کرد، چەند شاری مەزن بوونە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەری، سوڵتانەکانی عوسمانی خۆشیان شاعیر بوون. جگە لەوە مێژوو و چیرۆك باوێکی زۆری پەیداکرد، مۆسیقاو خۆش نوسی برەوێکی زۆری هەبوو، جگە کاری مۆسیقاری، چەندین کتێبیان لە مۆسیقادا نوسی. لە پزیشکی و دەرمان سازیدا دەستی باڵایان هەبوو، ئەوانە بناغە داڕێژی زانستی و ڕۆشنبیری ئیمپراتۆری عوسمانی بون. جگە لەو کتێبانەی سەرەوە کۆمەڵێك دەستنوسی تری بوە کە ئەمانە کتێبەکانی مەولانا ئیدریس بدلیسن[2]:

1- رساله خزانیه

2- رساله بهاریه (ربیع الابرار)

3- مناظر الصوم و الصید

4- هەشت بەهەشت

5- ترجمة و تفسیر الحدیث

6- ترجمة و نظم الحدیث

7- مرأة الجمال

8- حاشیة علی تفسیر البیضاوی

9- شرح اسرار الصوم من شرح اسرار العباد

10- رساله الابا عن مواقع الربا

11- الحق المبین فی شرح الحق الیقین

12- مرأه العشاق

13- مناقر عشق باعقل

14- ترجمه حیاه الحیوان

15- رساله فی النفس

16- قانون شاهنشاهی

17- سلیم نامه

18- قصائد و منشأت و مراسلات

19- مجموعه منشأت

20- المنشأت

21- شرح حاشیه تجرید

22- بەرپەرچدانەوەی ڕافزیان (شیعه)

23- الکنز الحق في بیان مقامات الصوف

24- تحفه درگاه عالی

25- شرح فصوص الحکم

---

[2] هەمان سەرچاوە، ل 41– 45.

26ـ شرح الخمزية

27ـ شرح منظومة طلشن

28ـ رسالة في اباحة الأغاني.[1]

ئەم کتێبانە بیست دانەی یەکەمیان ئێستە هەیە و لە مۆزەخانە و کتێبخانەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقادایە، بەڵام (9) دانەی دواییان سەر و شوێنی نییە و هەر ناویان دیارە.

عوسمانیەکان کردیانە (قازی عەسکەری عەرەب و عەجەم) واتە سێهەم قازی عەسکەری بوو لە دەوڵەتی عوسمانیداو پایتەختەکەی دیاربەکر بوو ساڵی 1516 . لە ساڵی 1518 بەهەوڵ و کۆششی خۆی کرایە دەفتەرداری (تەحریر)ی دیاربەکر، ناوچەکەی دامەزراند، زیرەکی و سیاسەتی لای سوڵتان سەلیم ڕێزدار بووە و نرخی خۆی داوەتێ، سوڵتان سەلیم سەرلەبەری هەموو سیاسەت و ڕاو بۆچونەکانی مەولانا ئیدریسی پەسەند کردووە لە کاروباری دەوڵەت دا و دەقا و دەق جێبەجێی کردووە، سوڵتان نەیدەویست هەموو کوردستان بخاتە دەست عوسمانیەکان و لە سەفەوی بسێنێتەوە، چونکە ناوچەکە دژوار بوو، بەڵام مەولانا ئیدریس بە زۆری سیاسەتی، قەناعەتی پێکرد و هەمووی لە سەفەوی سەندەوە، بەو جۆرە ماوەیەکی چاك لە ئاژاوە گێڕی سەفەویان کوردستانی پاراست، بە سوڵتانی ووتبو، ئەگەر هەموو کوردستان پاك نەکەینەوە، ئەوا دەستکەوتەکانی جەنگی چاڵدێران بە پوچ دەچێ و خوێنە ڕژاوەکە بەزایە دەچێ، ئەوسا جەنگەکە دەبێتە کارێکی بێمانا. کە سوڵتان ڕازی بوو، مەولانا ئیدریس توانایەکی لە ڕادەبەدەری خەرج کردو هەموو کوردستانی سەندەوە و یەکیەتی ئەنادۆڵ و کوردستانی دروست کرد، کە خەونی سوڵتان بوو بۆی نەدەکرا، مەولانا ئیدریس بۆی کرد، پاشان بۆ شام و میسر بردی و زۆر سڵ گوێی بۆ ڕادەهێشت و نەخشەکانی جێبەجێ دەکرد، سوڵتانی فێرکرد کە چۆن کاروباری ئەم وڵاتە تازانە بە دەوڵەتی عوسمانیەوە بگرسێنێ، دۆز و پەیڕەوی بۆ دانا .

مەولانا ئیدریس بەخیل نەبوو لە فکر بەخشیندا، بەنیەتی پاك بۆ خوا و دینی خوا تواناى بەخەرج دەدا، هەرچی بە باش بزانیایە، پێشکەشی دەکرد، ئەوانیش زۆر جوان و ئاسان و لەخۆ بوردانە گوێیان بۆ ڕادەهێڵا، دیارە حەکیم ئیدریس دوو سیفەتی مەزنی بووە. یەکەم بیری تیژبووە بیرۆکەی نوێی بۆ دەهات کەلە ئەنجامی هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکانەوە هەلی دەهێنجا. دووەم ئازا بوو لە ئیقدام کردن و نەترس بوو لە پێشکەش کردنی ڕاکانیدا، دیارە بروایەکی مەزنی بە خۆی بووە و دەنگێکی قەناعەت ئامێزی هەبووە لە تەرح کردن و ڕاکێشانی زەینەکان بەلای خۆیدا، ئەم پیاوە کەسەر بە ڕەچەڵەکی کورد بووەو ئەوهەموو زەین و مەعریفە و سیاسەتەی بووە، گەر لای پاشا و سوڵتانانی تربوایە لەناویان دەبرد، هەتا نەبادا ڕۆژێك ڕاپەڕێن بە گەلەکەی بکات و دۆخ بشێوێنێ. بەڵام دیارە سوڵتان سەلیم ژیر بووە توانیویەتی ئەو پەڕی سودی لێببینێ و ئازا بووە کە بەتەواوی مانا بڕوای پێی بووەو، سەرپشکی کردووە کەلە کوردستان چی دەکات بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی بیکات، وادیارە بەرائەت و پاکی دڵ و دەرونی حەکیمەدین ئیدریس هەموو بڕوایەکی بۆ دۆستەکانی دروست کردبێت، ئەوەتە میرێکی کورد کە ملکەچی خۆی بۆ شا سمایل دەردەبڕێ، لە میرەوە دەیکاتە خان، بەڵام لە کوردستانەوە بەسەر ئازربایجان و مازندران و فارس و خۆراسان و باکتریادا هەڵی دەدا و شاری هیراتی ئەفغانستانی پێدەبەخشێت کەتیایدا حاکم بێت، ئەگەر خۆشت دەوێت، بۆچی نەفی دەکەیت و لەناو گەلی خۆیدا دووری دەخەیتەوە؟ دیارە ترساوە و بڕوای پێی نەبووە، بەڵام سوڵتان سەلیمی سروشت سەربازی، حەکیم ئیدریسی بەتوانا دەکاتە سەرۆکی کوردستان و قازی عەسکەری دیاربەکر سوپا و جبەخانەی دەداتێ و نامەی سپی و فرمانی سپی مۆرکراوی بۆدەنێرێ کە

[1] ئیدریس بدلیس، ل46 ـ 61.

خۆی چۆن حەز دەکات، وا پڕی بکاتەوەو، کوردستان و میرەکان چی لیَدەکات با بەکەیفی خۆی بێت. بەڕاستی ئەم باسە ئەوە دەهێنیَ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکریَ و نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر وەربگیریَ. ! !

بایرقدار دەلێت: ئەگەر پایەی یەکەمی بینای دەوڵەتی عوسمانی سەلیم بێت، هی دووەم ئیدریس بووە.[1]

یەکەم وەزیفەی ڕەسمی مەولانا ئیدریس لەساڵی 1478ز دا ئەوە بوو کە بوە میرزا یان مامۆستای سولْتان یەعقوب لەتەوریَز، وە هەتا ساڵی 1501ز کە دەوڵەتی ئاق قۆینلو ڕوخا چەندی پۆست و کاری گرنگی تا ئاستی وەزیر وەرگرتوە، واتە لەسەردەمی سولْتان یەعقوب و سولْتان ڕۆستەم و سولْتان ئەلْوەندا دەسەلاّتی بووە. گەر کتێبەکانی مەلا ئیدریس هەموو بدۆزرێتەوە و بخوێندرێتەوە، کەسایەتی ئەو مەردە بەتەواوەتی وەدەر دەکەویَ، وە هەتا ئێستە هەموو دەست نوسەکانی کۆنەکراوەتەوە و لەسەریان نەگوتراوە، شەن و کەوو ڕانانی بۆ نەکراوە و نەنرخێنراون، هەرچەند هەوڵ زۆرە و زانراوە لە چ مۆزەخانەیەکدایە.

جۆراو جۆری کتێبەکانی لە بواری زانستە هەمە چەشنەکانی وەك پزیشکی و سیاسەت و فەلسەفەو تەفسیری قورئان و مۆسیقا و شتی تر، گەواهی ئەوە دەدەن کە کەسایەتیەکی زانستی مەزن بووە، خواجە سعدەدین دەلێت: (پیاویَ بوو خامەی زۆر وەستایانە دەکار دەبرد و ئەسپی خۆی بە ئارەزوو تاو دەدا).

جگە لە زانایی‌و سیاسەتمەداری، ئەمرۆ لەناو تورکان و فارسان و عەرەباندا زیاتر بە مێژوونوس ناسراوە، چونکە کتێبی مێژوویی زۆرە، بەلاّم لە هەمان کاتدا دەتوانن بلێین مێژوونوس نەبووە، بەو مانایەی کە بیروڕای تیۆری مێژوویی زۆر نویَی نەهێناوە، هەرچەند فارسەکان دەست پێکردنی مێژووی خۆیان لە حەکیم ئیدریسیەوە دەست پیَکردوە.. مەولانا ئیدریس چونکە ئەدیبێکی بەتوانا بووە، ئەدەبیاتی ئاخنیوەتە ناو مێژوو، تا ئەو کاتە مێژوو ساکار و پەتی دەنوسرا، بەلاّم بدلیسی مێژووی بەشێوازی خەست و ناسك و بەمانای نوسیوە، (هەشت بەهەشت) هەروەك لە ڕوی مێژوویەوە شاکارە، لەباری ئەدەبیشەوە پایەیەکی تایبەتی هەیە، ڕەنگە ئەو شێوازە تەڕە پاراوە ناسکە تورکیە ئەو دایهێنابێت، هەروەها لە گێڕانەوەی ڕوداوە مێژوویەکاندا، هاوپەیوەندانە نوسیویەتی، نەك هەر گێڕانەوەی ڕوت کە ئەوسا باوبوە، بڕوایبەوە ئەستور بووە کە ئەو ڕوداوانە، لەگەڵ یەك هاوپەیوەندن، بەتایبەت کەلە (هەشت بەهەشت) و (سەلیم نامە)کەیدا بە ڕونی دیارە .

محمد شوکری دەلێت: (هەشت بەهەشت) هەتا بلێی بە دڵ و داوو بە پەرۆش نوسیویەتی، لە تەرزێکی سالْنامەی ڕێك و پێکدا نوسراوە . بەم پێیە یەکەم ڕوداونوس و یەکەم مێژوونوسێکە، کە نوسینی مێژووی عوسمانی بەڕەسمی دەست خۆ خستوە.[2]

مەولانا ئیدریس شیعری زۆری هەیە، شیعری مەشقدادەر و فێرەکیانە و ڕیالیزمی، پترمۆنتیف و بزوێنی مێژوو ئاینانەی جۆراو جۆرن، کێش و عەرەوزی هەمەڕەنگەی بەکار بردووە، شاعیرێکی گەورەی ئەو تۆن، کەلەناخەوە بەدەنگ هاتووە. لە هونەری خۆش نوسیدا لە چینی یەکەمدایە، زۆر بەدەست و بەها دارە، لە ئینشا و داڕشتن نوسیندا لەناو فارسدا وێنەی نەبینراوە، ئوستائێکی بەهرەدار بووە لەخۆش نوسیندا، فەیلەسوفێکی تەواو عەیارە، بەهەموو مانای ووشە فەیلەسوف بووە، خۆی بەلایەنی میتافیزیك خەریك کردووە، خزمەتی بۆچونەکان و هەوادارانی (ئیبن سینا)ی کردووە. خۆی بە سۆفی گەریەوە خەریك کردووە، ئەوەی لە بابیەوە بەمیرات بۆ جیَمابوو، کەسەر بەڕێبازی سوهرەوەردی بوو. هەوا خوازی (ئیبن

[1] هەمان سەرچاوە، ل 67.
[2] هەمان سەرچاوە، ل 69.

فارز) و (ئیبن عەرەبی) و (محمد شەبوستەری) بووە، حەزی لە باسەکانی وەحدەتولوجود بوە و کاری بۆ کردووە، یەکێك بووە لە مامۆستایانی ئەو بیرۆکەیە.

سەرگەرمی زانستە ئیسلامیەکان بوە، کتێبی زۆری لە زانستە هونەریەکاندا بووە، مەولانا ئیدریس کەسێکی تایبەت بووە، بیرو ڕای ڕاست و دروستی زۆرە لەمەڕ شتەکاندا. لە هونەر – مۆسیقا – گۆرانی – ئامێری حەڵاڵ و حەرام. بە زانایەکی وا ناوبراوە کە ئیجابیاتی زۆرە، تەنانەت باوکی هەندێك بیروڕای نوێی هەبوو، بەرهەمەکانی زیندوو بوون، پیاوێکی دەگمەن بووە، هەڵکەوتوی سەدەی پانزە بوو، کەسایەتیەکە چ بە کتێبەکانی و چ بە خزمەتەکانی، زۆری وەسەر خەرمانی سیاسەت و سیاسەتی تورك خستووە، ئەنسکلۆپیدیایەکی ناوازە بووە. کتێب و بیروباوەڕو سیاسەتەکانی هەڵدەگرن زۆری لەسەر بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئەوە لە کێشی کەس و دوو کەسدا نیە، دەبێت دەست نوسە پەراگەندەکانی کە لە کوچە و کۆڵانەکان و گۆشەو کەنارەکانی پەرتوکخانە و مۆزەخانە و دەست نوس خانەکانی جیهانی ئیسلامی و ئەوروپادا بڵاون، خڕ بکرێتەوە، کاریان لەسەر بکرێ، ئامادەی چاپ بکرێت، ئەمەش پشوی درێژو کاری زۆری گەرەکە، ئەوسا نهێنیەکانی ئەو پیاوە وەدەردەکەوێ.[1] مەولانا ئیدریس تەنها شیعری بەسەر سەلیم بەگ و بایەزیدی سوڵتانی عوسمانیدا دانەداوە، بەڵکو چەندەها شیعری بەسەر کوردستان و میرە کوردەکان و کاربەدەستە کوردەکاندا هەڵداوە، شیعر بوارێکی تری دەربڕینی ناخەکانی مەولانا ئیدریس بووە، دوو وەزیری کورد کەلە حکومەتی ئاق قۆینلودا خزمەتیان دەکرد، دوو کەسایەتی زۆرمەزن و بەتوانا بوون، ئەوەندە پیشەیان جوان بووە، مەولانا ئیدریسیان واڵێ کردوە دیوانیان لەسەر دابنێ، ئەو دوو وەزیرە لەسەردەمی سوڵتان یەعقوب بەگدا کاریان کردووە، دۆستی گیانی بەگیانی ئەوبوون، ناویان :

– قازی مەسیحەدین عیسا ساوەیی کوڕی خواجە شوکروڵڵا، کە سەرەك وەزیر و بەرپرسی کاروباری ئاینی و مەردێکی خاوەن هونەرو سایەدار بوو لای سوڵتان یەعقوب .

– شێخ نەجمەدین بیگ، وەکیلی بە نازناوی (مەسعود) بەناوبانگ بوو، خوشکەزای قازی عیسا بوو، شێخ و دەرس دادەری سوڵتان یەعقوب بوو، هەروەها ناوماڵی سوڵتان بوو[2]، واتە هەم مامۆستا و تەربیە دادەری سوڵتان، هەم سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵی سوڵتان بوو، کاروباری سوڵتان و ناوماڵی لەدەستی ئەم کوردەدا بوو.

ئەم کتێبە شیعرەی دواییان لەسەر ئەو دوو وەزیرە کوردە، بەم دواییە مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی دۆزیەوە لە کتێبخانەی (مختوتاتی عیراق لە بغداد)، پێشکەشی مامۆستا جەمیل ڕۆژ بەیانی کرد هەتا لە تورکیەوە وەریبگێڕێ بۆ کوردی[3]، ئەم کتێبە شیعریە ناوی لەناو کتێب و بەرهەمەکانی مەولانا ئیدریسدا نەهاتووە، دلخۆ چەندی تری وای هەبی و بەمروری زەمان بدۆزرێتەوەو، هەتا بێت لە شان و شەوکەتی ئەو کەسایەتیە کوردیە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرە مەزنە زیادبکات و ناوی هەمیشە بدرەوشێتەوەو مانگی بەختی لە زیادبووندابێت.

[1] هەمان سەرچاوە، ل69ـ 72.
[2] هەمان سەرچاوە، لا69–72.
[3] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (145)، ساڵی 2000، بغداد.

## سەرچاوەکان


1ـ قورئانی پیرۆز.

2ـ مسند إمام احمد، المكتب الإسلامي، بيروت، 1985.

3ـ طبقات إبن سعد، محمد بن سعد الزهري، بيروت، 1957.

4ـ التأريخ الطبري، محمد إبن جرير الطبري، دمشق، 1990.

5ـ الكامل في التأريخ، إبن أثير، دار إبن كثير، بيروت، 1983.

6ـ التأريخ الإسلامي، محمود شاكر، ج6، ط5، بيروت، 1991.

7ـ الدولة العثمانية، د. علي محمد الصلابي، دار المعرفة، بيروت، 2006.

8ـ السلوك لمعرفة دول الممالك، أحمد بن علي المقريزي، القاهيرة، 1956.

9ـ المغول، د. السيد الباز العريني، بيروت، 1986.

10ـ شەرەفنامە، شەرەفخانی بتلیسی، هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، 1970. نەجەف.

11ـ کورد و باکوری کوردستان، مامۆستا ڕەسوڵ هاوار، چاپی یەکەم 2000 راگەیاندنی خاك، سلێمانی.

12ـ کوردو کوردستان، محمد أمين زكی، (1ـ2ـ3) أنتشارات سيديان، مهابات.

13ـ شخصية ذی القرنين، ابو كلام أزاد، ترجمة الى الكردية ابراهيم عمر، 1967.

14ـ خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، محمد امين زكى، قاهرة 1961.

15ـ تأريخ عسمانی از تشكيلات دولت تا فتح استنبول، بروفيسور اسماعيل حقى ئوزون، تهران 1368 ك.

16ـ کوردستان و موکریان (ئەترو پاتین)، حسین حوزنی موکریانی، رواندوز 1938.

17ـ تأريخ ايران، د. فاروق عمر و د. مرتضى حسن نقيب، بغداد 1989..

18ـ اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث، ستيفن همسلى لونكريك، ترجمه جعفر خياط، بغداد.

19ـ تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ترجمة منير بعلبكى، بنية امين ط7، بيروت 1977.

20ـ السلطان عبدالحميد الثانى، اورخان محمد على، رومادى1987.

21ـ قصة الحضارة، ويل ديورانت، ترجمة الدكتور عبدالحميد يوسف، جامعة الدول العربية.

22ـ تأريخ الشعوب الاسلامية، كارل بروكلمان، ط7، بيروت 1977.

23ـ دراسة عامة عن ايران، محمد وصفى ابو مغلى، كتاب جامعة البصرة 1985.

24ـ تأريخ ايران زمين، د. محمد جواد مشكور، ايران، 2536 شاهنشاهى.

25ـ کتێبی دیاریەرکییە، ئەبوبەکر تارانی، وەرگێڕ بۆ کوردی سەلاحەدین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی – 2007.

26ـ تأريخ ايران، سير ثرسى سايكس، ترجمة سيد محمد تقى كيلانى، تهران 1343.

27ـ تأريخ ايران، أز ئاغاز تا انقراض قاجارية، مشير الدولة حسن پيرنيا، عباس اقبال، چاپی هەشتەم، پایز 1376 ایران.

28ـ تأريخ الدول و الامارات الكردية في العهد الاسلامى، ئەمین زەکی، مصر 1948.

29ـ التراث الكردى في المؤلفات الايطالية، ميريلۆجاليتى، ترجمة د. يونس حبى، 1985.

30ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە (6)، 1981 بغداد.

31ـ ئاغاو شێخ و دەوڵەت، مارتن ڤان برونسن، وەرگێڕ کوردۆ، 196، چاپی سێیەم 1999 سلێمانی.

32ـ ئیدریسی بەدلیسی، محمد بایرقدار، وەرگێڕ شوکور مستەفا، هەولێر 1999.
33ـ مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد، ڕەشید یاسەمی، لا109، 1969 سلێمانی.
34ـ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (145)، بەروار (تشرینی دووەم 2000)، لا24، محمد جمیل ڕۆژ بەیانی، (پێشەکی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی).
35ـ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (1857)، 1999/5/11، هەوڵی جیابونەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان.
36ـ ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (250)، 1999/8/13، کورد لەجەنگی چاڵدێرانەوە.
37ـ رۆژنامەی خەبات، ژمارە (948)، بەروار 1999/10/29، معرکة جالديران، محمد اسماعيل.
38ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (2686)، جەنگی چاڵدێران.

## ناوەڕۆك


پێشەکیی ........................................................ 3
سەربوردێکی خێرا بەڕەگەزی عوسمانیەکان و سەفەویەکان .......... 7
ڕەگەزی عوسمانیەکان .......................................... 7
تورك لە سەردەمی ئیسلامدا ................................... 11
دەوڵەتی سەلجوقی تورك ...................................... 13
هێرشی تورکە مەغۆلەکان بەرەو جیهانی ئیسلامی .................. 14
دەوڵەتی تورکی جەلائیری ..................................... 17
دەوڵەتی تورکمانی قەرەقۆیۆنلۆو ئاققۆیۆنلۆ........................ 18
پەیدابونی دەوڵەتی عوسمانی .................................. 20
سوڵتان سەلیم یاوز ............................................ 28
پەیدابوونی دەوڵەتی سـەفەوی .................................. 34
شیخ صەفادینی ئەردەبیلی ...................................... 38
شا ئیسماعیلی صەفەوی .......................................... 44
ڕەفتاری شا ئیسماعیل لەگەڵ میرنشینە کوردیەکان ................ 50
بۆچی میرنشینە کوردیەکان چونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی؟ ............... 66
ڕێکەوتنی میرە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی ....................... 84
ڕێکەوتنی میرە کوردەکان و عوسمانیەکان و
هەڵوێستیان لە جەنگی چاڵدێراندا ................................... 89
پاکردنەوەی کوردستان لە قزلباشان................................. 104
ڕێکەوتننامەی کورد و عوسمانی .................................. 107
دەقی نامەی سوڵتان سەلیم بۆ مەولانا ئیدریسی بەدلیسی .......... 111
هەڵسەنگاندنی کارەکانی مەولانا ئیدریسی
بەدلیسی لای مێژوونوسان! ...................................... 121
ژیاننامەی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی ............................. 135
سەرچاوەکان ................................................... 153
ناوەڕۆك.......................................................... 157

# بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

| زنجیره | ناوی كتێب | نووسەر |
| --- | --- | --- |
| 1 | بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| 2 | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر كەمال دەروێش |
| 3 | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| 4 | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| 5 | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| 6 | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم" | جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| 7 | ئازادیی رادەربرین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 8 | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەكەریم عەبدوڵلا |
| 9 | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| 10 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| 11 | مێژووی دێرینی كوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| 12 | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەرریس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| 13 | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیكرام كەریم |
| 14 | لە سەرگوزشتەكانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| 15 | پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان رامان و سەرنج و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | بیستو سیٚ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| 17 | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| 18 | ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| 19 | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن و: عوسمان عەلی قادر |
| 20 | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| 21 | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| 22 | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا و: شوان هەورامی |
| 23 | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| 24 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| 25 | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پارەزانی |
| 26 | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە | نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |
| 27 | زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |

| | | |
|---|---|---|
| 28 | هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |
| 29 | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 30 | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی:<br>حەمەکەریم عەبدوڵڵا |